
# رۆژنامە ٧

www.rozhnama.com

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.532 Thu 13/ 8/ 2009 | نرخ 500 دینار | 2009 /8 /13 ژمارە 532 پێنجشەممە

دژ بە هەموو دوالیزمێکی رەها

بەختیار عەلی

ل٧-١٠




# دەسەڵات بەردەوامە لە دەرکردن، نانبڕین، رێگرتنو بەندکردن دژ بە هاوڵاتییان

رۆژنامە

لەماوەی دوو مانگی رابردوودا سەدان کارمەندی حکومیی لەسەر بیرورای جیاوازو دەنگدانیان بۆ لیستی جیاواز لە دەسەڵات، لەسەر کارەکانیان دەرکراونو گواستراونەتەوەو نانیان بڕیوە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی هەزاران کادیری حیزبیی بە هەمان بیانوو دەرکراونو نێردراونەتەوە ماڵەکانیان.

بە وتەی پسپۆڕانی ئابووریی پێویستە حکومەت ژیانی تاکەکانی وڵاتەکەی دابینبکاتو بە وتەی مافناسان دەبێت حکومەت کەرامەتی مرۆڤ لە رووی سەلامەتیو ئاسایشو ئابوورییەوە بپارێزێتو رۆشنبیرانو رووناکبیرانیش ئەو کردەوەیەی دەسەڵات بە «بێزراوترین» مامەڵە لەگەڵ هاوڵاتییەکانی لەقەڵەمدەدەن.

## ١٥ ئەفسەری ئاسایش دەنێردرێنە ماڵەوە

فاخیر تەلانی

١٥ ئەفسەری بەڕێوەبەریتی ئاسایشی سلێمانی لەلایەن بەڕێوەبەری ئاسایشی شارەکەو بە تەلەفۆن دەنێردرێنە ماڵەوە، بە بیانووی ئەوەی دەنگیان بە لیستی گۆڕان داوە.

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە چەند ئەفسەرێکیان لە (٢٠٠٩/٨/٣) کە لێپرسراوی یاریدەدەریتیو بنکەکانی ئاسایش بوون، گوازرانەوە ناو بەڕێوەبەریتی ئاسایشی سلێمانیو دوای ئەوە لە (٢٠٠٩/٨/١١) بە تەلەفۆن نێردرانە ماڵەوە.

هەر بەپێی زانیارییەکان، بەشێکی زۆر لەم ئەفسەرانە پێشمەرگەی دێرینو پارتیزانی دوای ئەنفالو خاوەن شەهیدنو چەندین مەدالیای رێزلێنانیان پێ بەخشراوەو هەریەکەیان زیاتر لە (١٦) ساڵ خزمەتیان هەیە لە ناو دەزگاکانی ئاسایشدا.

سەرچاوەیەک لە ئاسایشی سلێمانی بە رۆژنامەی راگەیاند: ناردنە ماڵەوەی ئەم ئەفسەرانە بەهۆی ئەوەوەیە کە گومانیان لێدەکرێت دەنگیان بە لیستی گۆڕان دابێت.

## (٨) پۆلیس بەند دەکرێن

دلێر عەبدولخالق

بە بیانووی دەنگدانیان بە لیستی گۆڕان، (٨) پۆلیسی بەڕێوەبەریتی هاتوچۆی گەرمیان دەگوازرێنەوە بۆ هاتوچۆی خانەقین، دوای پەیوەستبوونیشیان بەو بڕیارەوە بەند دەکرێن. بەوتەی پۆلیسی هاتوچۆی خانەقینیش «ئەو کارمەندانە ئیلتیزامیان بە دەوامەوە نەکردووە، بۆیە بەند کراون».

(٨) پۆلیسی بەڕێوەبەریتی گەرمیان بەناوەکانی (حسێن عەباس، فازڵ عەباس، رەئوف عەبدولڕەحمان، بەکر سابیر، محەمەد خەلیل، ئەحمەد فازڵ، نیاز فەهاد، محەمەد یاسین) بە بڕیارێک دەگوزارێنەوە بۆ خانەقین، لەوێش بە بیانووی پەیوەست نەبوونیان بە ئەرکەکانەوە، بنکەی هاتوچۆی خانەقین بە نووسراوی ژمارە (١٨٦) لە (٢٠٠٩/٨/١٠) کە ئاراستەی پۆلیسی خانەقین کراوە، داوادەکەن بۆ ماوەی (٥) رۆژ ئەو پۆلیسانە بەند بکرێن.

حسێن عەباس یەکێکە لە کارمەندەکان بە نێردراوی رۆژنامەی راگەیاند: ئێمە لە هاتوچۆی کفری دەوامەمان دەکرد، دوای هەڵبژاردنەکان گومانیان لێکردین دەنگمان بە گۆڕان داوە، لەبەرئەوە گواسترایینەوە بۆ خانەقینو ئێمەش ئیلتیزامەمان بەو بڕیارەوە کرد. وتیشی: «رۆژی یەکشەممە پەیوەندیمان بە هاتوچۆی خانەقینەوە کرد، بەڵام دوای ئەوەی یەکێک لە هاورێکانمان دادەبەزێتە بازاڕ، دواتر بەرپرسەکەمان لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکاتو پێیوت لەبەرئەوەی بێ پرس رۆیشتوویتو سەرپێچیت کردووە بەندت دەکەم، ئێمەش زانیمان بیانوومان پێدەگرن، وتمان ئێمەش لەگەڵ ئەو بەند بکەن، بەو هۆیەوە هەموومان لە یەکشەممەوە بەند کراوینو دەڵێن: «فەسلیشتان دەکەین».

عەقید ناسر ئەحمەد، لێپرسراوی بنکەی پۆلیسی هاتوچۆی خانەقین، بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە خانەقین کێشەی کەمیی کارمەندمان هەیەو داوای چەند کارمەندێکمان کرد کە بنکەکەمان پێویستی پێیانە، هاتوچۆی گەرمیانیش ئەو (٨) کارمەندەیان بۆ گواستینەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئیلتیزامیان بە دەوامەوە نەکردووە، بەندم کردوون». هەروەها دەڵێت: «لەگەڵ کارمەندەکان دانیشتینو بڕیارماندا هاوکارییان بکەین، هەفتەیەک لێرە دەوام بکەنو هەفتەکەی دیکەش بگەڕێنەوە بۆ گەرمیان، بەڵام دواتر پۆلیسێکیان هاتو کردیە دەنگەدەنگو وتی پێمناکرێتو وازدەهێنم، منیش بڕیارمدا بۆماوەی (٣) رۆژ سجنی بکەن، دواتر (٧) پۆلیسەکەی دیکەش شوێنی واجباتی خۆیان جێهێشتو داوایانکرد لەگەڵ ئەو کەسە بەند بکرێن، لە عەسکەریشدا دەستەگەریی نییە، بۆیە بە نووسراو ئەو (٨) کارمەندە بەندکراونو دەشیاندەین بەدادگا».

## دامەزراندنی (٣٧٠) هاوڵاتی رادەگیرێت

ئارام نەجیم

لایەنی سیاسیی دەسەڵاتدار فەرمانی دامەزراندنی (٣٧٠) هاوڵاتی رادەگرێت، لەکاتێکدا لە رۆژی (٢٠٠٩/٧/٢٧) بە فەرمانی ژمارە (٩٢٢٠) بە ئیمزای وەزیری تەندروستی لە بەڕێوەبەریتی گشتیی تەندروستی شارەزوور، فەرمانی دەستبەکاربوونیان بۆ دەرچووە.

د.ئاکۆ سەعید، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی شارەزوور هەواڵی راگرتنی ناوەکانی پشتڕاستکردەوەو وتی: «ئەو ناوانەمان بە فەرمانی وەزیر راگەیاندووە تا هاوڵاتییان مامەڵەی بۆ بکەن، بەڵام پاش چەند تەلەفۆنێک لە سەرەوە پێیانراگەیاندین، کە ئەو ناوانە بۆ ماوەیەکی کاتیی رابگیرێن».

سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەریتی گشتیی تەندروستی شارەزوور بە رۆژنامەی راگەیاند: «پاش هاتنەوەی ناوەکان لایەنی حیزبی دەسەڵاتداری ناوچەی هەڵەبجە ناوەکانیان پێ باش نەبووەو سەرووی خۆیان ئاگادارکردووەتەوە کە ناوەکان رابگرن».

لەوبارەیەوە عیماد ئەحمەد، جێگری سەرۆکی حکومەت، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو ناوانە بە فەرمانی من دامەزراون، بەڵام ئێستا راگیراون بۆئەوەی هەندێکی زیادە خراوەتە سەریان پێداچوونەوەی پێدا بکرێت».

بەڵام بەپێی وتەی سەرچاوەیەکی رۆژنامە عیماد ئەحمەد ئەو ناوانەی راگرتووە، چونکە دەستێوەردانی حیزبیی لە بواری تەندروستی لە هەڵەبجەی شەهید هەبووە».

لە بەرامبەر لابردنی ئەو ناوانەدا د.زریان عوسمان، وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێم، بە رۆژنامە وتی: «بێ ئاگام لە لابردنی ئەو ناوانە».

د.زریان وتیشی: «ئێمە وەک وەزارەتی تەندروستی ناوی هیچ کەسێک لانابەین لەسەر بیروڕای جیاواز یان ئینتیمای بۆ هەر حیزبێک بێت، ئەگەر هەرکەسێک ناوەکەی لابرا با رێگەی یاسایی بگرێتەبەرو سکاڵا لە وەزارەتو ئەنجومەنی وەزیران تۆماربکات».

د.ئاکۆ سەعید، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی شارەزوور، وتی: «ئەو ناوانەی کە گەڕاوەتەوە لە کۆی (١٥٠٠) داوا بووە کە لە بەڕێوەبەرێتییەکەمان کراوەو ئەو ناوانەی کە هاتوونەتەوە پێویستمان بە پسپۆڕییەکانیان هەیە».




## چەند لیستێک داوای یاسایی تۆماردەکەن

فەلاح نەجم


هەریەکە لە لیستەکانی گۆڕان، چاکسازیو خزمەتگوزارییو چاکسازیو دیموکراتیو کەمال میراودەلی، داوای یاساییان دژی ئەو پێشێلکارییانە تۆمارکردووە، کە دەسەڵات لە هەڵبژاردنەکاندا ئەنجامیداون.

گۆڤەند بابان، یەکێک لە پارێزەرەکانی لیستی گۆڕان بە رۆژنامەی راگەیاند: «لەو داوا یاساییەدا کە (١٨) خاڵی لەخۆگرتووە، ئەو پێشێلکارییانەمان خستووەتە روو، کە لیستی دەسەڵات لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا ئەنجامیانداوە، کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانیش چاوپۆشی لێکردووەو داواکەمان ئاراستەی دەستەی دادوەریی هەڵبژاردنەکان لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان کردووە، چاوەڕوان دەکەین لە چەند رۆژی داهاتوودا وەڵاممان بدرێتەوەو بێدەنگ نابینو هەموو رێگەیەکی یاسایی دەگرینەبەر لەبەرامبەر ئەو پێشێلکارییانەدا».

هاوکات سەلاحەدین بابەکر، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی یەکگرتووی ئیسلامیی، بە رۆژنامەی راگەیاند: پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لەلایەن لیستی گۆڕانو چاکسازیو خزمەتگوزارییەوە، ئەوە ناگەیەنێت بێدەنگبین بەرامبەر ئەو پێشێلکارییانەی لە هەڵبژاردنەکاندا کراوە».

لەلایەکی دیکەوە کەمال میراودەلی، کە لە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمدا پلەی دووەمی بەدەستهێنا، داوای یاسایی لە دژی پێشێلکارییەکانی هەڵبژاردن لە کۆمسیۆن تۆمارکردووەو لەوبارەیەوە وتی: «داوا یاساییەکەم لە دژی هەریەک لە مەسعود بارزانیو فەرەج حەیدەری سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵایەو تیایدا گازندەم لە کەمیی رێژەی دەنگەکانمو لەو ساختەکارییانە کردووە، کە لە هەڵبژاردندا لەلایەن دەسەڵاتەوە ئەنجامدراوە».

ئەو داوا یاساییانەی کە لیستو قەوارەکان تۆماریانکردووە، دەچێتەوە بەردەست لیژنەیەکی دەستەی دادوەریی هەڵبژاردنەکان لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان، کە لە سێ دادوەر پێکهاتووە.




## ـــــەغدا قبووڵناکات

ئەدای نوێنەرانی کورد لە بەغدا لە ماوەی رابردوودا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تائێستا نوێنەرانی کورد لە بەغدا چاودێرینەکراونو رووبەڕووی لێپرسینەوە نەکراونەتەوە».

رۆشنبیرانو چاودێران بە پێویستی دەزانن «میکانیزمێکی نوێ» دابنرێت بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ بەغدا.

ئاسۆس هەردی، نووسەرو رووناکبیر، بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەرکی ئۆپۆزسیۆن ئەوەیە کە لەڕێگەی پەرلەمانەوە میکانیزمێک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بەغدا بدۆزێتەوەو جۆرێک لە شەفافیەت لەو پەیوەندییەدا هەبێتو پەرلەمان بتوانێت چاودێریی کارەکانی نوێنەرانی کورد لە بەغدا بکات، دەبێت چیتر هیچ کەسێک تاکە بڕیاردەر نەبێت لەو پەیوەندییانەداو پەیوەندییەکان لەسەر میزاجی شەخسیی نەبن، چونکە تائێستا هاوڵاتییانی کوردستانو پەرلەمانی کوردستان نازانن مامەڵەی کورد لەگەڵ بەغدا چۆنە، ئێمە نازانین نوێنەرەکانمان لە بەغدا خەریکی چین، لەلایەک سەرکردایەتی کوردو سەرۆکایەتی هەرێم بە مالیکی دەڵێن دوژمن، لەلایەک وەکو دۆست پێشوازی لێدەکەنو لە پەرلەمانی عێراقدا پشتیوانی لێدەکەن، بۆچی سەرکردایەتی کورد بەو شێوەیە مامەڵەدەکەن».

وتیشی: «پێویستە پەرلەمانی کوردستان لە ئەدای حکومەتی هەرێمو سەرۆکایەتی هەرێم بپرسێتەوەو فشار بخاتە سەریان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بەغدا، چونکە حکومەتی هەرێم نوێنەرانی کوردی داناوە».

**گومان لەوەدا نییە کە لاوازیی ئەدای نوێنەرانی کورد لە بەغدا لە ماوەی رابردوودا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تائێستا نوێنەرانی کورد لە بەغدا چاودێرینەکراون**

## ـــــۆن.....

نەکات کاراترو دەستکراوەتر دەبێت لەوەی لە حکومەتدا بەشداربێتو رەخنەش لە حکومەت بگرێت.

کوێستان محەمەد، دەڵێت: ئەوانەی دەربارەی ئۆپۆزسیۆن دەوترێن لەلایەن دەسەڵاتدارەکانی ئێستای کوردستانەوە، ترسو رقە لەوەی دەبنە چاودێر بەسەر کاروبارەکانیەوە، چیتر رێگەیان پێنادرێت کۆبوونەوەی پشت پەردە بکەن، بەناوی میللەتەوە بودجە بە ئارەزووی خۆیان دابەشبکەن، «کە ئەم بەربەستی ئۆپۆزسیۆنە لەبەردەم بە ر ژ ە و ە ند ییە کا نیا ند ا دروستبووە، هەرچییەکیان بۆ بکرێت دژی دەیکەن».

محەمەدی حاجی مەحمود، سکرتێری حیزبی سۆشیالست دیموکراتی کوردستان، دەڵێت: «لە کابینەکانی رابردووی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بۆیە بەشداربووین ئێمە قورساییەکی ئەوتۆمان نەبوو لە بەرامبەر پارتیو یەکێتیدا، تەنیا ئەوەندەمان دەتوانی رەخنە بگرین نەماندەتوانی بڕیار بدەین، بەڵام ئێستا هەر ئێمەنینو بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆن دروستبووە دەتوانێت لەسەر هەموو مەسەلە چا ر ە نو و سسا ز ە کا ن بڕیاربدات».

**ئەوانەی دەربارەی ئۆپۆزسیۆن دەوترێن لەلایەن دەسەڵاتدارەکانی ئێستای کوردستانەوە، ترسو رقە لەوەی دەبنە چاودێر بەسەر کاروبارەکانیەوە**

### ئۆپۆزسیۆن...

# سلبیو ئیجابیی... بەهێزو لاواز... کاراو ناکارا

هیوا جەمال

### ئۆپۆزسیۆن چییە؟

ئـاسـان نییە پێناسەی ئۆپۆزسیۆن یەکلاییبکرێتەوەو لەسەری رێکبکەوین یان ناسنامەیەکی دیاری بۆدابنێین، لەبەرئەوەی جیـاوازیی بـیـروبـۆچـوون زۆرە لەسەر وشـەی پۆپۆزسیۆنو ئـەرکو مافەکانیو چوارچێوەی ئیشکردنی، بەڵام لە سادەترین پێناسەیدا دەتوانرێت بەو هێزە بێلایەنە بـوتـرێـت، کـە لـەبـەرامـبـەر دەسەڵاتێکی دیاریکراودا دەوەستێتەوەو کەموکوڕییەکانی دەردەخاتو بەدیل بۆ دەسەڵاتەکە یان چۆنێتی ئیشوکارەکانی دیاریدەکات.

وەک لێکۆڵیارانو شیکەرەوە سیاسییەکان باسیانکردووە، ئۆپۆزسیۆن لە کایە جیاوازەکاندا بزاوتی هەیەو لقینی هێزە رەخنەگرەکانی بەدەستەو بەهەموو شێوەیەکو لەهەموو بوارەکاندا چاودێریی وردی دەسەڵات دەکاتو حکومەتی سێبەری بۆ دروستدەکات.

### کام دەسەڵات؟

ئـەوەی کە بـاوە، بوونی ئۆپۆزسیۆن بەستراوەتەوە بە بوونی دەسەڵاتێک یان حکومەتێکەوە، بۆیە ناکرێت بێ بوونی دەسەڵاتێکی دیموکراتی، ئۆپۆزسیۆن هەبێت، مەبەست لە دەسەڵاتی دیموکراتی ئەوەیە کە لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرابێت نەک دەسەڵاتێکی خۆسەپێن، چونکە دەسەڵاتێکی خۆسەپێن هەم رێگە بە ئۆپۆزسیۆن نادات هەم لەلایەن گەلەوە بە بێگەردیی هەڵنابژێردرێت، کەواتە بوونی ئۆپۆزسیۆن لە کاتی بوونی دەسەڵاتێکی دیموکراتیدا دەبێت.

ژمارەیەک لە وڵاتان بەهیچ شێوەیەک رێگە نادەن، بەتایبەت هەندێک لە وڵاتانی عەرەبی وەک وڵاتانی عەرەبستانی سعودی، لیبیا، ئیمارات، عەممان، قەتەر، سوریا.....

### حکومەتی سێبەر

بەو حکومەتە دەڵێن کە لە واقیعدا یان نەخشەی جێبەجێکردندا بوونی نییە، بەڵکو لـەلایـەن گـروپ یـان حـیـزبو رێکخراوە ئۆپۆزسیۆنەکانەوە دروستدەکرێت، کە لە حکومەتی واقیعیدا بەشدار نین، لەکاتی کەوتنی ئەو حکومەتەدا حکومەتی سێبەر ئامادەیەو لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە دەبێتە واقیع، لەکاتێکدا سەرۆکێک رایبسپێرێت، وەک لە ئەمریکا، کۆمارییەکان حکومەتی سێبەر لەکاتی دەسەڵاتی دیموکراتەکاندا دروستدەکەن، پارێزگاران لەکاتی دەسەڵاتی کرێکاران لە بەریتانیا دروستی دەکەن.

### کێ ئۆپۆزسیۆنە؟

ئۆپۆزسیۆن گروپێکی هەڵتۆقیو نین لەکاتێکی دیاریکراوداو بۆماوەیەکو دواتر دابمرکێنەوە، بەڵکو گروپێک یان حیزبێکی (یان چەند حیزبێکی) چەسپاونو بەردەوامییان لە ژیانی سیاسیدا هەیەو لە هەڵبژاردنی بێگەرددا بەشداریی دەکەن، بەڵام ناتوانن ئەو رێژەیە بەدەستبهێنن کە حکومەت پێکبهێنن، بۆیە لە دەرەوەی حکومەت دەمێننەوە.

دەسەڵاتی کوردی بـەردەوام گومان لای خەڵک دروستدەکات، ئەوەی هاوبەش نەبێت لە دەسەڵاتەکەیدا، ئەوا دەستی دەرەکی لەپشتەو لەلایەن وڵاتێک یان گروپێکەوە دەجوڵێنرێت، لەهەمانکاتدا ئەو دەسەڵاتە لەکاتی خۆپاڵاوتنی ئەو حیزبە یان ئەو قەوارانەدا هیچ رەخنەیەکی نییە، لەبەرئەوەی وا قەناعەتی بەخۆیو ئەندامەکانی کردووە کە دەنگ ناهێنن، بەڵام کاتێک بەخواستی ئەوانو تەمەنناکانی ئەوان نابێت ئیدی ئاراستەی رەخنەکانیان دەگۆڕێتو بەدەستی دەرەکی تۆمەتباریان دەکەن.

لـەمـاوەی دەسـەڵاتـی ئـەو دوو پارتەدا ناوبەناو و وەک دڵۆپەی بانێکی تۆکمە، هەندێک گروپو کەس نارەزاییان دەربڕیوە بەرامبەر حوکمڕانی هـەردوو حیزبەکە، بەڵام ئەمانە نەبوونەتە ئۆپۆزسیۆن.

ئەوەندەی ئەو گروپانە رەخنەگربوون، ئەوەندە نەتوانراوە لە چوارچێوەیەکی رێکخراودا ئاراستەبکرێنو ببنە ئۆپۆزسیۆنێکی کارا.

ئەو حیزبانەی کە لە کوردستاندا جاروبار رەخنەیان گرتووە وەک ئۆپۆزسیۆن خۆیان ناوزەدکردووە، نەیانتوانیوە ببنە ئۆپۆزسیۆن، چونکە بــەردەوام بەشداریی دەسەڵاتی یەکێتیو پارتییان کردووە، کە ئەوەش هۆکاری جیاجیاو پاساوی جیاجیای هەیە کە حیزبەکان باسیانکردووە.

دەســەڵاتــی کــوردی کــە بــەردەوام گروپە رەخنەگرەکانی بە دەستی دەرەکی ناوبردووە، ئەم بیروبۆچوونە هەیمەنەی خۆی پەیداکردووەو ئێستا ئەو گروپو حیزبانەی کە خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن ناودەبەن، کەوتوونە ژێر کاریگەریی ئەو گوتارەوەو باس لەوە دەکەن کە نابێت نەیار بیت، بەڵکو دەبێت ئۆپۆزسیۆنی ئیجابیی بێت، لەکاتێکدا نەیار یان دوژمن لە دەرەوەی وڵاتەو بەرامبەر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریی سەرهەڵدەدات، بەڵام ئۆپۆزسیۆن بەپێچەوانەوە.

### بیدعەیەکی دیکەی پارتیو یەکێتی

یەکێک لەو بیدعانەی کە دەسەڵاتی یەکێتیو پارتی لەماوەی حوکمڕانی خۆیاندا دایانهێناوە، بەکارهێنانی وشەی ئۆپۆزسیۆنی سلبیو ئیجابییە.

لە رێکەوتنەکەی ئەو دوو حیزبەدا، کە بۆ ماوەی (١٠) ساڵ بڕیاریانداوە لەهەموو کایەکانی هەڵبژاردندا بەیەکەوە بەشداریی بکەنو بە تەوافوق دەنگەکانو پۆستەکان دابەشبکەن، باسیان لە ئۆپۆزسیۆنی سلبیو ئیجابی کردووە.

بە بـۆچـوونـی چـاودێـرانـی سیاسی بەکارهێنانی ئەو رستەیە لە رێکەوتنەکەدا ئەوەندەی بۆ چەپۆکدان بەسەر ئەو هێزو گروپانەدایە کە خۆیان دروستی ناکەنو یان بە ئاوازی دەسەڵات (یەکێتیو پارتی) کارناکەن، ئەوەندە بۆ ئـەوە نییە کە ئۆپۆزسیۆن لە گێرەشێوێنو کودەتاچی جیابکەنەوە.

### سلبیو ئیجابیی، یان بەهێزو لاواز

لە فەرهەنگی سیاسیی هیچ دەسەڵاتو حکومەتێکدا ئۆپۆزسیۆنی سلبی یان ئیجابیی باسنەکراوە، بـەڵام وەک لە پێناسەکاندا دەرکەوتووە، ئۆپۆزسیۆن لەهەموو بوارەکاندا بوونی هەیە، بەڵام لاوازو بەهێز یان کاراییو ناکارایی سەنگەکەی دیاریدەکات.

چۆن دەسەڵات خزمەتگوزارو بێخزمەتی هەیەو کاراو ناکارای هەیە، ئاواش ئۆپۆزسیۆن کـاراو ناکارای هەیە، تەنیا لە فەرهەنگی یەکێتیو پارتی کە لەماوەی دوای راپەڕینەوە دەسەڵاتیان بەدەستەوە بـووە ژمارەیەک بیدعەی حکومڕانی پەیدابووە، کە لە هیچ سیستمێکی دیکەدا نەبووە.

بیدعەکانی وەک فیفتی بەفیفتی، دوو دەسەڵاتی جێبەجێکردنی یەک هەرێم، دوو وەزیری یەک وەزارەتو دوایەمین بیدعەش ئۆپۆزسیۆنی سلبیو ئیجابییە، کە وەک کاردانەوەیەک ئەو هێزە نوێیەی کە ئێستا وەک ئۆپۆزسیۆن خۆی پێناسەدەکات (دەسەڵاتی ئیجابیو سلبی) کردووەتە بیدعەیەکی نوێ، واتە بیدعەی بیدعەیەکی دیکەیە.

### یاسای ئۆپۆزسیۆن

یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی (١٩٩٢)ی حیزبە کوردستانییەکان کە هەمواری یەکەمی لەساڵی (١٩٩٧)و هەمواری دووەمی لەساڵی (٢٠٠٢)دا کراوە، چەندین مادەو برگەی لەخۆگرتووە، کە تایبەتە بەچۆنێتی دامەزراندنی حیزبەکانو مامەڵەکردنیان لەگەڵ پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا.

لە هەرێمی کوردستاندا کە تەنیا ئەم یاسایە هەیە باس لە جموجۆڵی سیاسیی بکاتو رێـگـەبـدات حیزب دروستبێتو چوارچێوەیەکیش بۆ ئۆپۆزسیۆن دابنێت، چەندین رەخنەی لەسەرەو بە بۆچوونی سیاسەتمەدارەکان پێویستە جارێکی دیکە هەمواربکرێتەوە.

جگە لەوەی لە ساڵی (٢٠٠٢) یاساکە بۆ جاری دووەم هەمواركراوەتەوە، بەڵام ئەو یاسایە هەر رەخنەی لەسەرەو بواری فراوانی بۆ کاری سیاسیی حیزبە کوردستانییەکان نەرەخساندووەو کۆمەڵێک مەرجی تێدایە کە رێگە لە کاری سیاسیی بەرفراوان دەگرێت، ئەمەش وایکردووە کە لە هەندێک بواردا رێگە لە پێکهێنانی ئۆپۆزسیۆنێکی کاراو بەهێز بگرێت.

بۆ نموونە لە لە برگەی یەک، مادەی (١٧)ی یاسای حیزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، لە هەمواری ساڵی (٢٠٠٢)دا هاتووە: دەشێت بە بڕیارێکی دادگایی کە لە دادگای پەیوەندیدارەوە دەرچووبێت حیزب هەڵبوەشێندرێتەوە بە دەعـوایـەک کە وەزارەتــی ناوخۆ لەسەری کردبێتییەوە لەسەر سەرپێچیکردنی حوکمێک لە حوکمەکانی ئەم یاسایە، دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر دامەزراندنی حیزبەکەدا بەبێ ئەوەی ئەو چالاکیانەی خۆی بخاتەکار کە دەقەکانیان لە پێڕەوی ناوخۆییدا هاتووە، بەبێ هۆکاری بەجێ لەوماوەیەدا لە چالاکی خۆی بکەوێت.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئەو دادگایە تاچەند بێلایەن دەبێت، ئەو وەزارەتە کە ناوی ناوخۆیە تاچەند وەزارەتێک دەبێت کە بە ئاراستەکانی حیزب کار ناکات؟

بۆیە لەم یاسایەوە بەشێک لە چاودێران بڕوایان وایە یان دەبێت ئەم یاسایە بەشێوازێکی دیکە هەمواربکرێتەوە، کە ئەمەش کارێکی دیکەی پەرلەمانی نوێ دەبێت، یان دەبێت یاسایەک تایبەت بە ئۆپۆزسیۆن دەربچێت.

**یەکێک لەو بیدعانەی کە دەسەڵاتی یەکێتیو پارتی لەماوەی حوکمڕانی خۆیاندا دایانهێناوە، بەکارهێنانی وشەی ئۆپۆزسیۆنی سلبیو ئیجابییە**

**دەسەڵاتی کوردی بەردەوام گومان لای خەڵک دروستدەکات، ئەوەی هاوبەش نەبێت لە دەسەڵاتەکەیدا، ئەوا دەستی دەرەکی لەپشتەو لەلایەن وڵاتێک یان گروپێکەوە دەجوڵێنرێت**




# ئۆپۆزسیۆن کەمتەرخەمی نوێنەرایەتیکردنی کورد لە بـ

هاوڕێ عەبدوڵڵا

لیستی گۆڕان کە خاوەنی (٢٥) کورسی پەرلەمانی کوردستانەو وەک هێزێکی ئۆپۆزسیۆن خۆی ناساندووە، لە بەرنامەو پرۆگرامی لیستەکەدا باس لە بەدینەهاتنی خواستە نەتەوەییەکانی گەلی کورد دەکات لە عێراقی نوێدا لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا، کە ئەوەش بەرپرسارێتییەکی گەورەی سەرکردایەتی سیاسی کوردە کە کەمتەرخەمانە مامەڵەی لەگەڵ ئەو خواستو مافانەدا کرد.

لە ماوەی چەند ساڵی رابردووی بەشداریی کورد لە حکومەتی عێراقدا، سەرەڕای بوونی بەشێک لە مافە نەتەوەییەکانی کورد لە دەستووری عێراقدا، بەڵام تائێستا سەرکردایەتی کورد نەیتوانیوە گوشار بە ئاراستەی چەسپاندنو جێبەجێکردنی ئەو مادە دەستوورییانەدا دروستبکات کە مافەکانی گەلی کوردستان دەسەلمێنن.

لیستی گۆڕان لە پەیامو بەرنامەکەیدا هاتووە «لەدوای رووخانی رژێمی بەعسەوە، سەرکردایەتی کوردستان بە هەموو قورسایی خۆیەوە لە بەغدا ئامادەیە، چەندین پۆستی سیادییو وەزاریی هەستیاری حکومەتی عێراقی فیدراڵی وەرگرتووە، کەچی کارنامەی نیشتمانیی کوردستان لە قەیرانی بەردەوامیدایە، هاوپەیمانی هێزە کوردستانییەکان لەگەڵ هێزە عێراقییەکاندا لە پاشەکشەو ئاڵۆزبووندایە».

لە دەستووری عێراقدا دان نراوە بە چەند مافێکی گەلی کورددا، لەوانە (مادەی (١٤٠) تایبەتە بە یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکان، مادەی (٤) کە تایبەتە بە ناسینی زمانی کوردی وەک زمانی پلەیەکی فەرمی لە عێراقدا، مادەی (٩) کە تایبەتە بە بەشدارییپێکردنی سەربازو پلەدارانی گەلی کوردستان لە هێزە چەکدارەکانو سوپای عێراقدا)، خستنەگەڕو کاراکردنی دادگای فیدراڵی باڵا، بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی خەڵکی عێراقو لە ناویشیاندا خەڵکی کوردستان، وەک لە مادەکانی (٨٩،٩٠،٩١)دا هاتووە، هەروەها دامەزراندنی نووسینگەکانی هەرێم لە باڵیۆزخانەکانی عێراقدا بەجۆرێک نوێنەرایەتی قەوارەی نیشتمانیی هەرێم بکەن، نەک حیزبە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان، وەک لە مادەی (١١٧)دا هاتووە.

هەروەها لە پەیامو بەرنامەی لیستی گۆڕان ئەوە خراوەتەڕوو کە «ئەم بێ بەرنامەییەی لایەنی کوردی لە ئەدای سیاسییو دیبلۆماتیو نیشتمانیدا هەر بە زیان بەسەر هێزە دەسەڵاتدارەکانی کوردستاندا نەشکاوەتەوە، بەڵکو زیانی بە کۆی دۆزی رەوای گەلی کوردستان گەیاندووە»، هەر وەک تێیدا هاتووە «پێویستە هەموومان بەشدارییبکەین لە سەرلەنوێ نۆژەنکردنەوەیدا، لەڕێگەی گۆڕینی ئەدای سیاسییو دیبلۆماتیو دامەزراندنی کەناڵی پەیوەندیی نوێوە لەنێوان هەرێمی کوردستانو بەغدا.

د.مەحمود عوسمان، ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێیوایە کە سەرکردایەتی سیاسیی کورد هەڵەو کەموکوڕیی لە بەغداو لە کوردستاندا هەبووە، بەڵام بوونی کورد لە بەغدا سنووردارەو ژمارەی بەرپرسارێتی کورد لە حکومەتو پەرلەمان کەمە، بۆ نموونە (٥٧) پەرلەمانتار بەرامبەر زیاتر لە (٢٠٠) پەرلەمانتاری نەتەوەکانی دیکە، «هەڵەو کەموکوڕییەکان ناکاتە ئەوەی کە بوترێت سەرکردایەتی کورد دەیتوانی هەموو شتێک بکاتو هیچی نەکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردایەتی کورد دەیتوانی کاری زیاتربکات».

هەڵبژاردنەکانی مانگی رابردووی هەرێمی کوردستان بووە سەرەتایەکی گرنگ لە ژیانی سیاسیی هەرێمداو بووەهۆی دەرکەوتنی هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی راستەقینە کە یەکێک لە ئەرکەکانی چاودێریکردنی نوێنەرایەتیکردنی کوردە لە بەغدا.

د.جەعفەر عەلی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان، بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەرکی ئۆپۆزسیۆن تەنیا لەوەدا کورتنابێتەوە کە بریتییە لە چاودێریکردنی کارەکانی حکومەتی هەرێم، بەڵکو ئەرکێکی دیکەی ئۆپۆزسیۆن بریتییە لە چاودێریکردنی کارەکانی نوێنەرانی کورد (ئەندامانی پەرلەمانی عێراقو وەزیرەکان) لە بەغداو جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی کە بە خەڵکی کوردستانیان داوە، چونکە ئێمە بەشێکین لە عێراقو بەشدارین لە حوکمڕانی عێراق، دەتوانین لەناو بەغداوە دەستکەوتی نیشتمانی گرنگ بەدەستبهێنین، بۆ نموونە مەسەلە ستراتیژییەکانی وەکو ناوچە دابڕاوەکان، بۆیە پێویستە نوێنەرانی کورد لە بەرامبەر لاوازیی ئەدایان لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، پێویستە پەرلەمانی کوردستان ئاگاداری هەموو مەسەلە نەتەوایەتییەکان بێت.

سەرەڕای بوونی (٥٧) پەرلەمانتاری کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو (٧) وەزیری کوردو چەند پۆستێکی باڵای دیکەی عێراق کە دراونەتە کورد، بەڵام تائێستا بەشێک لە خواستە نەتەوەییەکانی کورد دابیننەکراون، کە بەشێکی پەیوەندیی بە لاوازیی ئەدای نوێنەرانی کوردەوەیە لە بەغدا، ئەمە لەکاتێکدا تائێستا نوێنەرانی کورد چاودێرینەکراونو لێپرسینەوەیان لەگەڵدا نەکراوە.

هەروەک د.جەعفەر عەلی دەڵێت: «گومان لەوەدا نییە کە لاوازیی

> تائێستا سەرکردایەتی کورد نەیتوانیوە گوشار بە ئاراستەی چەسپاندنو جێبەجێکردنی ئەو مادە دەستوورییانەدا دروستبکات کە مافەکانی گەلی کوردستان دەسەلمێنن

> لە پەیامو بەرنامەی لیستی گۆڕان ئەوە خراوەتەڕوو کە «ئەم بێ بەرنامەییەی لایەنی کوردی لە ئەدای سیاسییو دیبلۆماتیو نیشتمانیدا هەر بە زیان بەسەر هێزە دەسەڵاتدارەکانی کوردستاندا نەشکاوەتەوە، بەڵکو زیانی بە کۆی دۆزی رەوای گەلی کوردستان گەیاندووە»

> سەرکردایەتی سیاسیی کورد هەڵەو کەموکوڕیی لە بەغداو لە کوردستاندا هەبووە، بەڵام بوونی کورد لە بەغدا سنووردارە

# یەک دەسەڵات..... یەک ئۆپۆزسیـ

فەلاح نەجم

دوای بەدەستهێنانی ژمارەیەکی زۆر کورسی لە پەرلەمانی کوردستاندا، بەرەی ئۆپۆزسیۆن بووەتە بەرەیەکی خاوەن جەماوەریی، بەشێک لە بڕیارە چارەنووسسازەکانی ئەم هەرێمە دەکەوێتە ژێر رکێفیانەوەو بەرپرسانی ئێستای دەسەڵات دەڵێن «ئۆپۆزسیۆنێکی ئیجابی قبوڵدەکەین»، بەڵام «هیچ هێزێک لە کوردستاندا نییە لە ڕێگەی توندوتیژییەوە بووبێتە ئۆپۆزسیۆنو بییەوێت دەسەڵات بگرێتە دەست، ئەوەی لەم هەرێمەدا هەیە بەشێوەیەکی دیموکراسی هاتووەتەکایەوە».

لە هەڵبژاردنی (٢٥)ی تەممووزی ئەمساڵ بۆ پەرلەمانی کوردستان، لیستی گۆڕان (٢٥) کورسیو لیستی چاکسازیو خزمەتگوزاریی (١٣) کورسییان بەدەستهێنا، ئەگەر ئەو لیستانەی یەک یان دوو کورسییان بەدەستهێناوە نەچنە حکومەتەوە ئەوا ئۆپۆزسیۆن دەبێتە خاوەنی (٤٤) کورسی پەرلەمان، ئەمەش کاریگەری بەرچاوی دەبێت لەسەر دەرهێنانی دەزگاکانی دەوڵەت لەژێر دەستی حیزب کە (١٨) ساڵە بەردەوام حیزب دەزگاکانی حوکمڕانی خستووەتە بەرژەوەندیی خۆیەوە، بەپێی وتەی کوێستان محەمەد، ئەندامی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان، «بەبێ رەزامەندی ئۆپۆزسیۆن، یەک بڕیار بە پەرلەماندا تێپەڕنابێت».

شوان محەمەد، سەرنووسەری رۆژنامەی ئاوێنە، لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە دەڵێت: «هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر بوترێت ئۆپۆزسیۆنی سلبی یان ئیجابی، چونکە لە دونیادا شتێک نییە بەو ناوەوە، هێزێک لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە کە دەیەوێت دەسەڵات بگرێتەدەست ناتوانێتو ناچار دەبێت لە دەرەوەی دەسەڵات بمێنێتەوە، دەبێتە چاودێری حکومەتو دامودەزگاکانی».

لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا زنجیرەیەک خۆپیشاندانو نارەزایی سەریهەڵدا، چەند کوژراو و بریندراری لێکەوتەوە، تەنیا لەساڵی (٢٠٠٨)دا نزیکەی (٤٤) خۆپیشاندانو نارەزایی بەرپابوو، بەهۆی خراپیی بارودۆخی ژیانی هەموو چینە جیاوازەکانی خەڵکەوە، کە چاودێرانی سیاسیی پێش هەڵبژاردنی (٢٥)ی تەممووزی ئەمساڵ پێشبینیی دروستبوونی ئەم ئۆپۆزسیۆنەی ئێستایان دەکرد.

شوان محەمەد دەڵێت: دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی ئێستای کوردستان بەهۆی ئەوەی کە هێزێک نەبووە ببێتە ئۆپۆزسیۆنیان، وادەزانن، ئەو ئۆپۆزسیۆنەی کە ئێستا هەیە وەک سەردەمە کۆنەکان دەستدەدەنە چەکو دەدەنە شاخەکان، ئەمە لە هەموو جیهاندا وانییەو تەنیا لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دێتەکایەوە».

سەرنووسەری رۆژنامەی ئاوێنە پێیوایە، «ئێستا کوردستان هەنگاوێک چووەتە پێشەوەو چووەتە قۆناغێکی نوێوە، دەبێت دەسەڵاتدارانی کوردستان بڕوا بەوە بێنن کە دەبێت لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەستاودەستی دەسەڵات بکەن».

هەرچەندە نزیکەی (١٨) ساڵە پارتیو یەکێتی پێکەوە حکومەتیان پێکهێناوەو ئەو حیزبانەی لە دەرەوەی ئەو دوو حیزبە بوون بەشدارییەکی رەمزییان پێکراوە، بەوەش ئەو توانایەیان لێ سەندونەتەوە کە بتوانن لە دەرەوەی حکومەت ببنە چاودێر بەسەر حکومەتەوە، لەلایەن پارتیو یەکێتییەوە بە حیزبە بچووکەکان دەوترا «بەهۆی ئەوەی لە حکومەتدا بەشدارن، بەشێکی گەندەڵییەکانی حکومەت بەر ئێوە دەکەوێت».

یوسف محەمەد، مامۆستای کۆلێژی زانستەرامیارییەکان لە زانکۆی سلێمانی، وتی: «لە سیستەمی دیموکراسیدا ئەو هێزانەی ناتوانن دەسەڵات بگرنەدەست لە دەرەوەی حکومەت دەمێننەوە، دەبنە پارێزەری مافەکانی خەڵکو بەردەوام بەدوای بەرنامەی جیاوازدا دەگەڕێن، بۆئەوەی سەرنجی خەڵک بەلای خۆیاندا راکێشن بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو».

بە بڕوای ئەو مامۆستایەی زانکۆی سلێمانی، کاتێک هێزێک لە هەڵبژاردنەوە خەڵک متمانەی پێدەبەخشێتو دێتەکایەوە، ببێتە ئۆپۆزسیۆنو لە حکومەتدا بەشداریی

> هیچ هێزێک لە کوردستاندا نییە لە ڕێگەی توندوتیژییەوە بووبێتە ئۆپۆزسیۆنو بییەوێت دەسەڵات بگرێتە دەست

> هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر بوترێت ئۆپۆزسیۆنی سلبی یان ئیجابی، چونکە لە دونیادا شتێک نییە بەو ناوەوە

> لە سیستەمی دیموکراسیدا ئەو هێزانەی ناتوانن دەسەڵات بگرنەدەست لە دەرەوەی حکومەت دەمێننەوە، دەبنە پارێزەری مافەکانی خەڵک

# ناوی (٤٠) فڕۆکەوانی تۆمەتباری کیمیابارانی هەڵەبجە ئاشکرادەکرێن

**ستارە عارف**

بڕیاربوو دوێنێ دانیشتنێکی تایبەت بە دادگاییکردنی بەرپرسانی دۆسیەی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بەڕێوەبچوایە، بەڵام دانیشتنەکە بەهۆی بوونی سکاڵای ڕاپەڕین لە هۆڵی دادگاوە دواخراو لەناو سکاڵاکەشدا ناوی کۆمەڵێک فڕۆکەوان هاتووە کە بە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە تۆمەتبارن، سەرۆکی تیمی پارێزەرانی داکۆکیکار لە کەیسی هەڵەبجەش پێیوایە، ئەو ناوانە (٤٠) ناون، بەڵام دڵنیا نییە، کە ناوی تاریق ڕەمەزانی تێدایە یان نا.

گۆران ئەدهەم، سەرۆکی تیمی پارێزەرانی داکۆکیکار لە کەیسی هەڵەبجە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەناو سکاڵاکاندا ناوی کۆمەڵێک فڕۆکەوان هەیە کە بە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە تۆمەتبارن و تائێستا ڕانەگەیەنراوە، بەڵام ئێمە کارمان لەسەر کردوون».

وتیشی: «فڕۆکەوانەکان هەموویان لە دەرەوەی عێراقن و ئەوانەن کە لە قاعیدەی حورییە لە کەرکوک و قاعیدەی موسڵ و قاعیدەی بەکر لە بەلەد بوون، لەو سێ شوێنە سەرەکییەوە کیمیابارانی شاری هەڵەبجە کراوە».

گۆران وتی: «ئێمە داوایەکمان پێشکەش بە دادگای عێراق کرد، کە زانیاریمان لەسەر فڕۆکەوانەکانی ئەو سێ قاعیدەیە و ئەوانی دیکە کە بەشدارییان لە کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا کردووە بدەنێ، ئێستا وەڵامەکەی لەلایەن سەرۆکایەتی هێزی ئاسمانی و وەزارەتی بەرگریی عێراقییەوە هاتووەتەوە و زانیاری باشی تێدایە، هەوڵدەدەین ئەوراقێکی دیکە بکەینەوە بۆیان و ڕێوشوێنی یاساییان لەگەڵدا بگیرێتەبەرو دیاریش نەکراوە هەر قاعیدەیەک چەند فڕۆکەوانی تێدابووە، بەڵام فڕۆکەوانەکان نزیکەی (٤٠) ناو دەبن و دادگاش لەهەوڵی ئەوەدایە زانیاریی زیاتر وەربگرێت».

گۆران پێی باشنەبوو لەوبارەیەوە زانیاری زیاتر بدات، لەبەرئەوەی ڕایگەیاند، ئیشی زیاتری لەسەر دەکەن و ترسی ڕاکردنی فڕۆکەوانەکان هەیە، بۆیە «بەئەوراقێکی جیاواز ئەگەر لە ناوەوە یان دەرەوەی عێراقدا بن، ڕێوشوێنیان لەگەڵدا دەگیرێتەبەرو فەرمانی گرتنیان دەردەکرێت و لەهەر شوێنێکدا بگیرێن دەبێت بهێنرێنەوە بۆ دادگا».

لەبارەی ناوی تاریق ڕەمەزان فڕۆکەوانی هەڵاتوو لەناو ئەو ژمارەیەدا وتی: «هیچ دڵنیانین لە بوونی ناوی ئەو، بەڵام داوامان لە سەرۆکی دادگای عێراق کردووە ناوی ئەو فڕۆکەوانانەمان بدەنێ و ئەمڕۆش بەهۆی تەواوبوونی دەوامی دادگاوە لیستی ناوەکانمان وەرنەگرت، لەداهاتوودا وەریدەگرین و چاودێریی دەکەین، لەبارەی تارق ڕەمەزانەوە هەموو ڕێوشوێنێکمان گرتووەتەبەرو فەرمانی گرتنی لە دادگا هەیەو گشتاندومانە بۆ کۆمەڵێک ڕێکخراوو خەڵک لە ئەوروپا بۆئەوەی لەهەر حاڵەتێکدا دەستگیر بکرێت و ڕادەستی ئێمەی بکەنەوە».

# لە هەڵەبجە کچێکی شانزەساڵ دەڕفێنرێت

**ئارام نەجیم**

کچێکی تەمەن شانزە ساڵ لە هەڵەبجە دەڕفێنرێت و تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە (ئێوارەی دوێنێ) نەدۆزراوەتەوە.

لە سەعات ٤ی ئێوارەی پێرێوە، کچێکی تەمەن ١٦ ساڵ بەناوی (ە.م.ح) لە ماڵ دەرچووەو دوای ٣٠ خولەک لە دەرچوونەکەی پەیوەندی بە کچێکی خزمییەوە کردووەو پێی وتووە «لەلایەن دوو ژن و پیاوێکەوە ڕفێندراوم بەرەو دەریاچەی سیروان و لەوێ دەمکوژن».

بەپێی بەدواداچوونەکانی ڕۆژنامە، تائێستا هیچ زانیارییەک لەبارەی ڕفاندنی کچەکەوە لەبەردەستا نییە، جگەلەوەی زانراوە زیاتر لە ٢٠ مسقاڵ ئاڵتوونی پێوەیە.

ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی شارەزوور بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: کەسوکارەکەی سەردانی ئاسایشیان کردووەو وتەیان لێوەرگیراوەو داوای یاساییان تۆمارکردووە، بەپێی مادەی ٤٢٢ لە یاسای سزادانی عێراقی، حاکم فەرمانی دەستگیرکردنی تۆمەتبارەکانی دەرکردووە.

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە زیاتر لە ٢٠ مسقاڵ ئاڵتوون بەکچەکەوەیە.

# وەزارەتی دارایی پێش هەڵبژاردن بڕیارێکی دەرکرد، ئێستا جێبەجێی ناکات

**سامان بەشارەتی**

لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا، وەزارەتی دارایی بڕیاریدا پێشینەی خانووبەرە بداتە زەوییە (١٠٠) مەترییەکان، بەڵام سەرۆکایەتی شارەوانیی هەولێر ڕۆژی (٧/٣٠) وەڵامی وەزارەتی دارایی دەداتەوە کە ناتوانێت ئەو بڕیارە جێبەجێ بکات.

وەک بەشێک لە بانگەشەی هەڵبژاردن وەزارەتی دارایی بە نووسراوی ژمارە (١٠٣٥٨/١٤/٩) بڕیاریدا پێشینەی خانووبەرە بداتە زەوییە (١٠٠) مەترییەکان کە پێشتر پێیان نەدەدرا، بەپێی نوسراوەکە «وەک هاوکارییەک بوو بۆ هاوڵاتییانی هەژارو بێدەرامەت»، بۆیە هەر لەکاتی دەرچوونی ئەو بڕیارەدا زۆرێک لە هاوڵاتییان دەستیانکرد بە مامەڵەکردن بۆ وەرگرتنی پێشینەی خانووبەرە، بەڵام دوای (١٧) ڕۆژ لە بەرواری (٧/٣٠) سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر، بە نووسراوی ژمارە (١٧٤٨٤) وەڵامی وەزارەتی دارایی دەداتەوە کە ئەوان ناتوانن مۆڵەت بە زەوی (١٠٠) مەتریی بدەن، چونکە شارەوانی تەنیا مۆڵەت بە زەوی (٢٠٠) مەتریی دەدات.

لە نووسراوەکەی سەرۆکایەتی شارەوانیدا داوا لە وەزارەتی دارایی دەکات کە بەو بڕیارەیدا بچێتەوە، چونکە ڕۆژانە خەڵکێکی زۆر سەردانی شارەوانییەکان دەکەن و داوای پێشینەی خانووبەرە دەکەن.

سەبارەت بەو نووسراوەی سەرۆکایەتی شارەوانی، پەیوەندیمان کرد بە صدقی سلێمان زراری، سەرۆکی شارەوانی هەولێر، بەڵام ئامادەنەبوو هیچ لێدوانێک لەوبارەیەوە بدات.




# چیتر ململانێکانی کوردو عەرەب ناشاردرێنەوە

**شاڵاو فەتاح**

دووبارە مەترسیی ململانێی نێوان کوردو عەرەب دەبێتەوە جێگای سەرنجی میدیای جیهانی، زۆرێک لە میدیاکان تەقینەوەکانی ئەم دواییە وەک بەهێزبوونەوەی گروپە تیرۆریستییەکان و مەترسیی دروستبوونی کێشەی نێوان کوردو عەرەب و ململانێی مەزهەبی لەقەڵەمدەدەن، ئەوەی هاوبەشە لەنێوان زۆرێک لە ڕاپۆرتەکاندا، بریتییە لە ئاماژەکردن بۆ خاڵێکی ڕاپۆرتی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی لەسەر کێشەکانی ناو عێراق کە دەڵێت، لە غیابی هێزەکانی ئەمریکادا شەڕ دروستدەبێت.

## پنتاگۆن نیگەرانە لە کێشەی کوردو عەرەب

ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز لە ڕاپۆرتێکدا دەربارەی هەڵکشانی ئاستی کێشەی نێوان کوردو عەرەب و هەڵوێستی واشنتۆن دەنووسێت، لەگەڵ هەبوونی گفتوگۆ لەنێوان سەرکردە کوردو عەرەبەکاندا، بەڵام واشنتۆن هێشتا نیگەرانە لە ئەگەری ڕوودانی ململانێ لەنێوان کوردو عەرەبدا، ئاماژە بۆ کێشەکانی نەوت و خاک و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی ناوەند دەکات وەک کێشەکانی نێوان هەردوولاو بە گەورەترین هۆی شکستی جێگیریی دۆخی ئاسایشی عێراق لەقەڵەمیاندەدات. جیۆف مۆرێڵ سکرتێری ڕۆژنامەوانی پنتاگۆن لە پرێس کۆنفرانسێکدا ڕایگەیاند، ئەوان زۆر هانی کۆبوونەوەی لە چەشنی ئەوەی مالیکی و بارزانی دەدەن، بەڵام هێشتا زۆر نیگەرانن لە ئاستی ململانێکانی نێوان عەرەب و کورد.

ژەنەراڵ ڕۆبەرت کاسلین، بەرپرسی هێزەکانی ئەمریکا لە باکووری عێراقیش کێشەی نێوان عەرەب و کورد بە «ترسناکترین کێشە» لەقەڵەمدەدات و پێیوایە ترسی ئەوە هەیە کێشەکان بگەنە ئاستێکی ململانێیەکی کوشندە.

لەلایەکی دیکەوە بەرپرسانی ئەمریکا پێیانوایە، «ئەلقاعیدە توانای خۆ بنیادنانەوەی لە باکووری عێراقدا هەیە» لەدوای زنجیرەیەک تەقینەوەو توندوتیژیی لە پارێزگاکانی باکوور، بەرپرسانی سەربازی ئەمریکا پێیانوایە، ئەلقاعیدە توانای ئەوەی هەیە سوود لە ململانێکانی نێوان نەتەوەو مەزهەبە جیاوازەکان وەرگرێت و خۆی بنیابکاتەوە. ڕۆبەرت کاسلین ئاماژە بە هەڵسانەوەی ئەلقاعیدە دەکات و دەڵێت «تەقینەوەکانی ئەم دواییە ئاماژەی بەهێزبوونی ئەلقاعیدەن» و دڵنیاش نەبوو لەتوانای هێزە ئەمنییەکانی عێراق لە کۆنترۆڵکردنی ئەو گروپەدا لە موسڵ. کاسلین وتیشی، هێرشەکانی ئەم دواییە ئەوەی دەرخست کە هێشتا گروپەکە توانای مانەوەی هەیەو ئەم گروپە جیرەش توانای وەگەڕخستنەوەی هێزی سەربازیی ماوە.



دواکۆبوونەوەی بارزانی و مالیکی — فۆتۆ: ڕۆیتەرز

## «حەدباو برایەتی هۆکاری ئەم توندوتیژییەن»

ڕۆژنامەی لۆس ئەنجلس تایمزی ئەمریکی لە ڕاپۆرتێکدا دەنووسێت، ترسی نوێکردنەوەی ململانێی نەتەوەیی لە تەقینەوەکانی عێراق دەکرێت. توندوتیژیی لە پارێزگای «موسڵ جێگەی زۆرترین گرنگیپێدانە، موسڵ قەڵای گروپی ئەلقاعیدەیەو دڵسۆزییان بۆ حیزبی بەعس هەیە» کە ئەمریکا بە هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی کێشەی نەتەوەیی و مەزهەبی تۆمەتباریان دەکات. بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکا لە عێراق کێشەکە بە گەورەترین کێشەی عێراق دەزانن و وەک ژەنەراڵ ڕای ئۆدیێرنۆ، بەرپرسی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق دەڵێت: گەورەترین کێشەیە بۆ ناجێگیریی. دواتر لۆس ئەنجلس تایمز بەدرێژیی باسی تەقینەوەکانی ئەم دواییەو ناجێگیریی بارودۆخی موسڵ دەکات و تەقینەوەکان بە «هەوڵی گروپە تیرۆریستییەکان بۆ دروستکردنی ململانێی ئەتنی و نەتەوەیی ناودەبات».

لەبارەی کێشەی نێوان لیستی برایەتی و حەدباوە لە موسڵ و ڕۆڵیان لە بەرزکردنەوەی ئاستی کێشەکاندا، حەنین قەدۆ، پەرلەمانتاری شەبەکی عێراقی دەڵێت «ئەوە ناکۆکییەکانی نێوان برایەتی و حەدبایە وا دەکەن گروپە تیرۆریستییەکان بتوانن تەقینەوەی وا بکەن».

## ڕاکێشانی هێزی دەرەکی بۆ ناو ململانێکان

ئاژانسی هەواڵی یو.پی.ئای لە ڕاپۆرتێکی هاوشێوەی ڕاپۆرتەکەی لۆس ئەنجلس تایمزو لەسەر زاری شیکاروانێکی سیاسییەوە دەڵێت، ململانێ هەرێمییەکان لەسەر شاری دەوڵەمەند بە نەوتی کەرکوک، هۆکاری ڕاکێشانی نەتەوە جیاوازەکانی عێراقن بۆ شەڕێکی نەتەوەیی. یو.پی.ئای دەنووسێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەند کێشەیان هەیە لەسەر ناوچە جێناکۆکەکان، ئەمەش لە دوایین گواستنەوەی هێزێکی عێراقییدا دەرکەوت کە هێزە ئەمریکییەکان بە زەحمەت توانیان بەر بە دروستبوونی شەڕی نێوان ئەو هێزەو پێشمەرگە بگرن، بەڵام لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاو زیادبوونی تەقینەوەکان، ئەم ململانێیە ئەگەری ڕوودانی هەیە.

ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێت کە عەرەبەکان کوردەکان بە دەسەڵاتخوازیی تۆمەتباردەکەن و کوردەکانیش سوپای عێراق بەوە تۆمەتبار دەکەن کە «هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ سوپاکەی سەدام حسێندا نییە». پاتریک کۆکبێرن، شیکاروانی بارودۆخی عێراقیش پێیوایە، دروستبوونی هەر ململانێیەک عێراق دابەشدەکاتە سەر دوو نەتەوەی جیاواز، ئەمە جگە لەوەی کە هەر لایەنێک «هاوپەیمانی دەرەکی» دەهێنێتە ناو عێراقەوە بۆ یارمەتیدان.

## سەردانەکەی مالیکی بۆ شاردنەوەی ململانێکان بوو

ڕۆژنامەی نیوزلاند هێراڵد دەنووسێت، مەترسیی پێکدادانی سەربازیی زۆرە، لەبەرئەوەی ناوچە جێناکۆکەکان ناوچەی تێکەڵو سەربازیین و مەترسیی دروستبوونی ململانێی سەربازییان لێدەکرێت، کوردو عەرەبی ئەم ناوچەیە زۆر بەگومانەوە دەڕواننە هەر جوڵەو بزاوتنێکی یەکدی. نیوزلاند هێراڵد سەردانەکەی مالیکیش تەنیا بە «شاردنەوەی ئەو ململانێیانە» ناوزەد دەکات. ئیدارەی واشنتۆنیش ئاگادارکراوەتەوە لە ڕوودانی توندوتیژیی لەنێوان عەرەب و کورد لەسەر ناوچە جێناکۆکەکان و مەترسیی دروستبوونی توندوتیژیی لە حاڵەتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکادا. نیوزلاند هێراڵد دەنووسێت: کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا کوردەکانی ترساندووە، چونکە تائێستا ئەمریکا هاوپەیمانی کوردەکان بووە، بەڵام بەکشانەوەی ئەمریکا باڵانسی هێز بە دژی بەرژەوەندیی کوردەکان دەشکێتەوە.

ژمارە (532) پێنجشەممە 2009/8/13
hewal.rozhnama@gmail.com
رۆژنامە

### دوای دەوامی ئاسایی‌و لەسەر داوای حیزب، بەڕێوەبەرێک دەردەکرێت

# دەرکردن لەسەر لیستی گۆڕان، مامۆستایانیشی گرتەوە

**شارا عەبدولڕەحمان**

بێ بوونی هیچ بەڵگەیەک‌و بەبیانووی کارکردن بۆ لیستی گۆڕان، بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی شاری سلێمانی، لە کارەکەی دووردەخرێتەوە.

بەپێی فەرمانی کارگێڕیی ژمارە (٢٦٨٧٢) پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی کە لە رۆژی(٢٠٠٩/٧/٢٧) دەرکراوە، مامۆستا محەمەد رەحیم بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەیوانی بنەڕەتیی لە شاری سلێمانی لە پۆستی بەڕێوەبەریی لابرا، ئەمەش لەسەر سکاڵای مامۆستایەکی قوتابخانەکەی بە بیانووی ئەوەی کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە رێگەی پێنەداوە لەناو قوتابخانەکەدا کاری حیزبی بکات.

محەمەد رەحیم، بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەیوانی بنەڕەتیی کە لەساڵی (١٩٩٤)ەوە بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیەیەو دوای ئەوەی ئاشکرادەبێت کە کاری بۆ سەرخستنی لیستی گۆڕان کردووە، لەلایەن بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانییەوەو لەژێر فشاری حیزبیدا لە کارەکەی دوردەخرێتەوە، هەروەک بۆ رۆژنامە وتی: «لەماوەی رابردووی کارکردنمدا ئەوەندەی پێمکرابێت درێغیم نەکردووەو بەردەوام لەهەوڵدا بووم بۆ خزمەتکردنی قوتابخانەکەم، بەڵام بەداخەوە بە بڕیارێکی بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی، لەسەر بیروڕای جیاواز بەهانەیەکیان بۆ دروستکردم‌و لەسەر سکاڵایەکی بێبنەما کە بەڕێوەبەری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی خۆی ناوەڕۆکی سکاڵاکەی نەخوێندووەتەوە لە(٧/٢٧) فەرمانی لەسەر کارلابردنم دەرکرا».

فەرمانی لەسەر کارلابردنی ئەو بەڕێوەبەرە، لەئێوارەی رۆژی (٧/٢٧)و دوای دەوامی ئاسایی پەروەردە دەرچووەو بەبێ ئەوەی لیژنەی لێکۆڵینەوەی بۆ دروستبکرێت‌و بەبێ ئاگاداری بەڕێوەبەرەکە خۆیشی فەرمانەکە دەرچووە، دواترو دوای ئەوەی کە بەڕێوەبەرەکە لە فەرمانەکە ئاگاداردەکرێتەوە، سکاڵا دەنووسێت‌و داوا دەکات لە رێی لیژنەوە بڕیاربدرێت، نەک هەروا بە هەڕەمەکی بڕیاری لەسەر کار لادانی بەڕێوەبەرێک جێبەجێبکرێت.

محەمەد رەحیم وتیشی «دوای سکاڵاکەم، لە بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەی مەڵبەندییەوە لیژنەیەک لە سێ سەرپەرشتیار دروستکرا کە سەرجەمیان سەر بەحیزبەکانی دەسەڵات بوون، لە رۆژی (٨/٥)دا هاتنە قوتابخانەکەو بەبێ هیچ ئیفادەیەک‌و هیچ شایەتێک کارەکانیان کۆتایی پێهێناو بڕیاریاندا کە فەرمانی لەسەرکارلادانم جێبەجێبکرێت».

هەرچەندە بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران نابێت هیچ فەرمانبەرو مامۆستایەک لە فەرمانگە یان قوتابخانەکەیدا کاری حیزبی ئەنجام بدات. هاوکات، هەر بەپێی پرۆژەکەی جەلال تاڵەبانی، سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش نابێت کاری حیزبی لەناو ناوەندەکانی خوێندن‌و زانکۆکاندا ئەنجامبدرێت، بەو هیوایەی کە حیزب‌و حکومەت لەیەکتر جیاببنەوە، بەڵام بەپێی فەرمانەکەی بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی، مامۆستا محەمەد لەسەر ئەوە لەسەر کار لابراوە کە رێگەی بە مامۆستایەکی قوتابخانەکەی نەداوە، لەقوتابخانەدا کۆڕو کۆبوونەوەی حیزبی بە مامۆستایان بکات.

بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەیوان لەو بارەیەوە وتی «لەکاتێکدا بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیرانم جێبەجێکردووە کە رێگەم نەداوە کاری حیزبی لەناو قوتابخانەکەمدا بکرێت، بەڵام لەبری ئەوەی ئەو مامۆستایەی کە هەوڵی ئەو کارەی داوە سزا بدرێت، من سزا دراوم کە جێبەجێکەری یاسام».

سەبارەت بەکێشەی لەسەر کار لادانی بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەیوانی بنەڕەتیی شاری سلێمانی د.دڵشاد عەبدولڕەحمان، وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێم بە رۆژنامەی راگەیاند: «دانان‌و لابردنی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەکاندایە نەک وەزارەت، ئەوەش کە لەگەڵ ئەو بەڕێوەبەرە کراوە ئیجرائاتی پەروەردەی سلێمانی خۆیەتی، بەڵام ئەگەر ئەو بەڕێوەبەرە سکاڵا بۆ وەزارەت بەرز بکاتەوە، ئەوا بەدواداچوونی بۆ دەکرێت».

هاوکات، کەمال نوری، بەڕێوەبەری پەوەردەی مەڵبەندی سلێمانی تەئکیدی لەسەر ئەوە کردەوە، کە دوای پێکهێنانی لیژنەکەو سەردانیکردنیان بۆ قوتابخانەکە، لیژنەکە داوایکردووە کە فەرمانەکە جێبەجێبکرێت، وتیشی «لەکاتی سەردانی لیژنەکەدا بۆ قوتابخانەکە، لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو مامۆستایەشدا کراوە کە سکاڵاکەی بەرزکردووەتەوەو ئەویش قسەی خۆی هەبووە».

بەڵام مامۆستا محەمەد بە هەموو شێوەیەک ئەوەی رەتکردەوە کە لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو مامۆستایەدا کرابێت‌و وتی «ئەگەر لێکۆڵینەوە بکرایە، ئەوا بێگومان دەبوایە ئەو مامۆستایە سزابدرایە، بەڵام من سزادراوم نەک ئەو، لەبەرئەوە ئەنجامەکەی روون‌و ئاشکرایە کە لەسەر چی لابراوم».

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەیەکی نزیک لەسەرپەرشتیارەکانەوە ئەوەی بۆ رۆژنامە ئاشکراکرد، کە ئەنجامی لیژنەکە زۆر سادەبووەو بەهیچ جۆرێک داوای جێبەجێکردنی فەرمانی لەسەر کار لادانی بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەیوانیان نەکردووە، بەڵام بەپێی بڕیارێکی حیزبی دەستکاری ئەنجامی لێکۆڵینەوەی لیژنەکە کراوەو فەرمانەکە جێبەجێکراوە.

رۆژی (٨/١١) نزیکەی (٦٠)مامۆستای قوتابخانەی سەیوانی بنەڕەتیی وەک ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر لەسەر کار لادانی بەڕێوەبەرەکەیان، خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی رێکخست‌و داوایانکرد، کە بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی چاو بەفەرمانەکەیدا بخشێنێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش یاداشتێکیان دایە کەمال نوری بەڕێوەبەری پەروەردەکە.

لەبەشێکی یاداشتەکەدا هاتووە: «بەپێی فەرمانی کارگێڕیی ژمارە (٢٦٨٧٢) کە لەبەرواری (٢٠٠٩/٧/٢٧)دا دەرچووە بەڕێوەبەرێتی قوتابخانەکەمان ئاگادارکراوەتەوە، مامۆستا (محەمەد رەحیم رەحمان)ی بەڕێوەبەر، لەسەر کاری بەڕێوبەری لادراوە بە تۆمەتی کاری سیاسی‌و حیزبایەتی لەناو قوتابخانەکەماندا، بە راستی ئەمە وەک شۆکێک بوو بەلای ئێمەوە، چونکە ئێمە وەک مامۆستایان گەواهی ئەوە دەدەین کە مامۆستای ناوبراو بەهیچ جۆرێک‌و هیچ کاتێک کاری سیاسی‌و حیزبایەتی لەناو قوتابخانەکەماندا نەکردووە، داوای لە هیچ مامۆستایەک نەکردووە کە پەیوەندی بکات بەو حیزبەی کە ئەو لەدەرەوەی قەتابخانەدا باوەڕی پێی هەبووە، ئەوەی گرنگە بەلای ئێمەوە لەناو قوتابخانەکەدا، نموونەی رەوشتبەرزیی‌و دەستپاکی‌و خاوەنی کەسایەتی بەرزەو کەسێکی زۆر شارەزاو کارامەو سەرکەوتووە لەکارەکەیدا کە جێی رێزو خۆشەویستی سەرجەم مامۆستایانە، نموونەش بۆ دەستپاکی لەبەرواری (٢٠٠٨/٧/٢٧)دا (٥)ملیۆن دیناری مووچە زیاد بووە بە ئەمانەتەوە گەڕاندوویەتییەوە بۆ بانکی رەشید».

لە یاداشتەکەدا کە ئیمزای (٥٧) مامۆستای قوتابخانەی سەیوانی بنەڕەتیی لەسەرە، ئاماژە بەوەدەکەن: «کە بەڕێوەبەرەکەیان، بەتوانایە لەبەڕێوەبردن‌و خاوەنهەڵوێست‌و خەمخۆری مامۆستایانە»، داوادەکەن چاو بە بڕیارەکەدا بخشێنرێتەوەو هەوڵ‌و ماندوبوون‌و تێکۆشانی مامۆستای ناوبراو نەکرێتە قوربانیی کێشەو ململانێی شەخسیی.




یەکێک لە خۆپیشاندانەکانی مامۆستایان فۆتۆ: ئەرشیف

# کورد بە لیستی جیاواز بەشداریی لە هەڵبژاردندا دەکات

**ئیبراهیم عەلی**

هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان‌و دەرکەوتنی هێزی کاریگەری نوێ لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی، دەبێتە هۆی دروستبوونی لیستی جیاوازی کورد بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق‌و شارەزایان‌و چاودێرانیش پێیانوایە، فرەیی لیستەکان کاریگەری لەسەر بەهێزکردنی پێگەی کورد دەبێت لەبەغدا.

لە هەڵبژاردنی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، لایەنە کوردستانییەکان (جگە لە یەکگرتووی ئیسلامیی) بە یەک لیست بەشداریی هەڵبژاردنیان کرد بە پاساوی بەشداریی‌و پێکەوەیی‌و یەکڕیزیی کورد، بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەران‌و بەهۆی ئەوەی لەماوەی رابردوودا پارتی‌و یەکێتی ئەم هێزە سیاسییانەیان لە دانوستانەکان بەشداریی پێنەدەکرد، بە بیانووی ئەوەی کە ئەوان زۆرینەن، ئەم پشتگوێخستنەی هێزەکان‌و هاتنە مەیدانی لیستێکی نوێ بەناوی لیستی گۆڕان، هاوپەیمانێتییەکان هەڵدەوەشێنێتەوەو بە بڕوای بەشێک لە چاودێرانیش مەترسیی گەورە لەسەر هەرێم نییە تاوەکو هەموو لایەنەکان بە یەک لیست بەشداریی بکەن.



سامی ئەتروشی

چاودێرێکی سیاسیی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: «لەماوەی رابردوودا زۆرجار پارتی‌و یەکێتی لەژێر ناوی یەکگرتوویی گوتاردا، تەواوی دەستکەوتە مادییەکانیان بۆخۆیان قۆرغکردبوو، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات، ئێستا دەرکەوتووە کە ئەمجۆرە قسانەی پارتی‌و یەکێتی تەنیا بۆ خەڵەتاندنی دەنگدەرەو دەیانەوێت بەناوی بوونی مەترسییەوە دەنگی زۆربهێنن‌و دەستکەوتە نەتەوەییەکان بخەنە خزمەتی بەرژەوەندییە حیزبییەکان».

سامی ئەتروشی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، لەبارەی پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکانی هەڵبژاردنی داهاتوو بۆ رۆژنامە وتی: «لە هەڵبژاردنی ئایندەی عێراقدا فرە لیستیی لەنێوان لایەنە شیعی‌و سوننییەکان‌و کوردیش روودەدات».

ئەتروشی لیستی جیاواز لە کوردستان بە ئاسایی دەزانێت‌و پێیوایە؛ زۆری لیستەکان وا دەکات کە قورسایی کورد زیاتر بێت لەنێو پەرلەمانی عێراقداو ئەو هێزانەش سەنگ‌و قورسایی خۆیان دەزانن‌و کەس منەت بەسەر کەسەوە ناکات، کە هێزەکان بەیەکتر بڵێن بە دەنگی من خەڵکی دیکە رۆیشتووە.

سامی ئەتروشی وتیشی: «پێدەچێت لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەمجارەدا هاوکێشەی سیاسیی تا رادەیەکی زۆر تێکبچێت‌و هاوپەیمانێتییەکان بە تەواوی گۆڕانیان بەسەردابێت».

ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەوەشی خستەڕوو، کە لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا فرە لیستییەکی زۆر بەدیدەکرێت‌و هیچ کام لە لیستەکان ناتوانن زۆرینەی رەها بەدەستبهێنن.

بە رای ئەتروشی لیستی جیاواز لە هەرێمی کوردستان خزمەتی دۆسییەکان دەکات‌و پێیوایە دەبێت لیستە جیاوازەکان سازش لەسەر مافەکانی کورد نەکەن‌و چیتر بڕیارە گرنگەکان لە ژوورە تاریکەکان دەرنەچن‌و هەموو لیستەکان ئاگاداری رووداوەکان بن، نەک شتەکان بچنە خانەی بەرژەوەندی حیزبێکەوە، یا ئەگەر حیزبێکی دیاریکراو کێشەی لەگەڵ لایەنێکی عەرەبی هەبێت کێشەکان بکرێن بە کێشەی هەموو کورد.

سامی ئەتروشی نموونە بە جیاوازی لیستی حیزبەکەی دەهێنێتەوە، کە لە هەڵبژاردنی رابردوودا نەچوونە نێو هاوپەیمانی کوردستان‌و «توانییان خزمەتی زۆری دۆسییەکان بکەن»و وتی: «لە هەڵبژاردنی رابردوودا وەک هەڵمەتی هەڵبژاردن تەفسیری زۆر خراپ بۆ ئەم جیاوازییەی ئێمە دەکرا، بەڵام بە عەمەلیی بینیمان کە ئێمە چۆن توانیمان لە کاتە زۆر هەستیارەکاندا بەرگریی لە هەڵوێستەکانمان بکەین‌و نەبووینە هۆی شکستی کورد لە بەغدا، بەڵکو لە زۆر جێگە ئێمە توانیومانە بەشێوەیەکی زۆر باش دیفاع لە مافەکانی کورد بکەین».

# دژ بە هەموو دوالیزمێکی ڕەها

بەختیار عەلی

**تێبینی: ئـەم نووسینە تەنیا بەشێکە لە وتارێکی درێژ بە ناونیشانی «دیسپۆتیزم، غەیبانییەت، سیاسەت. فەزای سیاسی فۆرمە کلاسیکییەکانی خۆی دووبارەدەکاتەوەو مێژوو دیسان بەدەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە». ئەویش وتارێکە لە ریزی چەند گووتارێکی بڵاونەکراوەی دی، لە کتێبێکدا بە ناونیشانی «سێوی سێهەم» ئامادەیە بۆ چاپ.**



ئەوەی ڕوویداوە گۆڕان نییە لە جەوهەری سیستمەکەدا، بەڵام تاقیکردنەوەیەکی گرنگ و تا ئەندازەیەک ترسناکە بۆ کۆی سیستمەکە. ئەوەی هەیە دەرکەوتنی چەمکی گۆڕانە لە فەزای کۆمەڵایەتی و مێژوویی ئێمەدا، نەوەک خودی پرۆسەی گۆڕان بێت. ئەوەی هەیە کردنەوەی ڕەهەندێکی نوێیە لە هوشیاری ئێمەدا بۆ تاقیکردنەوەی جۆرێکی نوێ لە فۆڕم و سیستمی کۆمەڵایەتی، کە دەیەوێت یان دەشێت لە فۆڕم و سیستمی پێشوو نەچێت

دوو درۆی زۆر گـەورە بە ئاسمانی کوردستاندا دەسووڕێنەوە، دوو درۆی ترسناک و کوشندە کە یەکێکیان دەڵێت: «بـزووتـنـەوەی گـۆڕان بە دەرکـەوتـن و دروستبوونی و تەنیا لە ڕێگەی ئامادەگییەوە گۆڕانێکی گـەورەی دروستکردو هەر لە ئێستاوە قۆناغێکی نوێ و لابەلابوونەوەیەکی مێژوویی خولقاند». درۆی دووەمیش دەڵێت: «کە هێزەکانی دەسەڵات دوای ئەم ئەزموونە دەتوانن بەسەر خۆیاندا بچنەوەو خۆیان چاک بکەن و قۆناغێکی سیاسی نوێ دەستپێبکەن، کە چیتر لە قۆناغی رابردوو ناچێت و دەشێت جێگەی جارانی خۆیان وەربگرنەوە».

ئەم دوو تێزەیە هەردووکیان لەسەر تێنەگەیشتنی تـەواو لە چەمکی گۆڕان و چەمکی دەسەڵات دروستبوون. تێزی یەکەم گـۆڕان کورتدەکاتەوە بۆ ئەو هاوکێشە نوێیانەی، کە تەنیا لە فـەزای سیاسیدا دەردەکــەون، هەروەها گۆڕانی مێژوویی بە جۆرێکی ئۆتۆماتیکی دەبەستێتەوە بە لاسەنگبوونی هەندێک لەو هاوکێشانەوە. تێزی دووەمیش، تا ئەندازەیەکی زۆر لەو قەیرانە بونیادییە قـووڵ و لەو میکانیزمە نهێنی و نادیارانە تێناگات، کە دەسەڵاتی کــوردی گــەیـانـدووەتــە ئـەمــڕۆو کۆی کێشەکە کورت دەکاتەوە بۆ نەزانین و بێ ئاگایی سیاسییەکان لە دۆخەکەو پێیوایە، بەوەدا ئێستا دەسەڵاتداران گەیشتوونەتە بــەردەم دیوارێکی ئەستوور، سەریان بەر بەردێکی ڕەق کەوتووە، ئەوا بەئاگا هاتوون و لێرە بەدواوە هەڵەکانی رابوردوو دووبارەناکەنەوەو پرۆسەیەکی گەورەی ریفۆرمی حیزبی و سیاسی دەخەنەگەڕ، واتە بەپێی ئەم بۆچوونە کێشەکە لە جەوهەردا لە نەزانین و نەبوونی ئیرادەی سیاسییەوە هاتووەو هەرکات ئەو زانست و ئیرادەیە دروستبوو، ئەوا شتەکان خۆبەخۆ ڕوو لە چاکی دەکەن.

دیارە کە دەڵێم ئەوەی ڕوویداوە گۆڕان نییە، ئەوە بەو مانایە نییە کە هیچ ڕووی نەداوە. کە دەشڵێم دەسەڵات ناتوانێت خۆی چاک بکات، بەو مانایە نییە کە دەسەڵات هیچ ناکات و هەوڵی هەندێک چاکسازی نادات، بەڵام هیچ یەک لەم دوو پرۆسەیە بە مانای گۆڕان نین، بەڵکو بە مانای دوو پەرچەکردارن بەرامبەر بە چەمکێک کە لە مێژە خەیاڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمەی جێهێشتووە.

ئەوەی ڕوویداوە گۆڕان نییە لە جەوهەری سیستمەکەدا، بـەڵام تاقیکردنەوەیەکی گرنگ و تا ئەندازەیەک ترسناکە بۆ کۆی سیستمەکە. ئەوەی هەیە دەرکەوتنی چەمکی گۆڕانە لە فەزای کۆمەڵایەتی و مێژوویی ئێمەدا، نەوەک خودی پرۆسەی گۆڕان بێت. ئەوەی هەیە کردنەوەی ڕەهەندێکی نوێیە لە هوشیاری ئێمەدا بۆ تاقیکردنەوەی جۆرێکی نوێ لە فۆڕم و سیستمی کۆمەڵایەتی، کە دەیەوێت یان دەشێت لە فۆڕم و سیستمی پێشوو نەچێت، بەڵام یەکسانکردنەوەی دەرکەوتنی «چەمکی گۆڕان» لەگەڵ گۆڕاندا هەڵەیەکی کوشندەیە کە دەشێت پرۆسەی گۆڕان لە مێژووی ئێمەدا پەکبخات، یان وابکات بە نوشوستی و پاشەکشەیەکی ترسناک بۆ دواوە تەواوبێت. گۆڕان تەنیا لە ڕێگەی دەرکەوتنی چەمکی گۆڕانەوە نایەتەدی، چونکە پرۆسەکە پێویستی بە ئیشێکی کۆنکرێتییە لەسەر پێکهاتی فیکری و پێکهاتی مەتریالیانەی ژیان، ئەوەی ئێستا دەیبینین پـەرچـەکـردارە کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژووییەکانە کە تەنیا دەرکەوتنی چەمکەکە خولقاندوونی، ئەوەی ئێستا هەیە گـۆڕان نییە، بەڵکو ئاشکراکردنی کۆی ئەو ئەخلاقە سیاسی و کۆمەڵایەتییەیە کە دەشێت هاتنی ئەم چەمکە دروستیبکات، دەرکەوتنی ئەو میکانیزمانەیە کە دەشێت لە بۆتەی خۆیان دەرچـن و بە کاری ئەم ڕەگەزە نوێیە بکەونەگەڕ. ئەوەی ئێستا هەیە گۆڕان نییە، بەڵکو دەرکەوتنی سەرەتاکانی ئەو ریزە پەرچەکردارو وەڵام و پێشوازی و ڕەتکردنەوانەیە، کە دەشێت ئامادەگی ڕەمزی چەمکەکەو ئەگەرە مێژووییەکە لەگەڵ خۆیدا دروستیبکات. واتە دەرکەوتنی ئەو مانایانەیە کە دەشێت لە ژێر ئەم وشەیەوە دەرچـن و لە ژێر باڵی ئامادەگی ئەوەوە بێنە دەرێ، دەرکەوتنی کۆی ئەو سیستمی خۆپاراستن و خۆلادان و خۆدزینەوانەیە، کە دەشێت لە بەرامبەر چەمکگەلێکی وەهادا دەربکەوێت. واتە ئێمە لەو ساتە مێژووییەدا ناژین کە گۆڕان تێیدا کار دەکـات، بەڵکو لەو ساتە مێژووییەدا دەژین، کە تەواوی جەستەی کۆمەڵایەتی بوونی خۆی لەسەر ڕۆشنایی ئەم وشەیەدا پێناسە دەکاتەوەو هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە شتەکان لە ئاقاری ئەم وشەیەوە وەردەگرێت. ئەمەش لێڵییەکی مێژوویی گـەورەو تاریکییەکی نوێی خولقاندوە، کە تائێستا چاومان پێی ڕانەهاتووە، لە بەرێکدا بزاوتی گۆڕانمان هەیە کە تائێستا بە وردی نازانین دەتوانێت چی بگۆڕێت، لە بەرێکی دیشدا ئەوانەمان هەیە کە دوژمنایەتی گۆڕان دەکەن، نە لەبەر ئەوەی بزووتنەوەیەکی سیاسییە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەگەرێکی خەوتووی لە خەو هەستاندووە. وشەکە دەمێک ساڵە لـەوێـدایـە، بەڵام هەمیشە چاوەڕوانی گەمەکەرێکی کردووە هەڵیبگرێت و بیکات بە ڕەگەزێکی گرنگی ناو یارییەکە، وەک داشێکی فەرامۆشکراو لە شەترەنجدا کە لەناکاو دەتوانێت کەلێنێکی ترسناک بکاتە ناو یارییەکەو ماناو هێزو شوێنی هەموو داشەکانی دیکە لەسەر ماڵخانەکە بگۆڕێت، بەڵام ئەوەی لێڵی و تاریکییەکە تۆخ دەکاتەوە ئەوەیە کە، وشەی گۆڕان وەک ژاک لاکان ناوی دەنێت بۆتە «دەلالەتێکی خاڵی lerrer Signifikant» یان ئاماژەیەکی بەتاڵ، واتە بۆتە دالێک کە هەر کەس دەتوانێت بە ئـارەزووی خۆی تێیبگات و نـاوی بداتێ، هـەر کـەس ئەو ئـاوازەی تیا ببیستێت کە خۆی دەیەوێت، ئیدی وشەکە لە خەونی ڕۆشنبیرانەوە بۆ سەرهەڵدانی نۆرم و فۆڕمێکی دیکەی هۆشیاریی دەیگرێتەوە تا خەونی ئەو کرێچییانەی کە دەیانەوێت چیتر کرێچی نەبن و ئەو خاوەن عەرەبانانەی دەیانەوێت چیتر دەوڵەت عەرەبانەکانیان نەشکێنێت. واتە وشەکە لە خەیاڵی کۆمەڵایەتی و لە بەکارهێنانی ڕۆژانەو لە فەنتازیای گشتی ئێمەدا ئاماژە بۆ شتێکی دیاریکراو ناکات و ئاماژە بۆ هەموو شتێکیش دەکات، تەواو وەک «دەلالـەتـی خـاڵـی» لای لاکـان، کە ئاماژە بۆ هەموو شتێک دەکات و ئاماژە بۆ هیچیش ناکات. ئەمە لێڵییەک و تاریکییەکی تـازەی دروسـتـکـردووە، کە تاریکییەکی پڕ ئـەگـەرە، بـەڵام هەموو ئەگەرەکانی ناوی وەک یەک نین و یەک دەرەنجامیان نییە. لێرەوە هەڵەیەکی کوشندەیە ئەم دۆخەی ئێستا بە گۆڕان ناو ببەین، ئەوەی ڕوودەدات گۆڕان نییە، بەڵام وەک چۆن لە سەمفۆنیاکاندا دەشێت لە ڕستەیەکی مۆسیقییەوە لابەلابوونەوەیەکی گرنگ لە تەواوی ئیقاعەکاندا ڕووبدات، وەک چۆن لە شانۆگەریی هاملێتدا تووڕەبوونی مامی هاملێت لە کاتی پێشکەشکردنی شانۆگەرییەکەدا ئاراستەیەکی دەلالی تازە دەبەخشێتە هەموو جوڵەیەکی ناو شانۆگەرییەکە، وەک چۆن لە کاتی یاریدا هاتنە ناوەوەی یاریزانێکی گرنگ مانای ڕەمزی تەواوی گۆڕەپانەکە دەگۆڕێت، لێرەشدا ئێمە لەبەردەم هەژین و لەرزینێکی گرنگی ناو سیستمی ڕەمزیداین، نەوەک لە بەردەم هەژین و لەرزینی ناو سیستمی واقیع خۆیدا. گەر بە ڕوونتر قسە بکەم، ئەوەی ئێستا دەیبینین و تیا دەژین پرۆسەی نەشتەرگەریی «عەمەلیاتی» نەخۆشەکە نییە، چارەنووسی نەخۆشەکە هێشتا لە تاریکیدایە، ئەوەی ئێمە تیا ژیاین و تیا دەژین، گرتنی ئەو وێنە تیشکە (أشعە)یەیە، کە لە ڕێگەیەوە باشتر دەبینین چی لە هەناوی نەخۆشەکەدا ڕوودەدات، بەڵام بۆ ئـەوەی وێنەکەی بخوێنینەوەو نەشتەرگەرییەکی ڕاستەقینە ڕووبدات، دەبێت ئەو ئامێرەی وێنەکە دەگرێت تەواوبێت، ئەو دکتۆرانەی وێنەکە دەخوێننەوە شارەزابن، ئـەو کەرەستانەی نەشتەرگەرییەکەی پێدەکەین بگونجێن، لەشی نەخۆشەکە توانای بەرگە گرتنی نەشتەرگەرییەکەی هەبێت و تا دوایی. لەم وتارەدا کە لە چەند بەشێک پێکدێت، هەوڵدەدەم هەندێک لەو شتانە بخوێنمەوە کە لە ناو وێنەکەدا ڕوودەدەن. بە تایبەت گەڕانەوەی هێزە تەقلیدییەکانی ئێمە بۆ میکانیزمە کلاسیکییەکانی خۆپاراستن لـەلایـەک و گـەڕانـەوەی فیکری تیوری و ڕۆشنبیریی ئێمە بۆ گەورەکردنەوەی ڕۆڵی سیاسەت بە هەمان فۆڕمی کلاسیکی و تەقلیدی و گـەڕانـەوەی غەیبانییەت بە جۆرێکی ترسناک بۆ تێڕوانینمان بۆ گۆڕان و لە دواجاریشدا هەوڵدەدەم کە بۆ جۆرە مانایەکی دی بۆ وشەی سیاسەت بگەڕێم، کە تێڕوانینی ئێمە دەربارەی شێوە بەکارهێنانی وشەکە کەمێک ڕاستبکاتەوە، لەمەشدا کۆمەک لە فەیلەسوفی فەرەنسی هاوچەرخ ژاک رانسێر وەردەگرم.



سـەرەتـا لـەو تـرسـە گـەورەیـەوە دەستپێدەکەم، کە یەکەمجار من وەک نووسەر دادەگـرێـت، ترسێک هەمیشە بەشێوەی جیاواز تەعبیرم لێکردووە، ئەویش ترسە لە بە «سیاسیبوونی هەرچی زۆرتری دونیای ئێمە». دیارە ئەوەی کە ڕوودەدات سیاسەت نییە، بەڵام منیش لێرەداو تادەگەمە کۆتایی وتارەکەم، وشەی سیاسەت هەر بەو مانا باوو تەقلیدییە بەکاردەهێنم، کە بەگشتی هەمووان بەکاریدەهێنن، لە کۆتاییدا «بـە کۆمەکی تێزەیەکی ژاک رانسێر» هـەوڵـدەدەم شتێک لەو مانایە بگۆڕم بە جۆرێک لە خزمەت ڕوونکردنەوەی تەواوی بۆچوونەکەدا بێت. ئەم قۆناغەی ئێستا گەرچی بە جەوهەر دەبایە پێچەوانەبایە، بەڵام گەڕانەوەیەکی ترسناک و پەلکوتانێکی بێوێنەو فرەپەلی سیاسەتی تێدا دەبینین بۆ سەر تەواوی ژیان و بابەت و خەیاڵەکانی مرۆڤی ئێمە، ئەم گەڕانەوەیەو ئەم نوقمبوونە ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیرەکانی ئێمەشی گرتووەتەوە، کە بەردەوام پێ لەسەر ڕۆڵی ڕەهاو گـەورەی سیاسەت بە هەموو مانا تەقلیدییەکانی دادەگرن و لەو ڕێگەیەشەوە کەم تازۆر لە دووبارەکردنەوەی سیستمی تێڕوانینی باودا بەشداری دەکەن. مرۆڤی کورد ئێستا وایلێهاتووە ناتوانێت لە دەرەوەی سیاسەت قسە لە هیچ شتێک بکات، واتە تەنیا بە زمانی سیاسەت دەتوانێت بیر لە دونیا بکاتەوە، تەنیا بەم چاوە دەتوانێت ببینێت، تەنیا بە زاراوەکانی ئەو دەتوانێت قسە بکات، تەنیا لە سنووری کێشەکانی کایەی ئەودا دەسوڕێتەوە. ئەم مرۆڤە بە جۆرێک لە ناو ئەو دۆخەدا نوقمبووە، مەودایەکی عەقڵی لانەماوە بتوانێت بە چەمکگەلێکی دیکە بیر لە دونیا بکاتەوەو جیهان ببینێت. ئەو دۆخە ئینفیعالی و دەرونییەی ئەم مرۆڤە تیایدا دەژی، بووەتە دۆخێک کە تەنیا سیاسەت دەیخرۆشێنێت، تەنیا مەدلولە سیاسییەکان دەخوێنێتەوە، هەموو شتەکان لە ناو سیستمێکی ئاماژەی سیاسیدا دەتوێنێتەوە، سیمۆلۆژیایەکی سیاسی ڕەهاو بێ سنوور باڵا دەستبووە، کە هەموو نیشانەیەک تەنیا لە ناوکۆیی «سیاق»ـی سیاسەتدا تەفسیر دەکات. بە جۆرێک هیچ تێکستێک وەک خۆی و بۆ خۆی ناخوێنرێتەوە، هیچ ئاماژەیەک وەک ئەوەی هەیە وەرناگیرێت، بە ئەندازەیەک بە دەگمەن گوتارێک دەبینین لە ناو ئەو ماشێنە سیمۆلۆژییە گەورەیەدا نوقم نەبووبێت، ئیدی ئێمە لە نێوان کەسانێکدا دەژین کە یان ئەم ماشێنە گەورەیە بە جۆرێکی زۆر خراپ و دڵڕەق و نامرۆڤانە بەکاردەهێنن، یان بە جۆرێکی نەرم و هێمن و دەمامکدار دەیخەنەگەڕ. ئەمە وایـکـردووە کەس لە هیچ تێنەگات، کەس ئەوە نەخوێنێتەوە کە تۆ دەینووسیت و تەنیا سێبەری وشەکان لە عەقڵی خۆیاندا بخوێننەوە، تەنیا وەهم و خەیاڵەکانی ناو سەری خۆیان بخوێننەوە، تەنیا ورێنە ئایدۆلۆژییەکانی خۆیان ببیننەوە، کە لە دەرەوەی تێکست دەیهێنن و دەیسەپێنن بەسەر تێکستدا. ئەم هەڵەیە بە زەقییەکی زۆر ناشیرین ڕۆژنامەگەریی حیزبی و بکەرە ئایدۆلۆژییەکانی حیزب تێیکەوتن، کاتێک داوایاندەکرد ڕۆشنبیران بێدەنگبن و قسە نەکەن، چونکە ئاشکرایە بکەرانی ئەم ڕاگەیاندنە ناتوانن فیکر بخوێننەوەو تەنیا سیاق دەخوێننەوە. هەروەها ئۆپۆزسیۆنیش تێیکەوت کە تێزە فیکرییەکانیان تەنیا لە دیوە سیاسییەکەیدا وەردەگرت و تەنیا ماناو دەلالەتی سیاسییان لە قسە گەلێکدا دەبینی، کە ئاشکرا لەسەر ڕەخنە لە سیاسەت دروستبووە،

»»»

# نامەکەی مەهدی کەڕوبی‌و پەیامە شاراوەکانی

**هیوا عەلی**

مەهدی کەڕوبی، یەکێک لە پاڵێوراوانی خولی دەهەمی سەرۆکایەتیی ئێران لە نامەیەکی سەرئاوەڵادا، داوای لە ڕەفسنجانی کـردووە تا لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی بەندکراوانی نارەزایەتییەکانی ئەم دواییانە پێکبهێنێت‌و لێپێچینەوە لەو کەسانە بکرێت کە دەستدرێژیی سێکسییان کردووەتە سەر بەندکراوان. کەڕوبی لە نامەکەیدا باسی لە ڕەفتاری نابەرپرسانەو نامرۆڤانەی بەرپرسانی زیندانەکانی تاران کردووەو بە ئاماژەکردن بە چەندین بەڵگە لـەمـەڕ دەستدرێژیکردنە سـەر ژنـان‌و کوڕانی گەنج، ئەم ڕەفتارانەی بـەدوور لە چییەتی کۆماری ئیسلامی‌و بگرە هەموو سیستمە سیاسییەکانی جیهان زانیوە. ئەم نامەیەی کەڕوبی دوای ئەوە بڵاوکرایەوە کە ڕەفسنجانی وەڵامی نووسراوەکەی مەهدی کەڕوبی نەدایەوەو ناوبراو دوای دەڕۆژ چاوەڕوانبوون بۆ وەڵامـی ڕەفسنجانی، هەستاوە بە بڵاوکردنەوەی ئەم نامەیە.

لەراستیدا بڵاوکردنەوەی ئەم نامەیەو ناوەڕۆکی خودی نامەکە هەڵگری چەندین پەیامی سیاسییەو بە وردبـوونـەوە لە ڕووداوەکـانـی ئەمدواییانەو ڕیزبەندی‌و ناکۆکییەکانی نێوان باڵەکانی حکومەتی ئیسلامیی، دەکرێت خوێندنەوە بۆ سیگناڵە شاراوەکانی ئەم هەنگاوە بکرێت. لەکاتێکدا بەرپرسیاری سەرەکی لە وەڵامدانەوە بە وەها تۆمەت‌و تاوانگەلێک دەزگای دادوەری حکومەتی ئیسلامییە، پرسیار ئەوەیە کە بۆچی کەڕوبی ڕوو لە ڕەفسنجانی دەکات‌و پرۆسەی لێکۆڵینەوە لە پرسەکانی پەیوەندیدار بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە لایەن پۆلیس‌و ناوەندە ئەمنییەکان دەخاتە ئەستۆی ڕەفسنجانی؟

گرنگترین مـەسـەلـە، باسکردنە لە بارودۆخی نالەباری بەندکراوان لە ئێران‌و مەسەلەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن خودی سیستمی سیاسی ئێرانەوە. کەڕوبی وەک کەسایەتییەکی ناسراوی حکومەتی ئێران‌و کەسێکی ئاگادار لە ڕووداوەکـان، دەیەوێت گۆشەیەک لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ ئاشکرابکات‌و لە کێشمەکێش‌و ناکۆکییە ناوخۆییەکانی حکومەت، کاریگەریی لەسەر هاوکێشە سیاسییەکان دابنێت‌و بەم هەنگاوەی ڕووخسارێکی دزێوتر لە دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد نیشانبدات. ئاشکراکردنی ئەم نامەیەو ناوەڕۆکی نامەکە کە لە ڕاستیدا لەقاودانی واقیعییەتەکانی ناو بەندیخانەکانی ئێرانە، دەنگدانەوەیەکی زۆر بەرچاوی هەبووەو کەڕوبی تاڕادەیەک توانیویەتی بەشێک لە ئامانجەکانی بپێکێت.

مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە کە بەردەنگی ئەم نووسراوە ڕەفسنجانییە، واتە دەزگای دادەوەری حکومەتی ئیسلامیی بەهەند وەرنەگیراوەو لە ڕاستییدا کەڕوبی چەشنێک لە بـازدانـی بەسەر دەسـەڵات‌و دەزگـای دادوەری حکومەتی ئیسلامیی نیشانداوە. کەڕوبی بە ڕووکردنە ڕەفسنجانی، دەیەوێت بڵێت، دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد کە لەلایەن ڕێبەریی حکومەتی ئیسلامییەوە پشتیوانی لێدەکرێت، هیچ شەرعییەتێکی نییەو ئەوان تاگەیشتن بەدەرئەنجامێکی شیاو درێژە بەم زۆرانبازییە سیاسییە دەدەن.

دەرئەنجامەکانی ئـەم کێشمەکێش‌و ململانێ سیاسییە، نادیارەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پەرەدەستێنێت. زۆربەی کەسایەتییە ناسراوەکانی باڵی ریفۆرمخوازی حکومەت دەستبەسەرو لەبەردەم دادگاییکردندان. تەنانەت باس لە ئەگەرەکانی دەستگیرکردنی مووسەوی‌و کەڕوبی‌و تەنانەت ڕەفسنجانیش دەکـرێـت. بـڵاوبـوونـەوەی ئـەم نامەیەی کەڕوبییش هەرایەکی گەورەی ناوەتەوەو بێگومان کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکـان دەبێت. پێکدادانەکان زۆرتربوون‌و دوایین تاکتیکەکان بۆ گەیشتن بە ستراتیژەکانی هەریەک لەبەشداربوانی ئەم ململانێ سیاسییە لەناوەندی جێبەجێکردندان.

## دادگاییکردنی ریفۆرمییەکانی ئێران

# پاراستنی یەکپارچەیی یان هەنگاوونان بەرەو پارچەپارچە بوون

**ئا، سەرکەوت لەتیف**

هـەرچـەنـدە لـەسـەرەتـای دروستبوونیەوە بە چەندین قۆناغی سەختداتێپەڕی‌وڕووبەڕووی مەترسییە دەرەکی‌و نیوخۆییەکانی بووەوە، بەڵام لە ئێستادا کۆماری ئیسلامی ئیران سـەرەڕای فشارە نێودەوڵەتییەکان ڕووبـەڕووی مەترسیی گـەورەی نێوخۆیی دەبێتەوەو قۆناغەکەش بەرەو هەڵگەڕانەوەیەکی فـراوان دەچێت‌و ڕەنگە چیتر مەرجەعە دینییەکان توانای کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکەیان نەبێت، بە دادگاییکردنی سەرانی ریفۆرمخوازی ئێرانیش مەترسییەکانیش دەگەنە لوتکە، بارودۆخی دوای هەڵبژاردنەکان ئێرانی خستووەتە قۆناغێکەوە نە بەرەوپێشچوون‌و نە پاشەکشەکردنی تێیدا ئاسانە.

کـۆمـاری ئیسلامیی ئـێـران بە ئەنجامدانی کـودەتـایـەک لە ساڵی (١٩٧٩) هاتە سەر کارو لەسەرەتای دەستبەکاربوونیەوە ڕووبـەڕووی چەندین هەڕەشەی نێوخۆیی‌و دەرەکی بووەوە، هێشتا ساڵێکی تەواو بەسەر حکومەتە نوێکەیدا تێپەڕنەبووبوو، جەنگی درێژخایەنی ئێران-عێراق بەرپابوو، لەم قۆناغەدا سـەرەڕای پشتیوانیی زۆری خۆرئاوا لە عێراق لەو کاتەدا، بەهۆی ئەو یەکدەستییەی ناوخۆی ئێرانەوە هەیبوو، توانی ڕووبـەڕووی تـەواوی مەترسییەکان ببێتەوە، لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی ئێران عێراق، کۆماری ئیسلامیی ئێران گەشەکردنی گـەورەی ئابووریی‌و سەربازیی بەخۆیەوە بینی، بەڕادەیەک ئێستا ئێران بە یەکێک لە دەوڵەتە بەهێزەکانی ناوچەکە ئەژمار دەکرێت.

### ئۆپۆزسیۆن، قۆناغی سڕبوون

پارت‌و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران، بە هێزە کوردی‌و هێزە فارسەکانیشەوە لە ئێستادا هیچ مەترسییەکیان لەسەر ئێران نییە، پارتە کوردییەکانی ئێران بە ڕەچاوکردنی باردۆخی هەرێمی کوردستان دەستبەرداری خەباتی چەکداریی بـوون‌و سەرقاڵی کاری ڕاگەیاندن‌و ڕێکخستنی ناوخۆن‌و گرووپی موجاهیدینی خەڵقیش نە ئەمریکاو نەهیچ وڵاتێکی ئەوروپی پشتیوانییان لێناکات، هیچ کاتێک بەقەدەر ئێستا پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران لاوازو بێپشت‌و پەنا نەبوون، تەنانەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش پشتیوانییان لێناکات، پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ هەریەک لە عێراق‌و تورکیا کە وەک دوو وڵاتی هاوپەیمانی ئەمریکا ئەژمار دەکرێن، لە ئاستێکی زۆر باشدایە.

### چەکی ئەتۆمیی، گەڕاندنەوەی ئیمپراتۆرییەت یان کۆتایی گەمەکە

نارەزایی‌و ڕێگرییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەمەبەستی دەست ڕانەگەیشتن بەچەکی ئەتۆمیی، لە قۆناغێکی چەقبەستوودا ماوەتەوە، هەریەک لە یەکێتی ئەوروپاو ئەمریکا دژی بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمین لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، کۆماری ئیسلامیی ئێران هەشت ساڵی سەردەمی خاتەمی‌و چوار ساڵی سەردەمی ئەحمەدی نەژادی تێپەڕاند بە گفتوگۆکردن سەبارەت بە چەکی ئەتۆمیی، هەرچەندە سەردەمی نەژاد بە قۆناغێکی نوێ ئەژمار دەکرێت، بەوەی بە بڕوای نەژاد بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمیی مافێکی ڕەوای گەلانی ئێرانە، هەنگاوەکانی نـەژادیـش بە هەمان ئاڕاستەن، ئەم نیازەش لەلای یەکێتی ئەوروپاو ئەمریکا هێڵی سوورە، بەڵام نە یەکێتی ئەوروپاو نە ئیدارەی نوێی ئەمریکاش پلانی هێرشکردنە سەر ئێرانیان هەیەو هیچ لایەکیشیان کاریان بۆ بەهێزکردنی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی وەک بەدیلی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەکردووە، تەنانەت ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان بە کارێکی سەخت‌و پڕ مەترسیی ئەژمار کردووە، بەڵام ئەوەی ئێستا هاتووەتە ئاراوە دروستبوونی دەنگێکی نارەزایی خاوەن ڕابەرایەتییەکی بەهێزە کە توانای هەژاندنی ئێرانیان هەیە، ئەویش لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرۆکایەتی کە دوو مانگ لەمەوبەر بەڕێوەچوو، هاتووەتە ئاراوە.

### مەترسییە گەورەکە

دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئێران‌و لایەنگیری ڕێبەری گەورەی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بۆ ئەحمەدی نـەژادو دابەشبوونی مەرجەعەکانی شیعە بەسەر دووبـەرەدا، قۆناغێکی پڕمەترسیی بۆ ئێران هێنایە ئاراوە، ئەم قۆناغە کە بە بڕوای ریفۆرمخوازەکان بە «ساختەکارییەکی زۆری حکومەت لە بـەرژەوەنـدیـی ئەحمەدی نـەژاد کۆتاییهات»، کـاردانـەوەی بەهێزی ریفۆرمخوازەکانی لێکەوتەوە، بە ڕادەیەک ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامی، عەلی خامنەیی، توانای هێورکردنەوەی بـارودۆخـەکـەی نـەمـاوە، ئێستا ریفۆرمیەکان نە داخوازییەکانیان بۆ دووبـارەکـردنـەوەی هەڵبژاردن قبووڵکراو نە دادگایکردنی لایەنگرانیان هـەڵـوەشـایـەوە کـە لـە ئەنجامی خۆپیشاندانەکاندا هاتە ئاراوە.

ریفۆرمیەکان تەنیا دوو ڕێگایان لەبەردەمدایە، ڕێگەی یەکەم ڕازیبوون بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان‌و بێدەنگیکردن لە تەواوی کارەکانی حکومەتی ئێستا، ئەمەش ریفۆرمیەکان نەک لە دەسەڵات دووردەخـاتـەوە، بەڵکو دەیانکاتە هێزێکی پاشکۆ، ڕەنگە لە ئەنجامی ئەمەش یاخیبوونی گەورە بە پشتیوانی هێزە دەرەکـیـەکـان دروسـت ببێت، بەتایبەت لەنێوخۆی تارانی پایتەخت، بەمەش ریفۆرمیەکان دەبنە دوژمنی سەرسەختی حکومەت.

ڕێـگـای دووەم، ڕاگـەیـانـدنـی ئۆپۆزسیۆنی بـوونـی خـۆیـان لە دەسەڵاتدا، ئەم قۆناغە تاڕادەیەک نوێیە بۆ حکومەتی ئێران، کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنیا ئۆپۆزسیۆنی لەدەرەوەی ئێران قبووڵە، ئەگە ریفۆرمیەکان بە خۆڕێکخستنەوەو فشارخستنە سەر حکومەت، بۆ کۆتاییهێنان بە دادگاییکردنی لایەنگرانیان بتوانن بێنەوە گۆڕپانەکەوە، جگە لەوەی مەترسی دەستێوەردانی دەرەکی کەمبکەنەوە، سەرکەوتنیان بۆ قۆناغی داهاتووش مسۆگەرتر دەبێت، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر حکومەت قۆناغێکی نوێی گفتوگۆکردن لـەبـری دژی وەسـتـانـەوە لـەگـەڵ ریفۆرمیەکان دەستپێبکات.


### داتاشینی دوژمن

بـە دادگـایـکـردنـی لایـەنـگـرانـی ریفۆرمیەکان‌و هەنگاونان بۆ دەستگیرکردنی سەرکردەکانیان، کۆماری ئیسلامیی ئێران پێدەنێتە نێوقۆناغێکی نوێوە، ئەم دادگایکردنە ئەگەر وەک ئاژاوەگێڕ دوور لە ئەجێندای سیاسیی ئەنجامبدرایە، کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەدەبوو، ئێستا کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دادگایکردنی لایەنگرانی ریفۆرم سەرکردەکانیان لە دادگـای شـۆڕش‌و دادگـا سەربازییەکان، هێزی ریفۆرم‌و سەرکردەکانیان دەکاتە دوژمنی ئەزموونەکەو ناچاریاندەکات بە دەستێوەردانەکانی ئەوروپاو ئەمریکا ڕازیببن، ئەم قۆناغەی ئێستای ئێران باوردۆخێکی وای هێناوەتە ئـاراوە کە بە شێوەیەکی ئاشکرا ئەمریکا ڕابگەیەنێت کە پشتیوانی لە ریفۆرمخوازەکانی ئێران دەکەن، یەکێتی ئەوروپاش بەردەوامن لەسەر دانەنان بە شەرعیەتی دەسەڵاتی ئێستای ئێران بەهۆی نەبوونی چاودێری نێودەوڵەتی‌و ڕەتکردنەوەی بەردەوامی ریفۆرمیەکان بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، ئەمە ئەگەر دەسەلاتی ئێستای ئێران لە تۆمەتبارکردنی ریفۆرم بەردەوام بێت، جگەلە بەردەوامی پشێوییەکانی وڵات، دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران خۆی دەخاتە بەردەم دژایەتی هێزێکی بەهێزی ناوخۆیی بە پشتیوانی ئەمریکاو ئەوروپا، ئەمەش ڕێگە بۆ هێزە ئۆپۆزسۆنەکانی دیکەی ئێران خۆشدەکات چالاکیە سیاسی‌و سەربازییەکانی خۆیان دەستپێبکەنەوەو کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش دەکەوێتە پەراوێزی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە.

بە دادگایکردنی ریفۆرمیەکانی ئێران، وڵات دەکەوێتە بەردەم قۆتاغی دابەشبوونی مەرجەعە باڵاکانی شیعەو لەدەستدانی بێلایەنیی دەسەڵاتی قەزاو سوپاو ڕێبەری گشتی شۆڕش، بە ڕادەیەک ریفۆرمیەکان کار بۆ لەسەر کار لادانی خامنەیی دەکەن، مەترسی گەورەی بەردەم کۆماری ئیسلامی ئیران یان خامنەیی پشتیوانیکردنی ڕەفسنجانی یە لەم جوڵانەوەیە، هەروەها هەریەک لە موسەوی‌و خاتەمی کە بە سەرکردە باڵاکانی ریفۆرمیەکان ئەژماردەکرێن، ڕۆڵی گەورەیان لە شۆڕش‌و پاراستنی ئێراندا بینیوە، دەکرێت دوورخستنەوەو پەراوێزخستنی ڕەفسنجانی‌و موسەوی‌و خاتەمی دوولەتکردنی مێژووی شۆڕش هەژماربکرێت.



مەهدی کەڕوبی



میرحسێن موسەوی

دروستدەکات کە لەسەر پێشێلکردنی هەموو ئەو شوناسانەی دی ئیشدەکات، کە ناکەونە ئەو دوولانەیەوە یاخود نایانەوێت بکەونە ئەو دوولانەیەوە. سێهەم: دروستبوونی ئەم دوالیزمە دەبێتە ڕێگر لە گەشەسەندنی مانای «ڕوودواوە تایبەتییەکان»و «کێشە تایبەتییەکان» بۆ مانای گشتی. چوارەم: خـودی ئـەم دوالیزمە بەرهەمی ترسە لە ڕابـوردوو و داهاتوو، لێرەوە لەسەر بەگەڕخستنی میکانیزمێکی خۆپارێز لە ئێستادا ئیشدەکات، کە لە ڕێگەیەوە هەر هێزەو شورایەکی قایمو ئاسنین بەدەوری خۆیدا دەکێشێت، ڕێگەی بینینو تێگەیشتنی تەواو لەدەرەوەی خۆی لێدەگرێت. پێنجەم: ئەم دوالیزمە بەرهەمی گرفتێکی بونیادیی قووڵە کە ناکرێتو ناتوانرێت لە ئێستادا تێبپەڕێنرێت، لێرەوە دوالیزمی سیاسی ڕەها وەک دەرکەوتەیەکی لاوەکی ئەو قەیرانە ناوەکییە دەردەکەوێت.

لێرەدا بەدرێژیی لەسەر ئەم پێنج تێزەیە قسە دەکەم.

١. تێرامان لـەم دابەشکردنە، لەم تیرۆرەی کە لە هەموو لایەکەوە هەڵدەقوڵێت، زۆرشـتـمـان لـەسـەر جـەوهـەری ئەو میکانیزمانە پێدەڵێت، کە لێرەدا باڵادەستن. مەسەلەکە تەنیا کوشتنی هەڵبژاردنی ئازاد نییە. بەڵکو خۆدزینەوەیەکی مێژوویی گەورەشە لە جەوهەری «ئەنتاگۆنیست ـ ناکۆکی» کۆمەڵگە... تۆقاندنی کۆمەڵگەیە لە ناکۆکییەکانی ناوی، پەکخستنی بیرکردنەوەیە دەرهـەق بەو ناکۆکیانە. هەڵبەت گۆڕینی کۆمەڵگە بۆ دوو پایگای داخراو و دژ بەیەک، بۆ ئەوە نییە کە بەرەکانی ئەم ناکۆکییە بەیەکەوە بژین، دانانن نییە بە حەقیقەتی ناکۆکییەکەدا، بەڵکو لە پێناوی سڕینەوەو بە ناشەرعیکردنی خودی ناکۆکییەکەدایە. واتە لە پێناوی کردنە دەرەوەو دەرکردنو بەلاوەنانی بەشێکی هاوکێشەکەدایە. ئالێرەدا ڕووی فۆکۆییانەی پرۆسەی دەرکـردنو بەلاوەنان، کە ئێستا لە کوردستاندا بازاڕی گەرمە ئێجگار ڕووندەبێتەوە. لێرەوە کەسی بەرامبەر نوێنەری بۆچوونێکی سیاسیو جیهانبینییەک نییە، بەڵکو نوێنەری شتێکی دەرەکـیو جەستەیەکی نامۆو عەقڵێکی کەوتوو و هوشیارییەکی خەسیوە. کێشەی دوورخستنەوەو دەرکردنو لەیەکدابڕانی موتڵەق بەوەوە نەوەستاوە کە فەرمانبەران لە ئیشەکانیان دەربکات، بەڵکو لە دوای هەڵبژاردن ڕوویەکی ئاشکراتری وەرگرت. ناونانی دکتۆر کەمال میراودەلی بە شێتو سەیرکردنی فەرهاد پیربال وەک کەسێکی مەلعون، تەواو جەوهەری ئەو چرکەساتە فۆکۆییە بەرجەستە دەکەن، کە کۆمەڵگەی ئێمە تیادەژی. لە ڕوانگەی پارتییەکانەوە ململانێی نێوان کاک کەمالو سەرۆکی هەرێم، ململانێی نێوان دوو سیاسیو دوو کەسو دوو کاندید نییە کە هەردووکیان دەشێت نوێنەری ڕوویەکی تایبەتی دونیای ئێمە بن، بەڵکو ململانێیە لە نێوان دوو ڕووبەردا کە هیچ شتێک لەگەڵ یەکدا کۆیان ناکاتەوە، دیوارێکی ئەستوور لە یەکتریان دادەبـڕێـت کە ئەویش ڕووبـەری عەقڵو شێتییە. مەسعود بەرزانی نوێنەری عەقڵو کەمال میراودەلی نوێنەری شێتییە، دیواری نێوان شێتیو عەقڵیش لەوە گەورەترە کە بە ئاسانی ببڕدرێت، لێرەوە لە نێوان ئەم دوو پۆلەدا کۆبوونەوەو بەیەکگەیشتن نییە... ئەم دوولانەیە بۆ ئەوە لێرەیە کە بەشێکی هاوکێشەکە بە جۆرێک ئەوی دیکە نەفی بکات خاڵی بەیەکگەیشتن نەبێت، واتە لە ڕاستیدا داننەنانە بە ناکۆکیدا، دەرکردنی ئەوی دییە بۆ جێگەیەک کە لە دەرەوەی عەقڵو مێژووو سیاسەتو دیالۆگە. جگە لەم دیاردەیە سووتاندنی کتێبەکانی فەرهادیش جارێکی دیکە جەوهەری کۆمەڵگەی ئێمەی دەرخستەوە وەک کۆمەڵگەیەک کە تەنیا لەسەر کردنە دەرەوەی موتڵەق، لەسەر بەلاوەنانی تـەواوەتـیو لەسەر کوشتنی ڕەمزی ئیشدەکات... سووتاندنی کتێب مانای پچڕاندنی هەموو پردێکی عەقڵی لەگەڵ ئەویدیدا، مانای پلەی سفر لە تۆلێرانس، مانای فەناکردنی ڕەمزی ئەوی دی، نەفیکردنی تەواوەتی بۆ دەرەوەی بازنەکە، واتە چیتر بەکارنەهێنانی زمان لەگەڵ ئەویدیدا وە سەندنەوەی مافیش لێی، کە چیتر زمانی خۆی بەکاربهێنێت. ئەمە تەواو ئەو خاڵەیە کە نابێت بیگەینێ... ئەمە ئەو ناوکە ڕەقەیە کە دەشێت دەرگای جەهەنەممان لێبخاتە سەرپشت. جیاوازی لە هەناوی کۆمەڵگەدا بۆ ئەوە لەدایک نابێت کە هەر شوناسەو هەر سوبێکتەو هەر بکەرە، کانتۆنێکی تایبەتی بۆ خۆیو بازنەیەکی ئاسنین بە دەوری خۆیدا بکێشێت، ئەوەی بە دڵی نەبوو بیسووتێنێتو تەنیا بیر لەوە بکاتەوە کە بەدڵێتیو تۆلێرانسی تەنیا بۆ ئەوە هەبێت کە لە خۆی دەچێت. جیاوازی بۆ ئەوە لەدایک دەبێت، خۆی دەربخات، بدوێت، تایبەتمەندی خۆی ئاشکرا بکات، لە فەزای کۆمەڵایەتیدا شوێن بۆ خۆی بکاتەوە، بەشێک بێت لە سیستمی ناکۆکو ئەنتاگۆنیستی کۆمەڵگە، نەوەک بەشێک بێت لە پرۆسەی سڕینەوەی ناکۆکییەکانو بە زۆر وەک یەک لێکردن. کۆمەڵگە واتە نەبوونی دیـوار لە نێوان جیاوازییەکاندا، نەوەک نەبوونی جیاوازی لە نێوان دیوارەکاندا. واتە دانانن بە حەقیقەتی ئەویدیدا، دانانن بە سروشتی تایبەتی ئەویدیدا، دانانن بە بیرکردنەوەیدا وەک ئەوەی هەیە، نەوەک وەک ئەوەی ئێمە دەمانەوێت.

٢. هۆکارێکی دیکەی دروستکردنی ئەم دوو بەرەییە موتڵەقە، بۆ ڕوونکردنەوەی وێنەکەیە. عەقڵی سیاسی ئێمە تەنیا کاتێک دەتوانێت سیاسەت بکات کە لەبەردەم دۆستێکی ڕوونو دوژمنێکی ڕوونـدا وەستابێت. دروستکردنی ئەم دوولانـە سەرتاسەرییە پریمتیڤییەتی عەقڵی سیاسی کـوردیو خەیاڵی تەسکی بکەرە ئایدۆلۆژییەکان پیشان دەدات. بەڵام دەرکەوتنی وشەی گۆڕان لە فەزای سیاسی ئێمەدا هەموو ئەو ڕۆشنیو بەرچاو ڕوونییە کۆنەی تێکدا. گەرچی ستراکتورەکان ئێستاش هەر وەک خۆیانن، بەڵام ئەو چاوانەی ئەمڕۆ تەماشای ستراکتورەکان دەکەن چیتر وەک دوێنێ نین، لە هەموو ساتەوەختە گرنگەکانی ناو مێژوودا، ئەو ساتەوەختانەی وشەی نـوێو مۆتیڤی نـوێو پاڵنەری تازە دێنە پێشێ، کاتێک هاوکێشە کۆنەکان ناتوانن وەک جاران کار بکەنو بونیادەکان بەرەو ئەوە دەچن کە درزی گەورەیان تێببێت، ئەو بەرچاوڕوونییەی جـاران لەدەست دەچێتو سیاسەت دەبێتە ئەرکێکی دژوار کە پۆلێنە پێشینەکانی دونیا لە نێوان دۆستو دوژمندا ئیدی ئیش ناکەن. ئەم ساتانە ساتی بڕیاری ڕەها نییە، بەڵکو ساتی ئازادبوونی بیرکردنەوەیە لە نۆرمە تەقلیدییەکانی خۆیو کرانەوەی ئاسۆیە لە بەردەم ئەگەری دیکەو ترسی دیکەو هیوای دیکەدا. ئەم ساتانە ساتی ڕاستەقینەی فیکرن، کە دەتوانێت دووبـارە شتی دیکە لە مێژوودا ببینێتو بەجۆری دیکە بیر لە ڕابــوردووو ئێستا بکاتەوە. بەڵام ئەم لێڵییە بۆ سیاسییەکان ترسناکو کوشندەیە، لێرەوە هەڵهاتن لە لێڵیو دووبارە ڕوونکردنەوەی زۆرەملێ دونیاو سەپاندنی سادەییەکی دەستکرد بەسەر مـێـژوودا کە لەگەڵ جەوهەری خۆیدا ناگونجێت دەبێتە ستراتیژیی هەموو کایەی سیاسی. دروستکردنی دوو بەرەی گەورە، دوولانەی ڕوونو ئاشکرا، «دۆستو دوژمـن» «لەگەڵمدایت یان لەگەڵمدا نیت» «یاریت یاخود نەیار» هەوڵێکی ترسناکی دیکەیە بۆ کوشتنی ئەو ئاڵۆزییە نوێیانەو دووبارەکردنەوەی مێژوو لەسەر کەتەلۆگە کۆنەکان. ئـەم ساتانەی مێژوو پـڕە لە بوونەوەر کە دەجولێنو ڕووبەری نوێو گۆشەی تازە دروستدەکەنو بەرەی تازە دەخولقێنن، ساتە گەورەو گرنگەکانی مێژوو ئەو ساتانەن کە چیتر پۆلێنە تەقلیدییەکان کار ناکەن، بەڵام بەرامبەر بەم لە کارکەوتنە هێزگەلێک سەرهەڵدەدەن کە بە هەموو هێزی خۆیان دەیانەوێت پۆلێنە کۆنەکانو سیستمە پێشینەکانی ڕوانین دووبــارە بکەنەوە... هەرکات مێژوو ڕووی لە لێڵی کرد، ڕووی لەوە کرد وەک نارێکیو فەوزاو لەیەکترازان دەربکەوێت، مانای هێزگەلێکی دیکەو توانای دیکەو چرکەساتی یاخیبوونی دیکەو ئەگەری وەرگەڕانی ڕادیکاڵ لە مێژوودا لەدایکبووە، ئەمە بە پێچەوانەی ساتە ڕۆشنەکانی ناو مێژوو، کە تیایدا سیستم دابەشبوونەکانی خۆی سەپاندووەو دۆخێکی سەقامگیری گەورەی خولقاندووەو هەر هێزەو هەر کەسە لە شوێنو لە کاتدا جێگەی تایبەتی خۆی وەرگرتووەو دەسەڵات بە ئاسانی دەتوانێت چییەتیو چۆنایەتی بخوێنێتەوە. بەڵام کە دەسەڵات کەوتە بەر لەرزینی گەورە، کە مێژوو پێشهاتی دیکەی وەبەرهێنا، ئیدی توانای بۆ خوێندنەوە کزو هەستکردنی بە مەترسی زۆر گـەورە دەبێت. تا سیستم دیکتاتۆریتر بێت پتر لە لێڵیو تاریکیو بێدەنگی دەترسێت، ئەوەی ئەمڕۆ لە فەزای سیاسی کوردستاندا نەخشی بۆ دەکێشرێت، ئـەوەی دوو خانەی گـەورە دەکێشرێتو بە یاسای «لەگەڵمدایت یاخود دوژمنیت» هەموو کردارو نووسینو قسەو ڕەفتارێک دەخوێنرێتەوە، هەڵقوڵاوی ئەو ترسەیە، میکانیزمی تێپەڕاندنو کپکردنی ئەو ترسەیە. ئەمڕۆ میکانیزمێک لە کوردستان خراوەتە گەڕ کە تاسەر ئێسقان فاشستیانەیە، ئەویش ئەوەیە هەموو مرۆڤێک دەبێت شوناسی خۆی ئاشکرا بکات، ئاشکرای بکات «دۆستە یان دوژمن»... لەم پرۆسەیەدا ئەوەی لەگەڵ دەسەڵاتدا نەبوو لەگەڵ دوژمنەکەیدایەو ئـەوەی لەگەڵ دوژمـنـدا نەبوو لەگەڵ دەسەڵاتدایە. لە ڕاستیدا ئەوە تەنیا دەسەڵات نییە کە ئەم داواکارییە ترسناکو دزێوەی هەیە، ئەم داواکارییە لە هەموو خانەیەکی کۆمەڵایەتییەوە دێتە دەرێ، لە عەقڵی کولتووری ئێمەوە دێتە دەرێ، لە مێژووی سیاسیمانەوە دێتە دەرێ، لە هەستو نەستی ئەو ڕۆشنبیرانەوە دێتە دەرێ کە بێ ئاگایی خۆیان ئەم دوالیزمە دەسەلمێنو ئیشی پێدەکەن، لەو فۆرمە ئەبەدییەی دوالیزمەوە دێتەدەرێ کە قاڵبەکانی هەستو تێفکرینی ئێمەی لە منداڵییەوە داڕشتووە. بەڵام ناشیرینترین پەرچەکردارێک لای من بەرامبەر ئەم دوالیزمە، ئەو دۆخی خۆشاردنەوەو بێدەنگییەیە کە هەندێک ڕۆشنبیران دەیگرنە بەر، ئەو ڕۆشنبیرانەی بە درێژایی وەخت ڕستەیەک لەسەر ئەم واقیعە نانووسنو شتێکی ئاشکرای دەربارە ناڵێنو ئەگەر شتێکیش بڵێن بە سەدان لەفافو بە چەندین شێوە لە تەمتومان دەیپێچن تا مانا ڕاستەقینەکەی باش نەگاتە جێ، ئەوانەی دەیانەوێت ئەم بێدەنگیو بیرنەکردنەوەیەی خـۆیـان وەک هـەڵـوێـسـت بـە مـێـژوو بفرۆشنەوەو کۆی بیرکردنەوەو گوتارەکانی دی بخزێننە ناو لۆچی ناو دوالیزمەکەوە، ئەمە بە بڕوای من گەیشتنی دوالیزمەکەیە بە پلەی باڵای بێشەرمیو بێڕەوشتی خۆی. ئیشی ڕۆشنبیر ئەوە نییە کە بچێتە ناو دوالیزمەکەوە یاخود لێی بێدەنگ بێت، ئیشی ڕۆشنبیر بە پێچەوانەوە ئەوەیە بە هەموو هێز دژ بە دابەشکردنەکەو لەگەڵ کردنەوەی بەردەوامی ئەگەری دیو شوناسی دیکەدا بێت کە ناچنە ناو ئەو دابەشکردنە یاخود ئیش بەو دابەشکردنە ناکەن. ئیشی ڕۆشنبیر ئەوەیە بڵێت: «ماڵاوا ئەی دۆستو دوژمن»، چونکە چەمکی دۆســتو دوژمـن دەبێت سەرەتا لە بیرکردنەوەو دواتر لە سیاسەتدا بسڕدرێتەوە. ئەوەی ئەم گەمەی دابەشکردنە قەبووڵ بکات، واتە ئەوە قەبووڵ دەکات کە ناوێکی بدەنێ کە ناوی خۆی نییە، شوناسێکی بدەنێ کە شوناسی خۆی نییە. سیاسەت لەو ساتەدا کە بۆ بەرچاوڕوونی دەگەڕێت، تەنیا بەسەر کوشتنی ڕەنگە مێژووییەکانو ئەگەرە مێژووییەکاندا ناڕوات، بەڵکو بەسەر مرۆڤبوونو کەرامەتی هەمووماندا وەک مرۆڤ دەڕوات، چونکە بە زۆر دەمانخاتە جێگەیەکەوە کە ماڵی ئێمە نییەو لەوێدا نینو شوێنی ئێمە نییە. هەر ئەم لۆژیکە بوو ئەنفالی دروستکرد، هەر ئەم خواستی بەرچاوڕوونییە بوو بەعسی لە ناوەوە دەبزواند تا هێڵێکی ئاشکرا لە نێوان دۆستو دوژمندا بکێشێتو دەیویست بە ڕوونی لەیەکیان جیا بکاتەوە. هــەر سیاسەتێک بــەدوای ئــەوەدا گەڕا دۆستی موتڵەقو دوژمنی موتڵەقی هەبێت، لە وێرانکارییو تیرۆرو ستەمدا دوایدێت. سیاسەتی دیموکراسی لەسەر چەمکی شوناسی ڕەهاو ماهییەتی داخراو ئیش ناکات، هەمیشە ئەگەری دیو ڕێگەی دیو بواری دی بۆ بەرامبەرەکەی دەهێڵێتەوە تا شتێکی دیکە بێت، نە دۆست بێتو نە دوژمن، بەڵکو خۆی بێت، ئەوە بێت کە هەیە، پنتێکی جیاواز بێت، ڕەنگێکی دی بێت، مافی ئەوەی هەبێت کەس لە ڕوانگەی «دۆستو دوژمنەوە» لێی نەڕوانێت، مافی ئەوەی هەبێت کەس نەیخاتە قاڵبی دوالیزمێکی داخــراوو زۆرکارییو سەپێنراوەوە. ئەمڕۆ سـەدان ڕۆشنبیرو نووسەر ئەم گەمەیەیان قەبووڵکردووەو بێشەرمانە ئیش بە لۆژیکەکەی دەکەن، بێ ئەوەی لەوە تێبگەن کە ئەوەی ئیشی پێدەکەن یەکێکە لە هەرە کۆنترینو کۆنزەرڤاتیڤترین میکانیزمە عەقڵییەکانی ناو دونیای ئێمە.

٣. ئەوەی ئەم سێ مانگەی ڕابوردوو لە مێژووی ئێمەدا لەگەڵ خۆیدا هێنای. ئەو هەموو هاوارە فەردیو ئەو هەموو دەنگە کۆمەڵایەتییە بوو، کە پێکڕا لەم سیستمە سیاسییە توڕەبوون. ئەوەی هەر کەسەو چیرۆکێکی تراژیدی لە ناو ئەم سیستمەدا هەیە، بــووە بە ڕاستییەک ڕۆژ دوای ڕۆژ گەورە دەبێت، بەڵام ئەم چیرۆکانە، ئـەم حیکایەتە بچوکانە، ئـەم ناڕازییە «پارتیکولارانە» وەک لە زمانی هاوچەرخدا ناودەنرێت، تەنیا کاتێک مانایان هەیە کە لە


**مرۆڤ لە ڕێگەی بیرکردنەوەوە لە ڕێگەی پرسیاری بەردەوامەوە، لە ڕێگەی ڕەتکردنەوەی هەموو ناوونانێکی هەمیشەییو موتڵەقەوە، لە ڕێگەی بەگژداچوونەوەی هەر هێزێکەوە، کە بیەوێت لەیەک بۆتەو یەک جوغزو یەک ماڵدا دیلمانبکات دەتوانێت لە پۆلێنە موتڵەقەکانو مۆراڵە داخراوەکان دەربچێت، نەوەک لە ڕێگەی خۆدزینەوەو بێدەنگیو خۆشاردنەوەوە. مرۆڤ کاتێک دەکەوێتە ناو ئەو دابەشکردنە قەسریو تیرۆریستییەوە، کە بێدەنگ بوو، کە بیری نەکردەوە، کە بۆ ئەگەرەکانی دەربازبوون نەگەڕا، کە گەمەکەو دابەشبوونەکەی بە بێدەنگ قەبووڵکرد.**

سنووری داوای تایبەتییەوە دەرچنو ببنە ڕەخنەو ڕووبــەڕووی تەواوی سیستمەکە بکرێنەوە. سلاڤۆ ژیژیک ئەم خاڵە ناودەنێت خاڵی دەرکەوتنی «سیاسەتی ڕاستەقینە» «هەڵبەت ئەمە زاراوەیەکی ژاک ڕانسێرە کە ژیژیک وەریدەگرێت، دواتر لە بەشێکی دیکەی ئەم باسەدا بە درێژیی دێمە سەر باسکردنی ئەم چەمکە لای ڕانسێر». ئەو خاڵەی کە تیایدا شتە تایبەتییەکان ڕوو لەوە دەکەن کە کۆی بونیادنانەوەی چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکە بخەنە بەرنامەوەو لە سنووری خواستی ناوخۆییو بچوکو لۆکاڵەوە دەگوازنەوە بۆ ئەوەی لە ئاستی باڵاتردا چۆنێتی سیستمەکە بخەنە ژێـر پرسیارەوە «بڕوانە S. ٥٦.. Ein Plädoyer für die Intoleranz S. Zizek.».

لە کوردستانیشدا گرنگ وەدیهێنانی ئەو بازەیە، واتە دوورکەوتنەوەیە لەم فۆڕمە تۆتالیتارییو ئەبستراکتو ناکۆکیکوژەی سیاسەت، بەرەو سیاسەتێک بتوانێت داوا بچوکو پارتیکولارو لۆکاڵەکان بخاتە سەر زمانێک کە تەواوی ئیشکردنی سیستمەکە بخاتە بەر پرسیاری گەورەوەو ناکۆکییەکان بینراوترو زەقتر بکاتەوە. ئەمە ساتی ڕاستەقینەی دەرکەوتنی سیاسەتە. بەڵام دروستکردنەوەی ئەم دوالیزمە کوشتنی تەواوەتی ئەو ئەگەرەیە، واتە لە جەوهەریدا خنکاندنو ترساندنی هەموو شوناسە بچوکەکانی دیکە لـەوەی سەرهەڵبدەنو بێنە قسە. ئەم دوالیزمە وادەکات پرۆسەی گواستنەوە لە داواکاری ژنێکی ئەنفالکراوەوە بـەرەو ڕەخنە لە کۆی سیستمی سیاسی نامومکین بـێـت، چونکە گـوتـاری ژنە ئەنفالکراوەکە بـەر لـەوەی لەدایکبێت، بەر لـەوەی قسەکانی خۆی تـەواو بکات، بەر لەوەی خەیاڵی سیاسی خۆی گەشە پێدابێت لە کایەی سیاسیدا ڕووبـەڕووی نامۆبوونێکی قووڵ دەبێتەوەو شوناسێکی دەدرێتیو تووشی ململانێیەکی سیاسی دەکرێت، کە مەرج نییە تەعبیر لەو ململانێیە بێت کە خـودی گووتارەکە مەبەستێتی. واتە پێشوەخت چەند مۆرێکی لێدەدرێتو دەخرێتە ناو خانەیەکەوەو سیفەتێکی سیاسی پێدەبەخشرێت کە جیاوازە لەو سیفەتە سیاسییەی کە خۆی هەڵگرێتی. ئەم دوالیزمە تەنیا بۆ ئەوە نایەت کە عەقڵو بیرکردنەوە گەمارۆ بدات، بەڵکو هەموو داواکارییە کۆمەڵایەتییەکان گەمارۆ دەدات، چیتر قوتابیان، گەنجان، ژنان، جووتیاران ناتوانن داوای هیچ بکەن، چونکە بەر لەوەی ئەوان بێنە قسە ئەم دوالیزمە خانەیەکی بۆ دانـاونو مۆرێکی لێداونو مانایەکی سیاسیو ئایدۆلۆژی بەسەر توڕەبوونو داواکارییەکانیاندا سەپاندووە.

٤. خاڵێکی دی کە ئەم دوالیزمە ترسناکەی سەپاندووە، ترسی سیاسییەکانی ئێمەیە لە ڕابوردوو و داهاتوو. تەواوی نوخبەی سیاسی ئێمە لە ڕابوردووی خۆی دەترسێت. بە جۆرێک کە پێدەچێتو وادەردەکەوێت کە ڕابوردووی سیاسی ئێمە پێکڕا لە ناشیرینی چنرابێت، ئەمە ڕاستییەکە دەبێت هەموو دانی پیابنێین تا بتوانین بیر لە شتێکی نوێ بکەینەوە. ئێستا لە نێوان نوخبەی سیاسیدا شـەڕێک هەیە کە دەتوانین بە شەڕی نهێنییەکانی ڕابــوردوو ناویبنێین. وەک ئەڵمانەکان دەڵێن، هەریەکەو «لاشەیەکی لە ژێرزەمینەکەدا هەیە» کە نایەوێت دەربکەوێت، بەڵام لاشەکە بۆنی دێت. لەم شەڕەدا هەموو هەڕەشەی ئەوە دەکەن، کە ڕابوردوو ئاشکرا دەکەن، بەڵام بە بڕوای من مرۆڤ دەتوانێت تەواو پاڵبداتەوەو کاتی خۆی بەو هەڕەشە بەتاڵانەوە نەکوژێت، چونکە بەوەدا زۆر لە سیاسییەکان لاشەیان لە ژێر زەمینەکەدا هەیە، کەس جورئەتی ئەوەی نییە تا کۆتایی لەگەڵ هەڕەشەکانی خۆیدا بـڕوات. کەس توانای ئـەوەی نییە شەڕی ئاشکراکردنی ڕابـوردوو بگەێنێتە کۆتایی خۆی، واتە کەس جورئەتی نییە دەرگا لەسەر ئەو چەپێنراوە سیاسییە بکاتەوە، کە باری ویژدانی سیاسی ئێمەی قورسکردووەو دەیەوێت بێتە دەرێو بگەڕێتەوە. هەتا ئێمە وەک کۆمەڵگەش نەگەیشتووینەتە ئەو ئاستە لە ئازایەتی، بەڕوونی سەیری ڕابوردووی خۆمان بکەینو چەپێنراوی سیاسی خۆمان بچوک بکەینەوە، بەڵام کێشەکە لەوەدا نییە کە کێ هەڕەشە لە کێ دەکاتو دەیەوێت چی ئاشکرا بێتو مــەودای ئازایەتیو غیرەتی لەو ئاشکراکردنەدا چەندە، بەڵکو کێشەکە لەوەدایە کە ئەم ڕابوردووە ئاسان لە بیرناچێتەوە. چەپاندنی ڕابوردوو مانای نەبوونی نییە، بەڵکو مانای گەڕانەوەی تارماییو سێبەرەکانێتی بەشێوەی دیکە، لێرەوە بۆ ئەوەی بتوانین ئێستای خۆمان لەگەڵ دونـیـادا بگونجێنین دەبێت ئەو ڕابــوردووە هەرچی زیاتر بچەپێنرێتو هەرچی توندتر دەرگاکانی دابخرێتو هەرچی زۆرتر بەربەستی بۆ دروستبکرێت، بۆ ئەوەی بۆنی لاشەکان دووبارە نەگاتەوە سەرێ. لێرەوە ئەم قۆناغە قۆناغی چەپاندنی ڕابوردووە، قۆناغی بیربردنەوەیەتی، قۆناغی هەڵهاتنە لە ڕابــوردوو، قۆناغی تێکدانو ڕووگۆڕینو شێوە شێواندنێتی. ئەوەی لیستی کوردستانی لە هەڵبژاردنیدا باسی لە جوانی ڕابوردوو دەکرد، بەشێک بوو لە پرۆسەی شێواندنو تێکدانو شێوە گۆڕینی ڕابوردوو لە پێناوی زیاتر چەپاندنو زیاتر لە یادکردنیدا، واتە میکانیزمێکی ئاشکراو سایکۆلۆژیو تا ڕادەیەک کاڵو نەگەییو بوو بۆ گەورەکردنی هەرچی زیاتری مەودای «چەپێنراوی سیاسی ــ المكبوت السياسي» لە کۆمەڵگەی ئێمەدا.

«  «




واتە تەنیا ئەودیوە دەبینن کە رەخنەیە لە دەسەڵات‌و ئەودیوە نابینن کە رەخنەیە لە کۆی کایەی سیاسی‌و میکانیزم‌و مۆراڵی ناو ئەم کایەیە. هەروەها رۆشنبیرانیش تێیکەوتوون کە لە قسەکردنیاندا بە جۆرێکی تراژیدی لە سیاسەتدا نوقومبوون‌و دیدگایەکی رەخنەییان بۆ سروشتی کایەکەو چالاکییەکانی نەماوە. ئەم دەردە کوشندەیە کە لە فیکردا تەنیا سیاسەت ببینیت‌و لە نووسیندا تەنیا بۆ تۆوی ئینتیمای سیاسی بگەڕێیت، دەردێکە پێشتر لە هەموو وتارەکانی پێشوومدا بەوپەڕی درێژیی قسەم لەسەر کردووە، بەڵام کوێری‌و دۆگماتیزمی حیزبی‌و تێنەگەیشتن لە فیکرو خانە خانەکردنی دونیاو پۆلێنکردنی بەپێی مەزاجی سیاسی دەردێکی وەها کۆن‌و کوشندەیە، چەندە لاوازبێت، چەندە وا هەستبکەین مردووە، دووبارە بە دەمامکی نوێوە دەگەڕێتەوە سەر شانۆ. ئەم خانە خانەیە کۆن لە نێوان بێدین‌و دینداردا دەکرا، هەموو گووتارێک دەخرایە ناو ئەو دوو لانەیەوە، هەموو تێڕامانێک لە دین‌و لە دونیا لەو لۆژیکە سەتحی‌و کورتبڕو دابەشکردنە زۆرکارییەوە سەریهەڵدەدا، ئەمڕۆ وەرگەڕاوەو بووە بە دوالیزمێکی دیکەو دوولانەیەکی نوێ لە نێوان «گۆڕان‌و نەگۆڕان» «دەسەڵات‌و ئۆپۆزسیۆن»داو خودی ئەم دابەشکردنەش کراوەتە دابەشکردنێکی سیاسی موتڵەق. فۆڕمی ئەم دوالیزمە «دوولانەسازییە» لە جەوهەریدا فۆرمێکی دینییە کە لەسەر دابەشکردنی دونیا بۆ «بڕوادار – بێ بڕوا. موسڵمان – کافر» دروستبووە، واتە دابەشکردنێکی کلاسیکی کۆن‌و کوشندەیە، کە دووبارە لەم چرکەساتەدا دەگەڕێتەوەو فۆڕمی سەردەم‌و سروشتی قۆناغەکە وەردەگرێت‌و لەژێر دەمامکێکی نوێدا دێتەوە مەیدان. هەموو دەزانین کە ئەم دوالیزمە دینییە، لە رۆژگاری هاتنی مارکسیزمدا گۆڕا بۆ دابەشکردنی دونیا لە نێوان پرۆلیتاریاو بۆرژوازییەتدا، هەموو نووسینێک‌و هەموو گوتارێک دەبایە لە یەکێک لەو دوو خانەیەدا بووایە، هەر لایەنێک نەیتوانیبایە بە رۆشنی پرۆلیتار بێت ئەوا بۆرژوازی بوو، هەر نووسەرێکیش بە روونی مارکسی نەبووایە ئەوا سەر بە بەرەی ئیمپریالیست بوو «نابێت لەبیرمان بچێت کە بەڕێوەبەری مەکینە ئایدۆلۆژییەکانی حیزب لەمڕۆدا، هەر مارکسییەکانی دوێنێن کە فۆڕمی ئەو دوالیزمە عەقڵییە دێرینە، ئۆتۆماتیکی بەسەر فۆڕمی هەموو ناکۆکییەکی هاوچەرخیشدا دەسەپێنن». لە ناو بزاوتی ناسیونالیستی کوردیشدا دیسانەوە هەر ئەم فۆرمە ئیشیدەکرد، لە کاتی شەڕی ناوخۆدا هەر کەسێک لە رووی یەکێتی نەبوایە پارتی بوو، هەر کەسێکیش بە رووی پارتی نەبوایە یەکێتی بوو، کار گەیشتە ئەوەی نووسەران نەتوانن لە نێوان سلێمانی‌و هەولێردا هاتوچۆ بکەن، ئەوەی لە هەولێر دابنیشتایە پارتی‌و ئەوەی لە سلێمانی دابنیشتایە یەکێتی بوو، ئەوەی لە «رامان» چیرۆکێکی بڵاوبکردایەتەوە تۆمەتی پارتیبوونی دەخرایە پاڵ‌و ئەوەی لە «گەلاوێژی نوێ» وتارێکی بنووسیبایە مۆری یەکێتی لێدەدرا. ئەم عەقڵییەتە تاسەر ئێسقان نەخۆشە ئەمڕۆ گەڕاوەتەوەو بێشەرمانە ئیشدەکات، ئێستا هێدی هێدی خەریکە پۆلیس‌و قۆمیسەرە ئایدۆلۆژییەکانی عەقڵ دەکەونەوە کار، تا ئەو رۆڵە دێرینەی خۆیان ببینن کە لە توانای تیرۆرو هێزی شێواندن زیاتر هیچی دیکەی پێویست نییەو هیچ بەهرەیەکی ناوێت. بەداخەوە ئەم دوالیزمە لەسەری زۆر زۆر کەسی دیکەشدا ئیشدەکات، لە هەمووشی ترسناکتر ئەوەیە لەسەری هەندێک نووسەرو رۆشنبیردا ئیشدەکات کە خۆیان بە جۆرێک لە جۆرەکان لە بەرەیەک لە بەرەکاندا وەها نوقمبوون، مەودایەکی ئەخلاقییان بۆ بیرکردنەوەی ئازاد لا نەماوەو عەقڵیشیان بۆ ئەوە ناچێت، کە شتێک هەیە دەشێت ناوی بیرکردنەوە بێت، بیرکردنەوەیەک لە خۆیداو لە سەرجەم دیمەنەکان‌و لە سەرجەم گرفتەکان، بەبێ ئەوەی بکرێت بە زۆرەملێ‌و بە تۆپزی پێوەرە حیزبییەکانی بەسەردا بسەپێنرێت. لای ئەم ئایدۆلۆژیستە تەسکبیرانە بەوەدا لەگەڵ ئەو نیت، کەواتە لە خانەکەی تردایت‌و دوژمنیت. ئەم دوو بەرەییە لە نێوان دەسەڵات‌و ئۆپۆزسیۆندا لە بری ئەوەی ببێتە جیاوازی نێوان دوو پرۆژە، دوو جۆرە نیگا بۆ پاشەڕۆژی کۆمەڵگە، هێدی هێدی خەریکە دەبێتەوە دابەشبوونێکی دینی موتڵەق لە نێوان چاکەو خراپە، رەش‌و سپی، شەیتان‌و فریشتە، بەهەشت‌و دۆزەخدا. ئەم دابەشکردنە موتڵەقە خەریکە نەوەک تەنیا ئەوانە لەگەڵ خۆیدا دەبات کە بەڕاستی لەمبەرو ئەوبەری هاوکێشە سیاسییەکەن، بەڵکو هەموو ئەوانەش دەبات کە بەناوی بێلایەنی‌و ترس لەوەی قسەکانیان بە هەڵە تەفسیر نەکرێت‌و بێجورئەتی لەوەی بیربکەنەوە، بەرەو دووبارەکردنەوەی هەمان دابەشکردنی ستەمکارانەو غەیبانیانەی بردوون. من لە ماوەی رابردوودا قسەم لەگەڵ دەیان کەسدا کردووە لە شاعیران‌و نووسەران‌و وەرگێڕانی کورد، هەموو لەشیان لەوە لەرزییەوە، کە نەکەونە بەرەیەکەوە، بێ ئەوەی لەوە تێبگەن خودی ئەم راکردنە، خودی ئەم بێدەنگییە گەورەترین پلەی تەسلیمبوونە بەو دابەشکردنە، بێ ئەوەی لەوە تێبگەن کە ئەو بیرنەکردنەوەیە، ئەو ترسنۆکییە، ئەو سەرخستنە ناو لمەوە گەیاندنی تەواوی دوالیزمەکەیە بە دەسەڵاتی موتڵەقی خۆی. مرۆڤ ناتوانێت لە رێگەی بێدەنگی‌و خۆشاردنەوەو قسە نەکردنەوە بێلایەنی خۆی بپارێزێت، وەک هەندێک زۆر کۆمیدییانە تێیگەیشتوون، بەڵکو لە رێگەی قسەکردن‌و دیالۆگ‌و وروژاندن‌و بیرکردنەوەوە ئەو مەودایە دەپارێزرێت، کە پێویستە مرۆڤ بیپارێزێت. بە بۆچوونی من قەبووڵکردنی ئەو دابەشکردنە زۆرکارییەو بێدەنگبوون لێی هەردووکیان یەک شتن، ئەوانەی بە ناوی ئینتیماوە ئەم دابەشکردنەیان قەبووڵەو ئەوانەی بە ناوی بێلایەنییەوە دەیسەلمێنن، هەردووکیان لە رووی بەشدارییانەوە لە بەرهەمهێنانەوەی هاوکێشەکەدا وەکو یەک وان. ئەوانەی قەبووڵی دەکەن بە زۆر بێلایەنیان بەسەردا بسەپێنرێت، بێلایەنی‌و بێدەنگی‌و بیرنەکردنەوەو گەمژەیشیان خستووەتە یەک تەرازووەوە، وەک ئەوانە وان کە قەبووڵی دەکەن بە زۆر لایەنێکیان بەسەردا بسەپێنرێت. مرۆڤ لە رێگەی بیرکردنەوەوە لە رێگەی پرسیاری بەردەوامەوە، لە رێگەی رەتکردنەوەی هەموو ناونانێکی هەمیشەیی‌و موتڵەقەوە، لە رێگەی بەگژداچوونەوەی هەر هێزێکەوە کە بیەوێت لەیەک بۆتەو یەک جوغزو یەک ماڵدا دیلمانبکات دەتوانێت لە پۆلێنە موتڵەقەکان‌و مۆراڵە داخراوەکان دەربچێت، نەوەک لە رێگەی خۆدزینەوەو بێدەنگی‌و خۆشاردنەوەوە. مرۆڤ کاتێک دەکەوێتە ناو ئەو دابەشکردنە قەسری‌و تیرۆریستییەوە کە بێدەنگ بوو، کە بیری نەکردەوە، کە بۆ ئەگەرەکانی دەربازبوون نەگەڕا، کە گەمەکەو دابەشبوونەکەی بە بێدەنگ قەبووڵکرد. ئەوانەی وا دەبینن مرۆڤ لەم دابەشکردنە موتڵەقەدا «کە بەداخەوە کەسانێک لە هەردوولا پێی هەڵدەستن» هەموو کەس دەبێت لە بەرەیەکدا بێت، هاوکێشەکەیان گەیاندووەتە ئەو دەرەنجامە پڕوپووچەی کە بێلایەن تەنیا ئەو کەسەیە کە بێدەنگەو قسە ناکات، بێلایەن ئەوەیە کە لاڵە، کە نابینێت، کە دەرکی نییە، کە تێناگات، واتە لە لۆژیکی ئەم ماشێنە سیاسییەدا ئەوەی لە ناو دوالیزمەکەدا نییە، تەنیا شێتەکان‌و لاڵەکان‌و ترسنۆکەکانن. لە لۆژیکی ئەم بەرداشی جەهلەدا ئەوانەی کە سەریان دەکەن بە ژێر لمەوە، کە بیرناکەنەوە، کە بەشداری ساتەوەختە مێژووییەکانی ناو دونیای خۆیان ناکەن، ئەمانە دەبنە بکەری باش‌و هەموو ئەوانەی کە بیردەکەنەوەو دەپرسن‌و لە شیکردنەوەی واقیعدا بەشدارن دەبن بە گوناهبار. بە پێی ئەمان مرۆڤ هێندە قسەیکردو بیریکردەوە، ئیدی بیرکردنەوەو قسەی نرخیان نییە، بەڵکو ئەو شوێنە دەخوێنرێتەوە کە قسەی لێوە دەکەیت... قسەکان خۆیان وندەبن، چونکە ئەم عەقڵە پێشتر دونیای کردووەتە دوو خانەو ناتوانێت لە لۆژیک‌و دەسەڵاتی ئەم دابەشکردنە وەهمییەی خۆی بۆ جیهان دەربچێت، ئەو دیلی ئەم دابەشکردنەیە، ئەو وێنەی کەسێکی کێشاوە، بەڵام وەک «هێر کیونێر» لە یەکێک لە چیرۆکەکانی برێختدا، نایەوێت وێنەکە لە کەسەکە بچێت، بەڵکو هەوڵدەدات کەسەکە لە وێنەکە بچێت. سیاسییەکانی کورد ئەمڕۆ وێنەیەکیان کێشاوەو هەموویان وەک هێر کیونێری برێخت هەوڵدەدەن ئێمە لە وێنەکەی ئەوان بچین. ئیدی ئێمە خۆمان چین، ئەوە گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە هێر کیونێر کارێک بکات رووخساری ئێمە لە هێڵکارییەکەی ئەو بچێت. ئەم دابەشکردنەی ئەمڕۆی دونیای ئێمە لە نێوان ئەوانەی کە لە دهۆک گۆڤاری لڤین دەسووتێنن‌و ئەوانەی لە کەلار کتێبەکانی فەرهاد پیربال دەسووتێنن، درێژکراوەی ئەم دابەشکردنە زۆرکارییەیە کە سەد ساڵە لە ناو عەقڵی تەسکی دینیی‌و سیاسی ئێمەدا دووبارە دەبێتەوە، فۆڕمی هاوچەرخ‌و نوێی گرفتێکی زۆر کلاسیکی‌و دێرینە، کە گرفتی دروستکردنی دوالیزمی رەهایە لە عەقڵی کوردیدا.

ئەوەی دەیەوێت هەموومان بخزێنێتە ناو دابەشکردنە زۆرکارییەکەی خۆیەوە، هەموومان بچینە ناو دابەشکردن‌و خانەسازییەکەی ئەوەوە، کەسێکە ناتوانێت لەوە تێبگات، کە چارەسەری گەورە ئەوەیە ئەو خۆی لەم عەقڵییەتی دابەشکردنە دینییە پاک بکاتەوە، ئەو سیستمی بیرکردنەوەی خۆی بگۆڕێت، ئەو تێبگات کە ئەم دابەشکردنە موتڵەقەی ئەمڕۆ پیادەی دەکات، درێژکردنەوەی ئەو دابەشکردنە کۆنەیە کە لە نێوان «کافرو ئیماندار» «پرۆلیتاریاو بۆرژوازی» «جەلالی‌و مەلایی» «کوردستانی‌و عێراقی» «پارتی‌و یەکێتی»دا هەبوو، کە هەموویان یەک لەدوای یەک هەرەسیان هێنا... لەوە تێناگات کە ئەم دابەشکردنانە وەهمی‌و درۆزن‌و کەمخایەن‌و ئایدۆلۆژین‌و تەنیا لە عەقڵی ئەودا هەیەو بەرهەمی عەقڵی ئەوەو چارە ئەوەیە بۆ سیستمێکی دیکەی بیرکردنەوە بگەڕێت. لەو راستییە ناگات کە ئەمە هەمان کۆپی دوولانە دزێوەکانە، کە سەرلەنوێ لەسەر دەستی کوڕانی ئەو کولتوورە دزێوەدا دروستدەکرێتەوەو لە رێگەیەوە هەوڵدەدرێت هەموو ژیان‌و هەموو کۆمەڵگە «جگە لەوانەی کە هیچ نالێن‌و هیچ نابینن‌و هیچ بیرناکانەوە» بخرێتەوە ناو ئەو دوو خانەیە. کێشەی ئەم عەقڵییەتە لەوەدایە کە کاڵی‌و ناکاملی بە ئەندازەیەکە گەر جیهان بۆ ئەم دوولانەیە دابەش نەکات ناتوانێت تێیبگات. ئەم سادەکردنەوەیەی دونیا کۆمەکی گەورەی پێدەکات خۆی لە هەموو رەخنەیەک لە ژێر ناوی «بەرەی دوژمن» دا لابدات، بەڵام مەترسییەکە لەوەدا نییە کە ئەم عەقڵییەتە شوناسێک بەسەر مرۆڤەکان‌و تێکستەکاندا دەسەپێنێت کە شوناسی خۆیان نییە، بەڵکو لەوەدایە کە ئەو تێزە جەوهەرییەی کە پێکهاتی سەرەکی دیموکراسییەتەو ناوی «هەڵبژاردنی ئازاد» یاخود «توانای هەڵبژاردنی ئازادە» لە هەموو ئاستەکاندا دەکوژێت. لێرەوە هەموو ئەوانەی کە ئەم گەمەیە بە جۆرێک لە جۆرەکان قەبووڵدەکەن، تێزەکانی دووبارە دەکەنەوە، تووتیانە قسەی دروستکەران‌و وەگەڕخەرانی دەکەنەوە هیچ نین جگە لە بکەرانی راستەقینەی ئەم دوولانەیە. ئەوانەی لە بەرەی دەسەڵات یان گۆڕاندان ئاساییە، کە دوولانەییەکی لەو چەشنە لە نێوانیاندا دروستببێت، بەڵام ئەوەی ترسناکە ئەوەیە کە ئەم لۆژیکە سروشتێکی رەهاو هەمەلایەن‌و سەرتاسەر وەربگرێت. ئەم دوالیزمە ببێتەوە بە میتادوالیزم کە هەموو گووتارێک‌و رستەیەک‌و وشەیەک لە رۆشنایی ئەم دوالیزمەدا تەفسیر بکرێتەوە. لێرەوە بکوژانی سەرەکی ئازادی لەم ساتەدا بە تەنیا ئەوانە نین کە لە مینبەری دەسەڵاتەوە پەلاماری هەموو شتێک دەدەن کە بە بڕوای ئەوان لە «رکێفی دەسەڵاتدا نییە»، بەڵکو ئەوانەشن کە بەشداری دەکەن لە گەورەکردن‌و فراوانکردن‌و سەپاندن‌و چەسپاندنی ئەم دوالیزمەدا. ئەوانەی ئەمڕۆ جیاوازی نێوان گۆڕان‌و دەسەڵات دەگۆڕن بۆ دوالیزمێکی داخراو، بۆ دوو بەرەییەکی رەها، بۆ سەنگەر گیرییەکی سەرتاسەری کە تیایدا دوو دەستە دوژمن لە بۆسەی یەکدا دانیشتوون، ئەوانەن لە سەرەتاکانی لۆژیکی ململانێی سیاسی ئازادو پرەنسیپە هەرە سەرەتاییەکانی بیرکردنەوەی ئازاد تێناگەن، ئەمانە تەنیا رۆشنبیر ناترسێنن لەوەی کە نەوێرێت هیچ شتێک بڵێت نەبا بکەوێتە ئەو دووخانەیەوە، بەڵکو داواکارییە کۆمەڵایەتییەکان‌و خواستی مرۆڤە سادەکانیش دەکوژن، کە دەبێت دووبارە داواکارییەکان‌و خواستەکانیان بخنکێنن نەبا بکەونەوە ئەو دووخانەیەوەو نەبا داواکارییەکانیان مۆرێکی تایبەتی لێبدرێت‌و بە بەهانەی گوناهێک کە نەیانکردووە بخنکێنرێت. بە کورتی تەسلیمبوون بەم دوالیزمە، ئیش نەکردن لە دژی، رانەوەستان لە روویدا گەورەترین هەڵەیەکە دەبێت لە ئێستادا بیکەین، چونکە ئەوە دەرگا لەسەر قۆناغێکی نوێی چەپاندنی فیکری‌و سیاسی دەکاتەوە. کێشەکە ئێستا ئەوە نییە ئایا مرۆڤ لەگەڵ گۆڕاندایە یاخود لەگەڵ پارتی‌و یەکێتیدایە، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە کێشەکە نەبێتە ئەوەی پرسیاری سەرەکی فەزای سیاسی‌و کۆمەڵایەتی ئێمە ببێت بەوەی: «ئایا لەگەڵ گۆڕاندایت یان لەگەڵ پارتی‌و یەکێتیدایت؟»... گۆڕان مانای ئەوەی لەمجۆرە دوالیزمە دەرچین، فەرد نەخرێتە نێوان هەڵبژاردنێکی زۆرکاری‌و پێشوەختەوە، دەرگای لەدایکبوونی ئەگەری سیاسی نوێ بەردەوام کراوە بێت، شوناسی ئایدۆلۆژی داخراوو ئینتیمای ناعەقڵانی‌و لایەنخوازی دۆگمائی بمرێت. ئینتیمای رەهاو بێ چەندو چوون کۆتایی بێت، کەس مەحکوم نەبێت بەوەی ئەمڕۆ هەڵیدەبژێرێت وەک مۆرکردنی عەقدێک بێت تا مردن لە ئەستۆی نەبێتەوە، کەس نەخرێتە بەرەیەکی سیاسییەوە وەها کوێری بکات توانای گومان‌و توانای بینین‌و توانای رەخنەی تێدا بکوژێت. خودی گۆڕان لە جەوهەردا مانای تێکشکاندنی هەموو دوالیزمێکی رەهاو تۆتالیتارە، چونکە لە دایکبوونەوەی وەها دوالیزمێک، دەتوانێت تا زەمانێکی نادیاری دیکە، بیرکردنەوەو ئازادی بیرکردنەوەو شەرەفی بیرکردنەوە بکوژێت‌و بیشێوێنێت.

کێشەی ئەم دابەشکردنە رەهایە ئەوەیە، کە پێش وەخت ئەگەری هەڵبژاردنی ئازاد لە هەموومان دەستێنێتەوە. هەموومان دەخاتە بەردەم ئەو دوو ئەگەرەی خۆی پێشتر دیاریکردووە. دروستکردنەوەی ئەم دوالیزمە کلاسیکییە لە کۆمەڵێک جومگەی سەرەکییەوە خزمەت بە دروستکردنەوەو بونیادنانەوەی پێکهاتە کۆنزەرڤاتیڤەکەی کۆمەڵگە دەکات‌و لە بری نوێبوونەوە خزمەت بە نوێبوونەوەی کۆنزەرڤاتیزمی کوردی دەکات. یەکەم: لە رێگەی ئەم دوالیزمەوە هەوڵدەدرێت کە سروشتی ئەنتاگۆنیستی «ناکۆکی» کۆمەڵگە بکوژرێت‌و داپۆشرێت. دووەم: بەرچاوڕوونییەکی درۆزن لە کۆمەڵگەدا

**بکوژانی سەرەکی ئازادی لەم ساتەدا بە تەنیا ئەوانە نین کە لە مینبەری دەسەڵاتەوە پەلاماری هەموو شتێک دەدەن کە بە بڕوای ئەوان لە «رکێفی دەسەڵاتدا نییە»، بەڵکو ئەوانەشن کە بەشداری دەکەن لە گەورەکردن‌و فراوانکردن‌و سەپاندن‌و چەسپاندنی ئەم دوالیزمەدا. ئەوانەی ئەمڕۆ جیاوازی نێوان گۆڕان‌و دەسەڵات دەگۆڕن بۆ دوالیزمێکی داخراو، بۆ دوو بەرەییەکی رەها، بۆ سەنگەر گیرییەکی سەرتاسەری کە تیایدا دوو دەستە دوژمن لە بۆسەی یەکدا دانیشتوون، ئەوانەن لە سەرەتاکانی لۆژیکی ململانێی سیاسی ئازادو پرەنسیپە هەرە سەرەتاییەکانی بیرکردنەوەی ئازاد تێناگەن، ئەمانە تەنیا رۆشنبیر ناترسێنن لەوەی کە نەوێرێت هیچ شتێک بڵێت نەبا بکەوێتە ئەو دووخانەیەوە، بەڵکو داواکارییە کۆمەڵایەتییەکان‌و خواستی مرۆڤە سادەکانیش دەکوژن، کە دەبێت دووبارە داواکارییەکان‌و خواستەکانیان بخنکێنن نەبا بکەونەوە ئەو دووخانەیەوەو نەبا داواکارییەکانیان مۆرێکی تایبەتی لێبدرێت‌و بە بەهانەی گوناهێک کە نەیانکردووە بخنکێنرێت**

# هەڵەیەکی باو باشترە لە ڕاستیەکی ونبوو



سەرگوڵ مستەفا ئەحمەد*

الغلط الشائع أفضل من الحقيقة الضائعة

ئەمەی سەرەوە پەندێکی عەرەبییە کە باس لە گەشتیارێک دەکات کە ڕێی دەکەوێتە ناوچەیەک دەبینێت بە هەڵە پرتەقاڵ دەخۆن، توێکڵەکەی دەخۆن‌و ناوەکەی فڕێدەدەن، زۆر هەوڵدەدات ڕاستییەکەیان بۆ دەربخات، بەڵام هیچ سوودی نابێت، لە کۆتاییدا گەشتیارەکە لە دەرخستنی ڕاستییەکە دەستهەڵدەگرێت تا لە ناوچەکەدا وەک دوژمن سەیرنەکرێت کە لە گەشتەکەی دەگەڕێتەوە لێی دەپرسن لەم گەشتەدا چی فێربوویت ئەویش ئەم دێرە دەڵێت (عرفت أن الغلط الشائع أفضل من الحقيقة الضائعة)، واتا فێربووم کە هەڵەیەکی باو باشترە لەڕاستییەکی ون، لە کۆمەڵگەی کوردیدا زۆرن ئەو بەها جوانانەی کە ونکراون‌و هەوڵی ونکردنیان دەدرێت، قسەی ئەم نووسینەم لەسەر یەک دیاردەیە لەو دیاردانەی کە خەریکە دەبێتە (هەڵەیەکی باو) ئەویش دیاردەی پێشێلکاریی یاساو کارکردنە بەدەر لە ڕێنماییە گشتییەکان، کار گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی کە هەندێک گروپ‌و لایەن وەک دەستکەوتێک باس لەوە دەکەن کە توانیویانە لە ماوەی ڕابردوودا لەسەرو یاساوە کاربکەن‌و هیچ یاسایەک سنووری دەسەڵاتی ئەمانی پێ دیارینەکراوە، هەر لەبەرئەوەشە کە بەڵێن بە کەسانی سادە دەدەن ئەگەر تاوانێکیشت ئەنجامداو دەستگیرکرایت ئێمە دەتوانین بە فلان کەس بڵێین بەرت بدات، بە مەرجێک ببێتە لایەنگری ئێمەو کار بۆ بەرژەوەندی ئێمە بکەن، وەک تانەش باس لەوەدەکەن فلان لیست داوای ئەوەدەکەن دەقی یاساکان وەک خۆی جێبەجێبکرێت تەنانەت بەسەر خۆشیاندا... ترسناکیی ڕووداوەکە لەوەدا دەبینمەوە کە دەستەیەک بیەوێت دۆخێک بخولقێنێت کە تێیدا هەڵگرتنی پەیامی یەکسانی هەمووان لەبەردەم یاساو ڕێنماییەکان، پێدانی حەق بە هەموو خاوەن حەقێک بێ گوێدانە (مەحسوبیەت‌و مەنسوبیەت) ببێتە عەیبەو لۆمە بکرێین لەسەری‌و کارکردن لەسەرو یاساو ڕێنماییەکانەوە ببێتە سیفەتێکی خواستراوو خاڵێکی بەهێز لە سیڤی حیزبێک یان لایەنێکی دیاریکراو. دەستەیەک کە بیانەوێت وەک دوژمن سەیری یەکتری بکەین، سەد پاساویشمان دەخەنەبەردەست بۆ دوژمنایەتیکردنی یەکتری، دووبەرەکی نانەوە لەنێوان لایەنگرانی لیستە جیاوازەکان، بۆیە بەر لە هەر هەڵبژاردنێکی دیکە، دەبێت بە جدیی کار بۆ ئەوە بکرێت ئەم هەڵە ترسناکە (کارکردن لەسەروو یاساوە)، نەبێتە هەڵەیەکی باو ئەویش بە دەرخستنی ڕووی تاوانی ئەو جۆرە بەڵێنانەو هەروەها قێزەونی ئەم کردەوەیە لەڕووی کۆمەڵایەتی‌و دینیشەوەو دەرخستنی ئاکامە خراپەکانی بەسەر سەرجەم کۆمەڵگەدا، بڵاوکردنەوەی فیکری (مابنیة علی الباطل فهوة باطل) من پێموایە کە هیچ یاسایەکی ئاسمانی‌و زەمینی ناتوانێت ڕێ لە ڕوودانی هەڵەو تاوان بگرێت‌و بنەبڕی بکات بە تەواوی، بەڵام بە سزادانی هەڵەکاران‌و تاوانباران بەپێی یاسا ڕێ لە تەشەنەکردنی ئەو هەڵەو تاوانانە دەگیرێت لە سنوورێکی تەسکدا دەیهێڵێتەوە، ئەی ئەگەر یاسا بەم ئەرکە گرنگەی خۆی هەڵنەستا؟ ئەوە ئەرکی پەرلەمانتارانی هێزی ئۆپۆزسیۆنە ئەوەیە کە ئەو نایاساییانە بۆ ڕای گشتیی‌و کۆمەڵانی خەڵک دەربخەن. خۆ ئەگەر نا کاربگاتە ئەو ڕادەیەی هەڵگرانی دروشمی سەروەریی یاساو ڕاستییەکان وەک دوژمن مامەڵەبکرێن، ئەوا وەک گەشتیارەکە زۆرێک لە کەسان کۆڵدەدەن لە دەرخستنی ڕاستییەکان‌و سەرئەنجام ئەوانیش دەکەونە ژێر کاریگەریی هەڵە باوەکانی کۆمەڵگەوەو لە کۆتاییدا توێکڵەکە دەخۆن‌و پرتەقاڵەکە (ڕاستییەکە) هەڵدەدەنە زبڵدانی ڕۆژگارەوە، تەنیا بەو پاساوەی کە لەناو کۆمەڵگەکەی خۆیدا وەک دوژمن سەیرنەکرێت‌و هەر ڕۆژەی سیفەتێکی نەشیاوی (گێرەشێوێن، خائین، کافر، بێدین،...) نەخەنە شوێنیان.

لە کۆتاییدا...بەو پەڕی بڕوای خۆمەوە کە ڕاستی هەرگیز ون نابێت، هەمیشەو لە هەموو کاتێکدا ڕاستی‌و ڕاستگۆیی باشترە لە سەد هەڵەی باو، بەڵام ئەگەر وەک پێشینان باسیان لێوەکردووە کەسانێک هەبن لەکاتی هەڵبژاردندا (هەڵەی باویان لاباشتربووبێت لە ڕاستیەکی ون) بە خاتری ئەوەی لە کۆمەڵگەدا بە ئاسوودەیی بژین، وەک دوژمن سەیرنەکرێن ئەوە دەبێت شتێک حەقیان بدەین‌و دوای دەرکەوتنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان‌و ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی فیکری گۆڕان بەدەستیهێناوە، نابێت وەک کەسێکی بێ ئیرادە مامەڵە لەگەڵ لایەنگری هیچ لیستێکدا بکەین، یا وەک پاشکۆ بۆ حیزبێکی دیاریکراو لە قەڵەمیان بدەین، بەپێچەوانەوە جارێکی دیکە دەرکەوتنی دیموکراسی‌و بیروڕای جیاواز بۆ بەرژەوەندیی سەرجەم چین‌و توێژێک بکەینە دەسکەوتی هاوبەشی نێوانمان، لەو ڕاستییە تێبگەین کە بەو جیاوازی فیکرو توانای ئیرادەی نێوانمان توانیمان گۆڕان بکەین‌و هەوڵی گۆڕینی بارودۆخە نایاساییەکان بدەین، ئەو دۆخەی ئومێدی گۆڕانی لێکردبوون بە ئومێدێکی ئەستەم، هەولبدرێت بە بیرۆکەی بەیەکەوەژیان جێی بیرۆکەی دووبەرەکی نانەوەبگرێت، ئەرکی هەمووشمانە ڕێنەدەین بە هیچ شێوەیەک هەڵەی پێشێلکاریی یاسا ببنەوە بە (هەڵەی باو)، لەویش گرنگتر ئەوەیە ڕێنەدەین هیچ ڕاستییەک، بەتایبەت ڕاستی ئەوەی ئەوەی لەسەر پوچەڵ بنیادبکرێت پوچەڵە، لەبەرچاو خەڵک بکرێت بە (ڕاستیەکی ون).

*مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی

# پێشنیاز بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو ڕێگری لە هێزی تەزویرچی



هادی ئەمین

لە ڕۆژی (٢٣)و (٢٥)ی مانگی ڕابردوودا لەهەرێمی کوردستان هەڵبژاردن کرا بۆ دیاریکردنی پەرلەمانی داهاتووی کوردستان‌و سەرۆکی هەرێم، ئەو هەڵبژاردنە چەندین گلەیی‌و سکاڵای بەدوای خۆیدا هێنا، بۆئەوەی ئەو سکاڵایانە دووبارەنەبنەوە پێویستە هەموو لیستەکان جەختبکەنەوە لەسەر چاککردنی ئەو کەموکوڕییانەی کە ڕوویاندا.

لێرەدا هەندێک لەو جومگانەی پرۆسەکە دیاریدەکەم کە بەڕای من پێویستە وردەکاریی‌و چاکسازییان تیادابکرێت، لەوانەش وەک:

١- هەوڵی تەواوو یەکلاکەرەوە بدرێت لە زانیاری ناوی دەنگدەراندا، بەوردی ئەو تۆمارە دیارییبکرێت لەپێش ڕۆژی هەڵبژاردن‌و بەهیچ جۆرێک ڕێگە بەفۆڕمی زەردو ئیزافەکردنی ناو نەدرێت لە ڕۆژی هەڵبژاردندا، بەڕاستی هێشتنەوەی ئەو ئیزافەکردنە دەروازەیەکی باشە بۆئەوەی ئەو لیستانەی بەنیازی تەزویرن لەو ڕێگەیەوە تەزویری خۆیان بکەن، دەبێت لیستەکان ئەمە بکەنە مەرجێکی سەرەکی بەسەر کۆمسیۆنەوە، چونکە کاری کۆمسیۆنە پرۆسەکە بە باشی بەڕێوەبەرێت‌و لێی قبولنەکەن ئەو دەروازەیە بکاتەوە، تەنانەت بەئیزافەکردنی یەک دەنگیش.

کاری کۆمسیۆنە هەموو ناوەکان ئامادەبکات، نەک ڕۆژی دەنگدان دەستبکات بە ئیزافەکردنی ناو، بۆئەوەی ئەوە دووبارەنەبێتەوە دەتوانرێت چەندین شێوە چارەسەر بگیرێتەبەر، بۆ نموونە ئەندامانی کۆمسیۆن لە کاتی تازەکردنەوەی ناوی دەنگدەراندا دەتوانن سەردانی ماڵەکان بکەن، یان ئالییەتێکی دیکە بگرنەبەر.

٢- هەوڵی تەواوو یەکلاکەرەوە بدرێت بۆئەوەی ناوی هێزەکانی ناوخۆ لە لیستی تۆماری گشتیی دەنگدەران بهێنرێتە دەرەوە، هێشتنەوەی چەند ناوێک دەروازە خۆشکردنە بۆ تەزویرو دووبارە دەنگدانەوە، ئەمجارە نابێت قەوارەو لیستەکان قبوڵی بکەن لە کۆمسیۆن بڵێت (٢٦) هەزار کەس لە هێزەکانی ناوخۆ ناویان لە دەنگدانی تایبەتدا نییە، بەڵکو دەبێت جەختبکەنەوە لە کۆمسیۆن کە تەنیا یەک ناویش لەیادنەکەن.

٣- هەوڵی تەواوو یەکلاکەرەوە بدرێت بۆ تاقیکردنەوەی مەرەکەبی پەنجەمۆرکردن لەپێش هەڵبژاردن ئەویش لەبەر چاوی قەوارەو لیستەکان، بەجۆرێک هەمووان دڵنیابن لەوەی کە مەرەکەبەکە مەرەکەبێکی ئەسلییەو گەندەڵیی تیادا نەکراوە، هەروەها زۆر زەرورە چاودێرەکان لە ڕۆژی دەنگداندا تاقیکردنەوە بکەن بۆ مەرەکەبەکە، تا بۆیان دەرکەوێت ئایا بەئاسانی لێدەبێتەوە یان نا.

٤- قەوارەو لیستە بەشداربووەکان هەوڵی تەواوو یەکلاکەرەوە بدەن بۆئەوەی بۆیان ڕوونبێتەوە کە ئەندامانی کۆمسیۆن بێلایەنن، یان ژێربەژێر پەیوەندییان لەگەڵ لیستێک هەیەو کاری بۆدەکەن، ئەگەر لیستەکان دڵنیانەبوون لەوە، ئەوا با بەشداریی نەکەن لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا تا ئەندامە مونحازەکان لادەدرێن، بۆنموونە لەهەرلبژاردنی (٧/٢٥) چەندین بەڕێوبەری وێستگە سەر بە حیزبی دەسەڵاتدار بوون، بۆیە لیستەکان دەبێت بەدواداچوون بکەن بۆ چۆنێتی دانانی ئەو بەڕێوەبەرانە، بەدواداچوون بکەن بۆئەوەی بزانن چەندیان سەر بەحیزبی فلان‌و فیسارن، ئەگەر ڕێژەکە زۆر بوو، ئەوا بایکۆتی هەڵبژاردنەکە بکەن.

٥- زۆر زەرورە ئالییەتێک دابنرێت بۆئەوەی بزانرێت بەڕێوەبەری وێستگەکە بە ئەمانەتەوە سەح دەدات لەو لیستەی کە کەسە نەخوێندەوارەکان دەیانەوێت، ئەگەر ئالییەتێک هەیە دەبێت بۆ هەمووان ڕوونبکرێتەوە، چونکە ڕێژەیەک نەخوێندەوار هەیە لە وڵاتەکەمانداو لە کاتێکدا بەڕێوەبەری وێستگەش سەحیان بۆ لێدەدا هیچ چاودێرێکی بەسەرەوە نییە.

دەکرێت کەسە نەخوێندەوارەکە دوای ئەوەی بەڕێوەبەرەکە سەح لە فۆڕمەکەی دەدات بە نوێنەرێکی بێلایەن بڵێت کە ئایا ئەو لیستەی بۆ هەڵبژاردووە یان نا، یان ئالییەتێکی باشتر دابنرێت.

٦- زۆر زەرورە لە هەموو وێستگەیەکدا بە بەردەوامیی نوێنەری قەوارەکان‌و چاودێرانی بێلایەن هەبن‌و لە کۆتاییشدا ئیمزا لەسەر فۆڕمی کۆتایی دەنگەکانی سندوقەکە بکەن.

٧- وەک چاودێرێک لە هەڵبژاردنی (٧/٢٥) بەشداربووم، ئەوەی تێبینیم دەکرد ئەوەبوو کە ئەو کارمەندەی کۆمسیۆن کە فۆڕمی دەنگدانی دەدا بە هاوڵاتیان، ئیرشادی هاوڵاتییەکەی نەدەکردو ئەو پەیامەی پێ نەدەدا، کە تۆ ئازادییت دەنگ بە چ لیستێک دەدەیت، زۆر زەرورە ئەو پەیامە بە یەکەیەکەی دەنگدەران بوترێت لەکاتی پێدانی فۆڕمی دەنگداندا.

٨- ڕێگەنەدرێت بە هەڵواسینی شتێک کە شێوەی بانگەشەی هەبێت، بۆنموونە لەهەڵبژاردنی (٧/٢٥) لەهەندێک وێستگە نوێنەرەکانی لیستی کوردستانی پەتی باجەکانیان گۆڕی بوو بە زەردو سەوز، کە خۆی لە بنەڕەتدا ئەوەی کۆمیسۆن دیارە ڕەنگی چۆنە.


٩- سەرپەرشتیارانی کۆمسیۆن لە بنکەکاندا ئیجرائات وەربگرن بۆ ئەو لادانانەی کە ڕوودەدەن، بۆ نموونە هەر لە هەڵواسینی پەتی زەردو سەوزدا دوای ئەوەی تیمی کۆمسیۆنم ئاگادارکرد، بەڵام هیچ هەڵوێستێکیان نەبوو.

١٠- بەڕاستی دەبێت لیستەکان ئەوە بکەنە مەرج بەسەر کۆمسیۆنەوە، کە کاتژمێری دەنگدان زیادنەکات لە ڕۆژی دەنگداناو ئیجرائاتە پێویستەکان بۆ ئەوە بگیرێتەبەر، بۆ نموونە کۆمسیۆن دەتوانێت بانگەوازی بەرفراوان بکات لە پێش هەڵبژاردن‌و بۆ هەموو هاوڵاتیان ڕوونبکاتەوەو جەختبکاتەوە لەوەی کە کاتی دەنگدان دیاریکراوەو بەهیچ جۆرێک درێژناکرێتەوە، ئەوەی درەنگ‌بکەوێت مافی دەنگدانی دەفەوتێت. ئەویش لەبەرئەوەی ڕێبگیرێت لە هێزی تەزویرچی.

Hadi.ameen@yahoo.com

# ئەگەر سزای دەمانچەیەک ئەوەندە بێت!

هاوار شێخ ڕەوف



(زیندانییەک، کە پۆلیس بووە لەسەر فرۆشتنی دەمانچەکەی ساڵێک‌و شەش مانگ بەندکراوە، دواتر چوار مانگ‌و نیوی دیکەیان بۆ نوێکردووەتەوە، (١١) مانگە حوکمەکەی تەواو کردووە، بەڵام ئازاد ناکرێت).

ئەمەی سەرەوە چەند دێڕێکە لە بەشی کۆتایی پەرەگرافی یەکەمی بابەتێک کە لە لاپەڕە (٢٠)ی ژمارە (١٦)ی گۆڤاری ڕێگادا بڵاوبووەتەوە.

ڕاستییەکەی کە ئەمەم بەرچاو کەوت ڕاستەو ڕاست خەیاڵم بۆ بابەتێک چوو، کە زۆر دوورە لەم باسەوە، بابەتێکی تەندروستیی، بۆچی ڕۆژ بەڕۆژ ڕێژەی ئەوانەی جەڵتەی دڵ تووشیان دەبێت لە زۆر بووندایە؟!

بەڵێ زۆر دڵنیاین لەوەی یەکێک لە هۆکارەکان، ئەمجۆرە بابەت‌و باسانەیە کە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان دەیوروژێنن!!! چی ویژدانێکی زیندوو هەیە لە بابەتی ئەم باسانەی بەرچاوبکەوێت‌و کوڵی خەفەت نەخوات.

ئای خودایە ئێمە لەچ هەرێمێکی سەیرو سەمەرەدا ژیان دەگوزەرێنین، ژیان لێرە چ مەهزەلەیەکی بێ سەرووبەرەیە.

زیندان‌و حاکم‌و مەحکەمەو پۆلیس‌و یاسا، هەر هەموو لە پێناوی بەدیهێنان‌و چەسپاندنی دادپەروەریدا هەن، کەچی تەنیا بە گواستنەوەی ئاراستەی سەیرکردنت بۆ مانشێت‌و دەستپێکی هەمان لاپەڕە، دەزانی لێرە چ ناعەدالەتییەک دەگوزەرێ.

ئایا ئەم پۆلیسە تاوانبارە؟

- بەڵێ.

- بۆچی؟

- چونکە دەمانچەیەکی فرۆشتووە.

ڕاستە کاکی پۆلیس ئەم تاوانەی کردووە، بەڵام بۆ دەبێ لە ئەم عیبرەت‌و لە خەڵک عادەت بێ، خیانەتکردنە لە کارو پیشە، دەستبردنە بۆ موڵکی گشتی، بەڵام ئەو تەنیا تاوانکارو خیانەتکار نیە، بۆ ئەو هەموو خیانەتە لە پیشە گەورەکان‌و ئەو سوێندانەی خوران‌و پێوەی پابەند نەبوون، بۆ ئەو هەموو دەستبردنە زەبەلاحە بۆ موڵکی گشتیی، بۆ لێپرسینەوەو زیندانیی کردن نییە. یان دروست ڕەوشی حوکمڕانی‌و یاسا لە کوردستان وەها بووە کە یاسا دوای جاڵجاڵۆکە بووەو تەنیا تاوانبارە بچووکەکانی گرتووە.

«««

ئــەوەی لیستی گـۆڕانـیـش لەسەر دەرخستنی واقیعی ئێستاو جوانکردنی داهـاتـوو ئیشیان دەکـــرد، بــەڵام بەبێ وەرگرتنی هەڵوێستێکی روون دەرهەق بە رابوردوو، هەمان شێوە ئامادەگییەکی روونی دەرخست بۆ لەبیربردنەوەی رابـوردوو، بۆ فەرامۆشکردنی، بۆ هەڵنەیانەوەی لاپەڕەکانی. واتە بە گشتی ڕێکەوتنێکی نهێنی بۆ لەبیرکردنی رابـوردوو هەیە، بۆ سەرەتاتکێ لەگەڵیدا، بۆ دەرنەخستنی بە روونی، بۆ لەبیربردنەوەی، بۆ بەکارهێنانی وەک کارتێکی فشار کە هەرگیز ئاشکرا ناکرێت «چونکە هێندەی ئاشکرا کرا هێزو سیحری بەتاڵ دەبێتەوە». بە بۆچوونی من مێژوو بەوە دروست ناکرێت کە لەبیری ببەینەوە، بەڵکو مێژوو تەنیا کاتێک دەگۆڕێت کە هەمیشە لە یادمان بێت، رابوردوو دەبێت لەوە بکەوێت کارتێکی فشاربێت، دەبێت لەوە بکەوێت گۆڕەپانی تۆڵە بێت، دەبێت ببێت بەو جێگەیەی لە ڕێگەیەوە لەو شتانە تێبگەین کە نابێت دووبارەببنەوە. رەنگە تەنیا لە ئاستێکی رەمزیو بچوکدا بتوانین تۆڵە لە گوناهەکانی رابوردوو بکەینەوە، بەڵام لە ئاستی واقیعدا دەتوانین نەهێڵین دووبارەببنەوە. ئەم پرۆسە ترسناکەی چەپاندنی رابوردوو، کە ئێستا تیا دەژین بەرەو دووبارەکردنەوەی رابوردوومان دەبات، نەوەک لەیادکردنی. رابـوردوو چەندە ناشیرینو ترسناک بێت دەبێت بێتەوە دەرێ، درەنگ یان زووش هەر دێتەوە دەرێ، بکەرەکانی زیندووبن یان مردوو هەر دێتەوە دەرێ، لە یەک شێوەشدا نایەتە دەرێ، بەشێوەی جۆراوجۆرو بە فۆرمی جۆراوجۆر دەگەڕێتەوە سەر شانۆ، گەر لە ژێر دەمامکەکانیشەوە بووە هەر دێتەوە دەرێ، تەنیا لە پێناوی خۆیو لەبەر خۆی نایەتە دەرێ، بەڵکو لەپێناوی داهاتوو و لەبەر نەوەکانی دی دێتە دەرێ.

ئەم فۆبیا ترسناکە دەرهەق بە رابوردوو، هاوشانی فۆبیایەکی دیکە دەرهەق بەداهاتوو. ئێمە لە چرکەساتێکدا دەژین کە دوامان ترسو لەیادکردنو چەپاندنە، پێشیشمان تاریکیو نادیارییو لێڵییە، ئەم تاریکییە وەک گووتم تاریکییەکی نوێیە کە چاومان پێی رانەهاتووە. زاراوەی گۆڕان تا ئەندازەیەک ماناو هێزو ستراتیژی داشەکانی دەستکاریکرد ... کەس بە دروستی نازانێت سبەینێ خۆیو هێزو بڕواکانی لە کویادا دەبن، هەموو هەنگاوێکی نوێ هەنگاوە بۆ ناو تاریکی. بۆیە زۆربەی هێزگەلە سیاسییەکانی ئێمە چەندە ترسیان لە رابـوردوو هەیە، ئەوەندەش ترسیان لە داهاتوو هەیە. لێرەدا ئەوەی دەمێنێتەوە ئێستایە. دیلکردنو گەمارۆدانو ئابلۆقەدانی شتەکانە لە ئێستادا، هەوڵدانی ئەوەی وا لە مێژوو بکەیت، لە ئێستادا بچەقێت، لێرەدا بوەستێت، لە پنتێکدا بە دەوری خۆیدا بسوڕێتەوە، دووبــارە قۆناغێکی دوورو درێژی بۆشایی دروستبکەین، کە تیایدا هەر هێزەو شورایەکی قایم بە دەوری خۆیدا بکێشێت، هەر هێزەو سەرکەوتنو دۆڕانی خۆی لە جێگەیەکدا رابگرێتو بوەستێت. ئەمە ئەو ساتەیە کە تیایدا ئیشکردنەوە بە دوالیزمە رەهـاو کۆنەکان دەتوانن کارابن. بەوەدا یارییەکانو ستراتیژەکان تەنیا لە سنووری ئێستادا گیریانخواردووە، هەموو لە رابوردوو و داهاتوو دەترسن، پاڵنان بە خۆپاراستنەوە تا دوا سنوورەکانی، بەرگریکردن لە خودو جیاکردنەوەیو قایمکردنی تاکە میکانیزمێکی ئاسانو بەردەستە کە هێزەکان بیگرنە بەر. ئەمە پاڵ بە زۆربەی هێزەکانەوە دەنێت بە شـورای قایمو لەڕێگەی توندکردنەوەی گوتاری تایبەتیو خزانی زیاترو زیاتر بۆ نـاوەوە بەرگری لە خۆیان بکەن. ئەم میکانیزمە لای هەموو هێزەکان دەردەکەوێت، بەڵام لەمڕۆدا لە هەمووان زیاتر لای یەکێتی نیشتیمانی زەقبۆتەوە، کە وەڵامـی ئەو دەرەنجامانەی هەڵبژاردن بەوە دەداتەوە گوتارێکی دۆگماییو تـونـدڕەو پیادە بکات، پتر کەسانی شەڕانگێز بخاتە سەر دەزگاکانی راگەیاندنو خەڵکانی میانەڕەو لە خۆی دووربخاتەوە، پـرۆژەی خەیاڵی بۆ دروستکردنەوەی یەکێتی دابڕێژێت، پتر بخزێتەوە ناوخۆی، پتر سیستمی سزا بەکاربهێنێت، پتر ئەوەی کە ماوە شورای بۆ دروستبکات. خودی ئەم دۆخە دینەمۆی سەرەکی بەرهەمهێنانەوەی ئەو دوالیزمە کلاسیکییە کوشندەیەیە، دوالیزمی «یاریت یاخود نەیار» «لەگەڵمدایت یاخود دوژمنیت» «لایەنداری یان بێلایەن» «مەبەستت من بوو یان ئەوانی دی» «لای من دەنووسیت یان لای دوژمن» «لەمبەریت یان لەوبەر». ئەوەی بخزێتە پشت شوراکانەوە ناتوانێت بەم عەقڵییەتە بیرنەکاتەوە... ئەمجۆرە دابەشکردنانە کۆڵەکە گەورەکانی عەقڵی ئایدۆلۆژیو تاریکستانی سیاسی ئێمەیان دروستکردووە. ئەم رستانە وادەکات ئەوانەی مەکینەی ئایدۆلۆژی حیزب هەڵدەسوڕێنن، تێنەگەن تۆ دەڵێیت چی، ئەوە نەخوێننەوە کە دەنووسرێت، ئەوە نەبینن کە هەیە، ئەوە راڤە نەکەن کە گوتراوەو تەنیا دوای وڕێنە ئایدۆلۆژییەکانی خۆیان بکەون. لێرەوەیە دەبێت دووبارە پێ لەسەر ئەوە دابگرمەوە کـە دەرنـــەچـــوون لــەم دوالـیـزمــە مانای دووبارەکردنەوەی مێژوو، مانای گەڕانەوە بۆ فۆرمە دێرینەکان، مانای نوقمبوونەوە لە بۆشاییدا، مانای ئەوەی مێژوو سوڕێکی خواردو و لە هەمان جێگەدا وەستایەوە کە دەستی پێکردبوو.

تەنیا ڕێگە بۆ دەرچوون لەم دوالیزمە ئەوەیە، کە جیاوازییەکان لەگەڵ دەسەڵاتدا لەیەک رەنگو فۆرمو جێگەو شوێنو پنتەوە هەڵنەقوڵێن، یەک مەرجەعییەتو یەک مانایان نەبێت، واتە تەسلیم بە رۆحی کوشندەی ئامێری دوالیزمەکە نەبین، نەچینە ناو مەکینەکەی، لۆژیکو دابەشکردنەکەی قەبوڵ نەکەین، کارێک بکەین هێزە ناڕازییەکان، گروپەکانی ئۆپۆزسیۆن، گەنجانی تووڕە، سیفەتی سیاسی مەسەلەکانیان لە دەرەوەی لۆژیکی دوالیزمەکەو دژ بەو لۆژیکە دابڕێژن. لەسەر داواکارییەکانو سیفەتی سیاسی داواکارییەکان رابوەستن، بێ ئەوەی بهێڵن کە ئەم داواکاریانە بخزێنرێتە ناو جوغزێکی بچوکی ئامێری دوالیزمەکەوە... خودی داواکـانو خاوەن داواکـان ببن بە بکەری سەرەکی، نـەوەک ئەبستراکتی سیاسی داواکان ببنە بکەری سەرەکی، گوتارەکان ببن بە گەمەکەری گەورە نەوەک ئەبستراکتی سیاسی گوتارەکان.

سیاسەت لەیەک کاتدا دەتوانێت لەو دوالیزمە دۆزەخییە دەرچێت، کە هێزێک نەبێت خۆی بە نوێنەری ئەبستراکتی هەمووومان یان زۆربەمان بزانێت، بەڵکو هێزێک هەبێت کەرەستەی بەرجەستەبوونو هاتنە زمانو دەرکەوتنی کۆنکرێتیانەی جیاوازییەکانو داواکـانو هاوارەکان بێت، هێزێک نەبێت تەنیا خەریکی قایمکردنی جێ پێی خۆی بێت لە ململانێی سیاسیدا، بەڵکو هێزێک بێت خەریکی بەرجەستەکردنو گەیاندنو جێکردنەوەی داواکارییەکانی خەڵکانی خوارەوە بێت لە ناو فەزای گشتیدا. هێزێک نەبێت ئەوەمان لەبیربەرێتەوە کە لەواقیعدا روودەدات، بەڵکو کۆمەکمانبکات رووی راستەقینەی دابەشبوونەکان، بەلاوەنانەکان، فەرامۆشکردنەکان ببینین.

٥. کێشەی هەرە گەورەی کۆمەڵگەی ئێمە کێشەی گەندەڵی نییە، کێشەی لاوازی پەرلەمان نییە، کێشەی بچوکی مەودای ئازادییەکان نییە. بەڵکو کێشەیەکی قووڵترو بونیادیترو گەورەترە، کە بە فۆڕمی «حیزب ـ کۆمپانیا» ـ یا ناویدەبەم. دەڵێم «فۆڕم» ... چونکە پێموایە ناوەڕۆکی راستەقینەی ئەم پێکهاتە چینێکی باڵاتر دەستنیشانیدەکات کە چینی ئەرستۆکراتییەتی نوێیە. ئەوەی پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی دونیای ئێمەی تەواو ئیفلیجکردووە ئەم فۆڕمە تازەیەیە.

سیفەتی سەرەکی لیبراڵیزم جیاکردنەوەی کایەی سیاسیو ئابوورییە لە یەک، دیارە ئەم جیاکردنەوەیە لە وڵاتە خۆرئاواییەکانیشدا پڕە لە ناکۆکیو کێشەی گـەورە، بەڵام خودی ئەم جیاکارییە کارێک دەکات قەیرانی سیاسیو کێشەکانی ناو کایەی سیاسی بە جۆرێکی راستەوخۆو ئۆتۆماتیک نەبن بە قەیرانی ئابووری، واتە گرفتی نوخبە سیاسییەکان راستەوخۆ ئیشکردنی بازاڕ نەخەنە بەر مەترسییەوە، لە لیبراڵیزمدا قەیرانی سیاسی راستەوخۆ نابێت بە قەیرانی ئابووری و قەیرانی ئابووریش راستەوخۆ نابێت بە قەیرانی سیاسی. لیبراڵیزم جۆرە مۆدێلێکی حوکمە کە دەشێت تووشی قەیرانی ئابووری بێت، بێ ئەوەی دەزگا سیاسییەکانی تووشی قەیرانی گەورە ببن، یان بە پێچەوانەوە دەشێت تووشی قەیرانی سیاسی ببێت، بێ ئەوەی بونیادی ئابووریان بکەوێتە مەترسییەوە. بـەڵام لە مۆدێلی حیزب کۆمپانیادا هەموو قەیرانێکی ئابووری راستەوخۆ یان پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەیە یان کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر سیاسەت دەبێت، ئیدی هەموو گۆڕینێکی ئابووریو هەموو پرۆژەیەکی چاکسازی ئابووری چەندە بچوک بێت رووبـەڕووی رێگری سیاسی گەورە دەبێتەوە، هەموو قەیرانێکی سیاسیش دەرەنجامو دەرکەوتەی ترسناکی لەسەر کایەی ئابووری دەبێت. لەم مۆدێلەدا ناکرێت گۆڕانکاری لە بواری ئابووریدا روویـدات، چونکە قازانجەکانی نوخبەی سیاسی دەخاتە مەترسییەوە، ناشکرێت گۆڕان لە بواری سیاسیدا روویدات، چونکە دەسەڵاتی ئابووری ئەو نوخبەیە گرێدراوی دەسەڵاتێتی لە کایەی سیاسیدا، واتە دەکەوینە ناو بازنەیەکی داخراوەوە کە ئەگەری ریفۆرمو گۆڕانی لەسەرەخۆ تیایدا ئەستەمە.

کێشەی سەرەکی ئەم مۆدێلە ئەوەیە لەسەر ئیفلیجکردنی تەواوەتی کایەی سیاسیو ئابووری دەژی، هەموو هەڕەشەیەک لەسەر دەسەڵاتی سیاسی هەڕەشەشە لە دەسەڵاتە ئابوورییەکە، هەموو هەڕەشەیەکیش لە باڵادەستی ئابووری دەبێتە هەڕەشە لە دەسەڵاتی سیاسی، لێرەوە مانەوەی ئەم مۆدێلە بە ئیفلیجکردنو چەقبەستنی هەردوو کایەی سیاسیو ئابووریدا تێدەپەڕێت، بەسەر وێرانکردنی هەر دووکایەکەدا دەڕوات. ئیدی دەکرێت بە ئاسانی بڵێین، کە دواکەوتنی ئابووری کوردستانو بوونی بە ئابوورییەکی سەد دەر سەد وابەستە، لەگەڵ ئیفلیجی پەرلەمانو خەساندنی ئۆپۆزسیۆنو نەمانی ململانێی سیاسی چەند دیوێکی یەک دیـــاردەن، کە گۆڕینو چاکردنیان لە یـەک جیانابێتەوە. لـێـرەوە خەباتی سەرەکی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا خەباتە دژ بە مۆدێلی «حیزب ـ کۆمپانیا» کە فۆڕمێکی گەشەکردوو پێشکەوتووی فیوداڵیزمە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا فۆڕمێکی سەرەتاییو دواکەوتوو و پریمیتیڤی سەرمایەدارییەتە، ئەمە تەنیا فۆڕمی سیاسیو ئابوورییە کە ناتوانێت لەگەڵ دیموکراسییەتدا بژی. کێشەی ئەم سیستمە ئەوەیە کە دەیەوێت بەبێ ئەوەی فۆڕمە فیوداڵییەکە جێبهێڵێت، بچێتە ناو بازنەی گڵۆباڵیانەی جوڵەی سەرمایەشەوە. جوڵاندنی سەرمایە بەپێی ئەو ئەگەرانەی کە جوڵەی گڵۆباڵی سەرمایە رێگەی پێدەداتو هەوڵدان بۆ بوون بە بەشێک لەو جوڵەیەو وەرگرتنی هەندێک ئەتەکێتی رووکەشی ئەم سەرمایەدارێتییە لەلایەک دیوێکی گرنگی ئەم فۆڕمە «سیاسی ـ ئابورییـ»ـی ئێستا پێکدەهێنێت، بەڵام بەدیوێکی دیدا بەڕێوەبردنی دەزگاکان بە عەقڵی فیوداڵی، مامەڵەکردنی حیزب وەک بەشێک لە موڵکییەتی فیوداڵی، مامەڵەکردنی کۆی ئۆرگانە گرنگو ناگرنگەکانی کۆمەڵ وەک بەشێک لە سەرمایەی نوێی فیوداڵ، دیوی ئەو دیوی سیستمەکەن. بە مانایەکی دی «ئەرستۆکراتییەتی نوێی کـوردی»و فۆڕمی «حیزب ـ کۆمپانیا» لەسەر تێکەڵکردنی «فیوداڵیزمی سیاسی بە سەرمایەداری ئـابـووریـی» دەژی. ئـەمـە جـەوهــەرە ناکۆکەکەیەتی، کە وایکردووە گەیشتنو هێنانەدی فۆڕمی لیبراڵ دیموکراس یان سۆسیال دیموکراس وەک رەهەندی یۆتۆپی، وەک خەونی سیاسیو دیوی مەحاڵی ناو سیستمەکە دەربکەوێت. ئەو شەڕەی ئێستا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەیە، بەشێکی گرنگی شەڕی لادانـی کۆسپەکانی ناو سیستمی «فیوداڵیزمی فراوانە» لە پێناوی ئیشکردنی ئازادی سەرمایەدا، بۆ گەیشتن بەو جێگەیەی دەرگا بۆ فۆڕمە ئابوورییە لیبراڵەکە بکاتەوە، بەڵام شەڕێکی بێ ئەندازە سەختو نادیارو توندە، چونکە نوێنەرانی «فیوداڵیزمی فراوان» یاخودبکەرەسیاسییەکانی «ئەرستۆکراتییەتی نوێی کوردی» نە مەسەلەی ئاڵوگۆڕی ئازادی دەسەڵات لایان شیاوە، نە دیموکراتیزەکردنی حیزب لەلایەن مومکینە، نە بـازاڕی ئازاد لەلایان دەتوانێت کار بکات. بە کورتی لە سایەی ئەم مۆدێلەدا دیموکراسییەت مەحاڵە. مەحاڵی دیموکراسییەت بریتییە، لەو دۆخەی دەست بۆ هەر بەشێکی سیستمەکە ببەین، دەشێت بەرەو دۆخی لەیەکترازانو شەڕو وێرانکاریمان ببات، دۆخێکە گۆڕانکاری تەنیا بە کەناڵی شەڕی ناوخۆدا تێدەپەڕێت، دەشـێـت مـرۆڤ ئــەم شــەڕە دوابـخــات، لەسەرەخۆو رۆژ دوای رۆژ دووریبخاتەوە، بــەڵام هەمیشە وەک چەکێکی سەرەکی، وەک ئەگەرێکی گەورە، وەک هەڵبژاردنێکی گرنگی ناو گەمەکە لە فەنتازیاو خەیاڵی بکەرە سیاسییەکاندا دەمێنێتەوە. مەحاڵی دیموکراسییەت، ئەو دۆخەیە کە تیایدا هەر گۆڕانکارییەک دەشێت تەواوی سیستمەکە بخاتە مەترسییەوە. واتە سیستمەکە تەنیا لە دۆخی نەگۆڕاندا دەتوانێت بمێنێتەوە.

لێرەدا سیستم لە ڕێگەی دەزگاکانەوە نوێنەرایەتی ناکرێت، بەڵکو لە ڕێگەی کەسەکانەوە نوێنەرایەتی دەکرێت، لە ڕێگەی ئەرستۆکراتە نوێکانەوە. دەزگـا نوێکان شێوەی موڵکیەتی چەشنە فیوداڵیزمێکی نـوێ وەردەگـرن، کە فیوداڵەکانی تەنیا زەویو زارو گوندو رەزو بەراویان نییە، بەڵکو شوێنێکی نەگۆڕو هێزێکی نەگۆڕو پۆستێکی پلەداریان لە نـاو دەوڵـەتو سیستمی ئابووریو سیاسیدا هەیە. تەنیا سوپاو کۆشکو کارگەکانو خاڵەکانی گومرگو موڵکیەتی یانە وەرزشییەکانو موڵکییەتی ئوتێلەکانو موڵکییەتی کۆمپانیاکانی تەلەفونو کۆمپانیاکانی نەوتو کۆمپانیاکانی گەشتو گوزاریان نییە، بەڵکو موڵکییەتی بیرو هوشیاریو ویـژدانو مۆراڵی خەڵکیشیان هەیەو هەر خۆشیان خاوەنی دەزگاکانی راگەیاندنو رادیۆکانو تەلەفزیۆنەکانو کەناڵە ئاسمانییەکانو رۆژنامەو رۆژنامەنووسەکانو زانکۆو دادگاو دادەوەرەکانیشن. لێرەوە دەستکاری هەر یەک لەمانە وەک پرۆسەیەکی گۆڕانکاری سروشتی ناو دەزگا ئۆرگانییەکانی کۆمەڵگە ناکەوێتەوە، بەڵکو وەک پەلامارێکی گەورەی لێدێت بۆ سەر موڵکو ماڵی فیوداڵێک لە فیوداڵەکان. ئیدی هەتا ریفۆرم لە لیژنەی ئۆلۆمپییدایان سەرکردایەتی یانەیەکی وەرزش یان دامەزراندنی سەندیکایەک بۆ دەلاکەکان یان دانانی ئەنجومەنێک بۆ سەوزەفرۆشان، دەگۆڕێت بۆ شەڕ لەگەڵ بارۆنێکدا کە ئەویش کۆمەڵێک بارۆنی دیکەی لە پشتە. مەحاڵی دیموکراسییەت ئەم دۆخە دروستیکردووە، کە تێیدا لەدەستدانی هەر خانەیەک لە خانەکانو فۆڕمێک لە فۆڕمەکانی دەسەڵات دەبێتە هەڕەشەیەکی رەمزی بۆ سەر شکۆی کۆی سیستمە پەتریارکیو فیوداڵ رەنگەکە. ئەم «مەحاڵبوون»ـە کێشەی سەرەکی ئێمەیە. ژیانی سیاسی ئێمە لە جەوهەردا، لە قووڵاییدا لەسەر ئەم مەحاڵی دیموکراسییەتە دروستبووە... کۆی ژیانی کۆمەڵایەتیو ئاواتو خەونی مێژوویمان لەسەر مەحاڵێکی گــەورە بـونـیـادنـراوە، لـێـرەشـەوە کۆی دەرکەوتەکانی دی، وەک لاوازی پەرلەمان، وەک گەندەڵی، تەنیا دیاردەی ئەم مەحاڵەن، دیوی دەرەکیو دەرکەوتەی لاوەکی ئەون. پەرلەمان تەنیا لەبەر ئەوە لاواز نییە، کە پەرلەمانتارەکان باش نین، بەڵکو لەبەر ئەوەشە کە ئیشکردنی سیستمەکە بە ناو هێزو بریارو یاساکانی ئەواندا نـاڕوات. گەندەڵی لەبەر ئەوە سەروەر نییە، چونکە کەسانێکی دەروون لاوازو تەماحکار هەن کە ئەخلاقیان نییەو تێر ناخۆن، بەڵکو لەبەر ئەوەی سەرمایە لە پاڵ فۆڕمی فیوداڵیدا، لە پاڵ نەبوونی دیموکراسییەتی سیاسیدا تەنیا بەو جۆرە دەتوانێت ئیشبکاتو هەبێتو بژی. گەندەڵی مۆراڵی سروشتی سەرمایەدارییەتە هەر کات بکەوێتە بندەست فۆڕمێکەوە لە فۆڕمەکانی فیوداڵیزمی سیاسییەوە. بۆ ئـەوەی ئەم مەحاڵە دەرنەکەوێت، خۆی بشارێتەوە، لەبیربچێتەوە، دەبێت دوالیزمێکی گەورە دروستبکرێت کە لە ڕێگەیەوە سیستم بتوانێت هەموو ناکۆکییە گەورەکانی ناوخۆی کورتبکاتەوە بۆ یەک ناکۆکی سیاسی گەورە، هەموو ئەگەرە دژەکان «کە دەشێت مەحاڵی دیموکراسییەت قۆناغ دوای قۆناغ گەورەترو گەورەتریان بکات» گەمارۆ بدرێنو لەیەک فۆڕمو یەک شێوە شوناسو یەک دەنگدا کورتبکرێنەوە. مەحاڵی دیموکراسییەت وادەکات، بەردەوام دوژمنێک هەبێت کە وا وێنا دەکرێت، توانای پێکەوەژیانی دیموکراسی لەگەڵیدا کاری نەکردەیە. دەبێت ئەوانی دی وا وێنا بکرێن، کە شوناسێکیان هەیە، نەیارو دوژمنە. بە کورتی ئەوە «مەحاڵبوونی دیموکراسییەت»ـە کە دوژمن دروستدەکات، نەوەکو دەرکەوتنی دوژمن بێت مەحاڵی دیموکراسی دروستبکات. ئەوانەی رەخنە لەم سیستمە دەگـرن دوژمــن نین، بەڵام لەبەر ئەوەی دیموکراسییەت لە ناو خودی سیستمەکەدا مەحاڵە، دەبێت بکرێنە دوژمن، دەبێت لە قاڵبی دوژمنو شێوەی دوژمندا وێنا بکرێن، دەبێت وەک لایەنێکی ناو دوالیزمێکی گەورە بخرێنەڕوو، تا مەترسییان بۆ سەر کۆی سیستمەکە لە جێگەیەکدا رابگیرێت. خودی ئەم مەحاڵە دۆخێک دەخولقێنێت، کە پیشەسازی دروستکردنی دوژمنە. بە هۆی هێزو گەورەیی ئەم مەحاڵەوە، سیاسی کورد بۆتە هونەرمەندێکی گەورەی دروستکردنی دوژمن، ئایدۆلۆژیستەکانی سیستم بوونەتە دکتۆری گەڕۆک کە کوناوکونی کۆمەڵگە بەدوای دوژمندا دەگەڕێن، ئیدی هەندێک بە شێت لە قەڵەم دەدرێـــن، هەندێک لە کار دەردەکرێن، هەندێک دەکرێنە خائین، رۆشنبیرانێکیش کە دەوێرن بیر لە جەوهەری سیستمەکە بکەنەوە، بە تەرەفدارو خاوەن لایەن وێنا دەکرێن، چونکە بێلایەنی لای دەزگاکانی سیستم ئەوەیە بیر نەکەیتەوە، گەر بیرشت کردەوە بۆ ئەو بیر بکەیتەوە، چونکە لە فەرهەنگی نەنوسراوی ئەودا هەموومان موڵکی فیوداڵین، بیرکردنەوەشمان دەبێت ئەو موڵکدارییە بسەلمێنێت... ئیدی رۆڵی ئەم دوالیزمەش ئەوەیە کە هەموو دوژمنەکان لەیەک بەرەداو لە یەک لادا کۆبکرێنەوە... هەموو پێکرا یەک شوناسمان بەسەردا بسەپێنرێت، چونکە تەنیا لەم دۆخەدا، مەحاڵی دیموکراسییەت دەتوانێت خۆی لە ژێر پەردەی شەڕی دیموکراسییەتدا بشارێتەوە.

**ئەوەی دەیەوێت هەموومان بخزێنێتە ناو دابەشکردنە زۆرکارییەکەی خۆیەوە، هەموومان بچینە ناو دابەشکردنو خانەسازییەکەی ئەوەوە، کەسێکە ناتوانێت لەوە تێبگات، کە چارەسەری گەورە ئەوەیە ئەو خۆی لەم عەقڵییەتی دابەشکردنە دینییە پاک بکاتەوە، ئەو سیستمی بیرکردنەوەی خۆی بگۆڕێت، ئەو تێبگات کە ئەم دابەشکردنە موتڵەقەی ئەمڕۆ پیادەی دەکات، درێژکردنەوەی ئەو دابەشکردنە کۆنەیە، کە لە نێوان «کافرو ئیماندار» «پرۆلیتاریاو بۆرژوازی» «جەلالیو مەلایی» «کوردستانیو عێراقی» «پارتیو یەکێتی»دا هەبوو، کە هەموویان یەک لەدوای یەک هەرەسیان هێنا**

# اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراراته برد الشكاوى المدرجة تسلسلاتها في ادناه والخاصة بشكاوى الاقتراع الخاص والعام وذلك للاسباب الآتية :

١-عدم استيفاء الشروط الشكلية .

٢-عدم كفاية الادلة .

٣-الفعل لايشكل مخالفة انتخابية .

قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر

. مجلس المفوضين

جمهورية العراق

المفوضية العليا المستقلة للانتخابات

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان

The Independent High Electoral Commission

دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان

هيئة انتخابات اقليم كوردستان

| ت | الرقم التسلسلي للشكاوى | المحافظة | رقم مركز الاقتراع | رقم المحطة | نوع التصويت | ت | الرقم التسلسلي للشكاوى | المحافظة | رقم مركز الاقتراع | رقم المحطة | نوع التصويت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 503361 | اربيل | 221015 | | خاص | 208 | 409582 | اربيل | 215001 | 6 | عام |
| 2 | 501001 | اربيل | 224013 | 1 | خاص | 209 | 402688 | اربيل | 208002 | 3 | عام |
| 3 | 501002 | اربيل | 224013 | 1 | خاص | 210 | 401855 | اربيل | 208002 | 3 | عام |
| 4 | 501003 | اربيل | 224013 | 1 | خاص | 211 | 402694 | اربيل | 204008 | 1 | عام |
| 5 | 503541 | اربيل | 206017 | 1 | خاص | 212 | 402671 | اربيل | 223013 | 4 | عام |
| 6 | 503542 | اربيل | 206017 | 1 | خاص | 213 | 402686 | اربيل | 213017 | 1 | عام |
| 7 | 401861 | اربيل | | | عام | 214 | 402678 | اربيل | 207027 | 4 | عام |
| 8 | 403601 | اربيل | 21002 | 1 | عام | 215 | 402673 | اربيل | 226042 | 4 | عام |
| 9 | 405551 | اربيل | 211 | 3 + 4 | عام | 216 | 1028292 | اربيل | 203006 | 1 | عام |
| 10 | 411367 | اربيل | 205008 | | عام | 217 | 414111 | اربيل | 220008 | 1 | عام |
| 11 | 407414 | اربيل | 211009 | 4 | عام | 218 | 500451 | دهوك | 239016 | 3 | خاص |
| 12 | 403664 | اربيل | | 2 | عام | 219 | 431437 | دهوك | 235011 | 3 | عام |
| 13 | 403693 | اربيل | 211 | | عام | 220 | 500481 | دهوك | 238018 | 2 | خاص |
| 14 | 403603 | اربيل | 21002 | 1 | عام | 221 | 500482 | دهوك | 238018 | 2 | خاص |
| 15 | 403001 | اربيل | 210006 | 2 | عام | 222 | 500483 | دهوك | 238018 | 2 | خاص |
| 16 | 400214 | اربيل | 203 | | عام | 223 | 431822 | دهوك | 246003 | 3 | عام |
| 17 | 410911 | اربيل | 215 | 3 | عام | 224 | 431880 | دهوك | 238005 | | عام |
| 18 | 400216 | اربيل | 203031 | | عام | 225 | 432031 | دهوك | 238004 | 5 | عام |
| 19 | 413553 | اربيل | | 5 | عام | 226 | 432181 | دهوك | 231005 | 1 | عام |
| 20 | 414722 | اربيل | 222003 | | عام | 227 | 432571 | دهوك | 236006 | 3 | عام |
| 21 | 414729 | اربيل | 222003 | 2 | عام | 228 | 432572 | دهوك | 236006 | 3 | عام |
| 22 | 403692 | اربيل | 211006 | | عام | 229 | 432871 | دهوك | 235005 | 1 | عام |
| 23 | 413555 | اربيل | 222005 | 5 | عام | 230 | 432872 | دهوك | 350005 | 5 | عام |
| 24 | 404831 | اربيل | 224004 | | عام | 231 | 432873 | دهوك | 350005 | 2 | عام |
| 25 | 403662 | اربيل | | | عام | 232 | 432874 | دهوك | 235005 | | عام |
| 26 | 410913 | اربيل | | | عام | 233 | 432875 | دهوك | 350005 | 5 | عام |
| 27 | 411369 | اربيل | | | عام | 234 | 433261 | دهوك | 232001 | 5 | عام |
| 28 | 407418 | اربيل | | | عام | 235 | 433352 | دهوك | 239003 | 6 | عام |
| 29 | 407422 | اربيل | | | عام | 236 | 433943 | دهوك | 231004 | 3-4-5-7 | عام |
| 30 | 411604 | اربيل | | | عام | 237 | 434421 | دهوك | 236010 | 3 | عام |
| 31 | 413552 | اربيل | | | عام | 238 | 435201 | دهوك | 231 | 6 | عام |
| 32 | 413911 | اربيل | 221 | 1 | عام | 239 | 435231 | دهوك | 232016 | 1 +2+3+4+5+6 | عام |
| 33 | 410912 | اربيل | 215 | | عام | 240 | 435411 | دهوك | 232001 | | عام |
| 34 | 411932 | اربيل | 209002 | 3 | عام | 241 | 435413 | دهوك | 232001 | 5 | عام |
| 35 | 400215 | اربيل | | | عام | 242 | 435415 | دهوك | 232001 | 6 | عام |
| 36 | 401441 | اربيل | | 3 | عام | 243 | 435416 | دهوك | 232001 | | عام |
| 37 | 411605 | اربيل | 215009 | 4 | عام | 244 | 435421 | دهوك | 232001 | 6 | عام |
| 38 | 407421 | اربيل | 211009 | 4 | عام | 245 | 437001 | دهوك | 244002 | | عام |
| 39 | 411606 | اربيل | | | عام | 246 | 437422 | دهوك | 242010 | 1 | عام |
| 40 | 400213 | اربيل | | 6 | عام | 247 | 437541 | دهوك | 241012 | | عام |
| 41 | 40432 | اربيل | | | عام | 248 | 437542 | دهوك | | | عام |
| 42 | 403691 | اربيل | 211006 | 1 + 2 +3 | عام | 249 | 437961 | دهوك | 240007 | 1-2-3-4-5 | عام |
| 43 | 407411 | اربيل | 211009 | 4 | عام | 250 | 438717 | دهوك | 242005 | | عام |
| 44 | 403663 | اربيل | 211013 | 2 | عام | 251 | 438754 | دهوك | 240013 | | عام |
| 45 | 413554 | اربيل | | | عام | 252 | 1003676 | دهوك | 231001 | 1 | عام |
| 46 | 411368 | اربيل | 205008 | | عام | 253 | 1003956 | دهوك | | | عام |
| 47 | 407416 | اربيل | 211009 | 3 | عام | 254 | 1003980 | دهوك | 234012 | 1 | عام |
| 48 | 407417 | اربيل | 411009 | 2 | عام | 255 | 1003981 | دهوك | 236010 | | عام |
| 49 | 406811 | اربيل | | | عام | 256 | 434188 | دهوك | 232005 | 1-2-3-4-5-6 | عام |
| 50 | 406812 | اربيل | | | عام | 257 | 435412 | دهوك | 232001 | 3 | عام |
| 51 | 410523 | اربيل | | | عام | 258 | 435652 | دهوك | 231012 | 5 | عام |
| 52 | 403242 | اربيل | | | عام | 259 | 432035 | دهوك | 238004 | 5 | عام |
| 53 | 413311 | اربيل | 226070 | | عام | 260 | 435111 | دهوك | 231003 | 1 | عام |
| 54 | 405852 | اربيل | | | عام | 261 | 437662 | دهوك | 241005 | 1-2-3-4-5 | عام |
| 55 | 413135 | اربيل | | | عام | 262 | 432815 | دهوك | 235006 | | عام |
| 56 | 413134 | اربيل | | | عام | 263 | 437721 | دهوك | 4556154 | | عام |
| 57 | 400242 | اربيل | | | عام | 264 | 435682 | دهوك | 231007 | | عام |
| 58 | 400241 | اربيل | 223017 | | عام | 265 | 432939 | دهوك | 235009 | | عام |
| 59 | 400271 | اربيل | | | عام | 266 | 434189 | دهوك | 23005 | 1-2-3-4-5-6 | عام |
| 60 | 404113 | اربيل | | 1-2-3-4 | عام | 267 | 434183 | دهوك | 232005 | 6 | عام |
